# گوڵان

بیست و هەشتەم (١٢٩٢)- (٨)ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١



## ”من خزمەتکاری ئێوەم نەك هەر خۆم وەزیرەکانیش هەر خزمەتکاری ئێوەن“




www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی (عوسمان کەیمنەیی و سیاچەمانەی هەورامان) لە نووسینی مامۆستا دارا محەمەد عوسمان بە بەرگێکی قەشەنگەوە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، نووسەر بەشی یەکەمی کتێبەکەی بۆ ناساندنی هونەرمەند عوسمان کەیمنەیی وەك دەنگێکی ڕەسەنی هەورامان تەرخانکردووە، کە چۆن هونەرمەند کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئاو و هەواو سروشتی ڕەنگینی شنەبای نەسیمەوە، عیشقی پڕ جۆش و سۆزی دەروونی باوك و دایکی و خزمانی، هەر هەموویان گۆشکراوی سیاچەمانەی دینی پێش سەدان ساڵەی، ئەم مرۆڤەی پەروەردە کردووە، ئەم هونەرمەندە (وەك نووسەری کتێبەکە باسی دەکات) زۆربەی زۆری فۆلکلۆرو ئاوازەکانی سیاچەمانەی ئاهوڕایی لەبەرە، هەناسەی درێژی قوڕگی خاوێنی، عەشقی سەرەڕێی کانی، هاوار و ناڵەی سیاچەمانەی سەحەری، سەدا و ئەدای جوانی وای کردووە، عاشقانی دەنگی ئەم هونەرمەندە، سەحەر تا بەیان گوێیان بە دەنگی ئاوازی بزرنگێتەوە. هاوکات زیرەکیی ئەم هونەرمەندە لەوەدایە، هەر هونەرمەندێك گۆرانی لەگەڵ گوتبێت، ئەم بە خێرایی فێری ئاوازەکە بووەو و لەگەڵی گوتووەتەوە.

لە بەشەکانی دیکەدا نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە هونەرمەند گۆرانیی بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن چڕیوە، هەروەها شیعری فۆلکلۆری و شاعیرانی بە جیا گوتووە لە ئاوازەکانیدا، دواجار بیروڕاو بۆچوونی هونەرمەندانی بۆ ئەو هونەرمەندە باس کردووە.

پیرۆزبایی لە نووسەری کتێبەکە دارا محەمەد عوسمان دەکەین، کە بەم بەرهەمە وەفادارییەکی بەرچاوی بۆ زیندووکردنەوەو ناساندن و گرنگی پێدان بەم هونەرەی سیاچەمانەی هەورامانی نواندووە... سەکەوتوو بێت.



# چاپکراوی نوێ

کتێبی (حضارة التوحید استشراف المستقبل و اختراق جدار الزمن) له نووسینی (فتحي المدرس) بەم دواییه به زمانی عەرەبی به چاپێکی ناوازەوە کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە دانسقەیە ڕەنگدانەوەی هەوڵی بێ شوماری نووسەرە، له دەربڕینی ناوەرۆکی بابەتەکانی ناو کتێبەکە، سەرەتا نووسەری کتێبەکە باس له وشەی (توحید) دەکات که بابەتێکی گرنگەو زۆر مشتومڕی لەسەره له مێژووی ململانێ و کێشە فیکری و ئاینییەکان و ئەولەویاتێکه له کۆڕ و کۆبوونەوە و گرنگیدانی نێوان ڕۆشنبیر و پیاوانی ئایینی و سیاسەت و فیکر، به شێوەیەك که ئەم بابەتە لەوە دەرچووە که بابەتێکی بیروباوەڕ و فیکری و ئایینی بێت، بەڵکو بووەتە بابەتێکی سیاسی و تەنانەت سەربازی که زۆرجار به شەڕ و کوشتاری خوێناوی کۆتایی دێت.

ئەم کتێبە چەندین بابەت لەخۆدەگرێت لەوانە فەلسەفەی توێژینەوە یان توێژینەوە له فەلسەفە، یەکتاپەرستی و جوولەکە و پێغەمبەرانی نەوەکانی ئیسرائیل شانشینی سلێمان پێغەمبەر، پاراسایکۆلۆجیا و کەسایەتیی پێغەمبەر، کەسایەتیی جوولەکە له ئەدەبی ئینگلیزی و جوولەکەدا.. لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە. دەستخۆشی له نووسەری ئەم کتێبە دەکەین که بەم بەرهەمە توانیویەتی کەلێنێك له کتێبخانە پڕ بکاتەوە.



# چاپکراوی نوێ

(مۆسیقای مەرگی ناوەختە) ڕۆمانێکی تازە چاپکراوی ڕۆماننووس (سەڵاح جەلال)ە، هەر وەك ڕۆماننووس دەڵێت ئەم ڕۆمانە بۆ جاری چوارەم چاپکراوەتەوە، بە هۆی هەندێ هەڵەی فۆنت و لاپەڕە، پێویست بوو جارێکی دیکە چاپ بکرێتەوە، لەم چاپەدا سەڵاح جەلال گۆڕانکاریی کەمی لە وشەو پیتی زیادەو شتی لەم جۆرەی کردووە.

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا زۆر سەرکەوتوو بووە، بە تایبەتیش لە بەکارهێنانی وشەی پڕ واتاو دەستەواژەی زمانەوانیی ڕەسەنی کوردی، کە هەر ئەو وشەو دەستەواژانە بوونەتە هەوێنی سەکەوتنی ڕۆمانەکەو وا لە خوێنەر دەکات، بپەرژێتە سەر خوێندنەوەو سەرنجی هەست و ئارەزووی ئاوێتەبوونی بە ڕووداوو بەسەرهاتی ڕۆمانەکە بۆ خۆی ڕابکێشێت.( بەردو دارو درەخت و کێل و گڵ و خۆڵ و مەل و گیاندارو مێروو و سمۆرەو دڕك و گژوگیاو کانیاووو وشکایی و سەوزایی و سروەو شەپۆل و باو خەزان و گەڵاو گۆپکە و گوڵ و خونچە... تاد) ئەمانە بەشێکن لەو وشانەی کە تابلۆیەکی ڕازاوەی تەکنیك و دەوڵەمەندیی ڕۆماننووس لە وشەسازی پێك دەهێنن.

دەست خۆشی لە ڕۆماننووس (سەڵاح جەلال) دەکەین و بە هیوای بەرهەمی تازە..






دکتۆر بەشیر حەداد:



## هەمووان لە چاوەڕوانی ئەوەن سەرۆک بارزانی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەم تونێڵە تاریکەی ئێستا دەرباز بکات

فەریق جەمال ئیمینکی:

## داعش بە شێوازێکی نوێی چەکداری هێرش دەکات و دۆخەکە مەترسیدارتر دەبێت




ڕۆمیۆ هەکاری:

## ناکرێت کێشە و خزمەتگوزارییەکانی خەڵک بکرێنە قوربانیی ئاڵۆزییەکانی ناو پەرلەمان



ڕۆجەر پیتەرسۆن:

## ئیدارەی بایدن دەیەوێت لە هەر پابەندبوونێکی نوێ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی بەدوور بگرێت




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

ئایدن مەعرووف:



**وەزارەتی پێکهاتەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرجەستەی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانە**

خوسرەو جاف:



**من یەک کچم هەیە زۆر هاورێین و هیچ شتێکم لێ ناشارێتەوە و هەر کێشەیەکی هەبێت بۆم باس دەکات**



**ڤاکسینی کۆڤیدی فایزەر بۆ منداڵانی تەمەن ٥-١١ ساڵ**

**کاتژمێرێکی زیرەک تایبەت بە سەردەمی کۆرۆنا**



**لە ئەڵمانیا دوازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «هامبۆرگ» بەڕێوە چوو**




ئەسما عەلی:

**دانانی راهێنەری کەمئەزموون لە هەڵبژاردەی عێراقدا گەورەترین گرفتە**





### کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# حوکمڕانییەکی باش
# لە ناو قەوارەیەکی بچووکدا



کەمن ئەو توێژەرانەی هەوڵیان دابێت حوکمڕانی لە چوارچێوەی «فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو» دەربهێنن و، لە چوارچێوەی دوو تۆڕی کارلێکدا «حکومەت و خەڵك» دووبارە پێناسەی بکەنەوە، ئەمەش بەو مانایەی تیمی حکومەت خۆیان دەبنە تۆڕێك و خەڵك و هاووڵاتییش دەبنە تۆڕێك، کاتێك لە بەرەیەکەوە جووڵە دروست دەبێت و، لە بەرەکەی دیکە بە جووڵەیەك وەڵامدانەوە دەست پێ دەکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا حکومەت دەبێتە وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵك و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، لە بەرامبەریشدا خەڵك دەبنە پشت و پەنای حکومەتی خۆیان و بەمەش نەك هەر حاڵەتە تەقلیدییەکەی «فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو» دەگۆڕێت بۆ شتێکی جوانتر، کە جووڵەی هاوشانی خەڵك و حکومەتە، لە هەمانکاتدا دیاردەی نەشازی پۆپۆلیستی بە ڕێگەی ڕیسواکردنیان لەسەر سندوقی دەنگدان کۆتایی پێ دێت.

دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو خاڵی گرنگ دەستی پێ کرد، کە بریتی بوون لە:

١- ڕاگرتنی گەندەڵی لە شوێنی خۆیدا و بەجێهێشتنی لێپرسینەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا.

٢- پێداگری لەسەر دەرچوونی یاسای چاکسازی و دەستپێکردنی پرۆسەی چاکسازی بە یاسا.

بۆ ئاستەنگ دروستکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم دوو هەنگاوە گرنگە، جیا لە هاتنی پەتای کۆرۆنا و پەکخستنی توانا داراییەکانی حکومەت، لە هەمانکاتدا بانگەشەی پۆپۆلیستییانەش لە ناو ئەو حزبانەوە و بەشێکی ئەوانەی لە حکومەتیشدا بەشدار بوون بۆ شکستی کابینەی نۆیەم دەستی پێ کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوەختە لەسەر بنەمایەکی فیکری و پشت بە ئیرادەی گەلی کوردستان ئەم دوو خاڵەی کردبووە ئەولەوییەتی بەرنامەی حکومەتەکەی، ئەوا لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە زۆر زۆر سەخت بوو لە ڕووی دارایی و سیاسییەوە، بەڵام سەرئەنجام جووڵەکانی حکومەت بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی، ئیرادەی هاووڵاتیانی کردە پشت و پەنا، بۆ درێژەپێدان بە بەرنامەی حکومەت و سەرکەوتنی ئەو بەشە گرنگەی کە بۆ دوو ساڵی یەکەمی دانرابوون جێبەجێ بکرێن.

مسرور بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێکی لێهاتوو و بەئەزموون، گەیشتبووە قەناعەتی تەواو کە حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو، پێویستی بە ژێرخانێکی پتەوی هەماهەنگی و هاوکاریی جددیی نێوان تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کە دەبێت هەموو وەك یەك تیم و یەك جەستە تواناکان یەك بخەن و، پێکەوە شانی بدەنە بەر، بۆ ئەوەی بەرنامەی حکومەت بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکەن، لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا، ئەو ژێرخانە پتەوەی بۆ حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو بونیادی ناوە، پێمان دەڵێت:

١- ئێستا لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیراندا (وەزیرەکان) هیچ ڕۆژنامەنووسێکی ناوخۆیی و بیانی بەو جۆرە پێناسەی وەزیرێکی بە پاشکۆی حزبەکەی نەکردووە، هەروەها هاووڵاتیانیش لە میانەی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیاندا هەست ناکەن کام وەزیر پشکی کام حزبی سیاسییە، لەمەش جوانتر ئەوەیە، ئەدایەکی هاوسەنگ لە نیوان وەزارەتەکاندا دروست بووە، کە هەست ناکرێت کام وەزارەت پشکی کام حزبە.

٢- چەمکی بۆگەنی گەندەڵی کە باشترین چەکی دەستی پۆپۆلیستەکانە، ئەم ژێرخانە پتەوەی حوکمڕانیی کابینەی نۆیەم ئەو چەکەی لە دەستی پۆپۆلیستەکان دەرهێناوە، لەبەر ئەوەشی کابینەی نۆیەم بە پەنابردنە بەر یاسا ڕووبەڕووی پۆپۆلیستەکان دەبێتەوە، ئیستا کەس ناتوانێت حکومەت بە وەزارەتەکانیشەوە تێکەڵاوی گەندەڵی بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر گەندەڵی و بەڵگە هەبێت، حکومەت چاوپۆشیی لێ ناکات و، لە هەمانکاتدا ڕێگە بە چەواشەکاریی پۆپۆلیستەکانیش نادات.

٣- فراوانکردنی کەرتی وەبەرهێنان وەك کەرتێکی بەرهەمهێن و کردنی بە سەرچاوەیەك بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و بایەخدان بە کشتوکاڵ و پیشەسازیی کشتوکاڵ و پیشەسازیی

**جیا لە هاتنی پەتای کۆرۆنا و پەکخستنی توانا داراییەکانی حکومەت، لە هەمانکاتدا بانگەشەی پۆپۆلیستییانەش لە ناو ئەو حزبانەوە و بەشێکی ئەوانەی لە حکومەتیشدا بەشدار بوون بۆ شکستی کابینەی نۆیەم دەستی پێ کرد**

**سەرئەنجام جووڵەکانی حکومەت بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی، ئیرادەی هاووڵاتیانی کردە پشت و پەنا، بۆ درێژەپێدان بە بەرنامەی حکومەت و سەرکەوتنی ئەو بەشە گرنگەی کە بۆ دوو ساڵی یەکەمی دانرابوون جێبەجێ بکرێن**

**مسرور بارزانی وەک دەوڵەتمەدارێکی لێهاتوو و بەئەزموون، گەیشتبووە قەناعەتی تەواو کە حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو، پێویستی بە ژێرخانێکی پتەوی هەماهەنگی و هاوکاریی جددیی نێوان تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هەیە**

گەورە و مامناوەندی بچووك، ئەم هەنگاوانە ئومێدێکی گەشبینیی بۆ خەڵکی کوردستان بونیاد ناوە و، متمانەی بۆ وەبەرهێنان دروست کردووە، کە بە دەیان ملیار دۆلار لە کوردستاندا وەبەرهێنان بکەن.

٤- میتۆد و ئاراستەی حوکمڕانی لە کابینەی نۆیەمدا خەریکە وەرچەرخانێکی گەورە بەسەر ئائومێدیدا دەهێنێت و، چەکەرەی ئومێدێکی گەورە لە ناخی هەموو هاووڵاتییەکی کوردستاندا دەچێنێت و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پرۆژەی ستراتیژی و گەورەتر ڕادەگەیەنێت.

ئەم چەند خاڵە کەمەی لەو وەرچەرخانە گەورەیەدا ئاماژەمان پێ کرد، کە لە میانەی دووساڵی حوکمڕانیی کابینەی نۆیەم هاتوونەتە ئاراوە و، سەقامگیرییەکی باشی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا دروست کردووە، ئیستا زەمینەی ئەوەی دروست کردووە کە سەقامگیریی حوکمڕانی، کاریگەریی تەواوی لەسەر سەقامگیریی سیاسی هەبێت و، لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان وەرچەرخانی گەورە بە خۆیەوە ببینێت.

### ● شەترەنجی حوکمڕانی و زیرەکی لە جووڵاندنی تۆخمەکاندا

سەرکەوتنی نەتەوەکان لە بونیادنانەوەی خۆیان و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و شایستە، پەیوەست نییە بەو نەتەوانەی کە خاوەنی سامانی سرووشتیی نەوت و کانزای گرانبەهای وەك زێڕ و ئەڵماسن، بەڵکو پەیوەستە بە ئاست و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کاریزمایەی کە پێش ئەوەی پشت بە هەر شتێك ببەستێت، پشت بە ئیرادەی سامانی مرۆیی نەتەوەکەی خۆی دەبەستێت و، لەناو ئیرادەی متبووی ئەوانەوە، ئیرادەیەکی زیندووی ئەوتۆ دروست دەکات، کە جیهان لە ئاستیدا شۆك بێت و ڕابوەستێت.

مێژوو و ئەزموونی ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی سامانی سرووشتیی وەك نەوت و گاز و کانزای گرانبەهای وەك زێڕ و ئەڵماسن، ئەوەیان فێرکردووین، ئەگەر نەتەوەیەك ئەو ئیرادەیەی نەبێت کە بە بێ سامانی سرووشتی و کانزای گرانبەها بناغەیەکی پتەوی حوکمڕانی دابڕێژێت، ئەوا ئەگەر خاوەنی هەموو سامانی سرووشتی و کانزا گرانبەهاکانیش بێت، هەر سەرکەوتوو نابێت.

پرۆفیسۆر ستیفن ڤایبەر لە کتێبی «بۆ هەندێك لە نەتەوەکان شکست دەهێنن و هەندێك هاوشانی یەکتری بە سەرکەوتوویی دەڕۆن؟» نووسیویەتی: «دەوڵەتێکی وەك پتسوانا-ی هاوسنووری باشووری ئەفریقیا، لەگەڵ ئەوەی ٧٠٪ی خاکەکەی بیابانە و خەڵکەکەی لەسەر بەخێوکردنی مانگا ژیان دەبەنە سەر، بەڵام توانییان بە بە دامەزراوەکردنی دامەزراوەی هەناردەکردنی گۆشتی مانگا، دەوڵەتێکی سەرکەوتوو و حوکمڕانییەکی باش لە وڵاتی خۆیان پیادە بکەن». ستیفن دەڵێت: «ڕاستە دوای سەرکەوتن لە دەوڵەت و حوکمڕانی کانزای ئەڵماسیش لەو وڵاتە دۆزرایەوە، بەڵام چۆن دامەزراوەی هەناردەکردنی گۆشتی مانگایان بە دامەزراوەیی کرد، بە هەمان شێوەش مامەڵەیان لەگەڵ ئەڵماسەکەش کرد، بۆیە ئەم کانزایە بووە خێر و بەرەکەت، نەك نەگبەتی بۆ میللەتەکەی».

ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات، بڵێین: حوکمڕانی پێش ئەوەی بونیادنانی دامەزراوە، یان لێپرسینەوە و وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بێت، «فیکرە»، لە سەر ئەم پرسە لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە میانەی کۆڕبەندێکی ئابووریدا کە لە سعودیە ئەنجام درابوو، لە «لی کوان یۆ» سەرۆکی پێشووتری سەنگافورەیان پرسی: ئەگەر تۆ خەڵکی سعودیە بوویتایە، چۆن سعودیەت بونیاد دەنایەوە؟ لەوەڵامدا گوتی: «لە بری ئەوەی نەوتم هەناردە بکردایە، پیشەسازیی نەوتم پەرە پێ دەدا»، ئەم وەڵامەی «لی کوان یو» ئەوەمان پێ دەڵێت، کە زۆر جار وەرچەرخانی حوکمڕانی، جووڵەیەکی زیرەکانەی سەر تەختەی شەترەنجی حوکمڕانیی دەوێت و، ئەم جووڵەیەش گۆڕانکاریی زۆر گەورە دروست دەکات.

لەسەر ئەم نەخشەیە ئەگەر هەڵوەستەیەك لە جووڵەکانی مسرور بارزانی لەسەر شەترەنجی حوکمڕانیی کوردستان بکەین، دەبینین بە جووڵەی زیرەکانە، وەرچەرخانی گەورەی دروست کردووە، هەر بۆ نموونە: لە بواری وەبەرهێنان تەنیا ئاراستەی بایەخی گەورەی

**چەمکی بۆگەنی گەندەڵی کە باشترین چەکی دەستی پۆپۆلیستەکانە، ئەم ژێرخانە پتەوەی حوکمڕانیی کابینەی نۆیەم ئەو چەکەی لە دەستی پۆپۆلیستەکان دەرهێناوە، لەبەر ئەوەشی کابینەی نۆیەم بە پەنابردنە بەر یاسا ڕووبەڕووی پۆپۆلیستەکان دەبێتەوە، ئیستا کەس ناتوانێت حکومەت بە وەزارەتەکانیشەوە تێکەڵاوی گەندەڵی بکات**

**ئەگەر گەندەڵی و بەڵگە هەبێت، حکومەت چاوپۆشیی لێ ناکات و، لە هەمانکاتدا ڕێگە بە چەواشەکاریی پۆپۆلیستەکانیش نادات**

**فراوانکردنی کەرتی وەبەرهێنان وەك کەرتێکی بەرهەمهێن و کردنی بە سەرچاوەیەك بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و بایەخدان بە کشتوکاڵ و پیشەسازیی کشتوکاڵ و پیشەسازیی گەورە و مامناوەندی بچووك، ئەم هەنگاوانە ئومێدێکی گەشبینیی بۆ خەڵکی کوردستان بونیاد ناوە و، متمانەی بۆ وەبەرهێنان دروست کردووە، کە بە دەیان ملیار دۆلار لە کوردستاندا وەبەرهێنان بکەن**



**میتۆد و ئاراستەی حوکمڕانی لە کابینەی نۆیەمدا خەریکە وەرچەرخانێکی گەورە بەسەر ئائومێدیدا دەهێنێت و، چەکەرەی ئومێدێکی گەورە لە ناخی هەموو هاووڵاتییەکی کوردستاندا دەچێنێت و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پرۆژەی ستراتیژی و گەورەتر ڕادەگەیەنێت**

وەبەرهێنانی لە کەرتی نیشتەجێوە گواستووەتەوە بۆ کەرتی پیشەسازی و بە پیشەسازیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری.

ئەگەر سەرنج بدەین، ئەم جووڵەیە ئەو گۆڕانکارییە گەورانە بۆ ئایندە دروست دەکات، گریمان ئێمە شارێکی نیشتەجێبوون دروست دەکەین و هەلی کار بۆ سەدان گەنج و کاسبکار دروست دەکەین، بەڵام ئەم هەلە کاتییە و لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەکە کۆتایی دێت، بەڵام ئەگەر ئەم وەبەرهێنانە گۆڕدرا بۆ دروستکردنی چەندین سایلۆ و چەندین کارگەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان (کە ئێستا بەشێکی زۆریان تەواو بوون)، ئەوە هەم لە کاتی پرۆژەکە هەلی کار دروست دەکات، هەمیش لەدوای تەواوبوونی پرۆژەکە سەدان و هەزار کاری بەردەوام لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دیسان بە جووڵەیەکی زیرەکانە وەرچەرخانی گەورەی دروست کردووە، ڕێکخستنەوەی باجەکانە بەپێی یاسا بەردەستەکانی حکومەت «بەبێ ئەوەی یاسای تازە دەربکات»، ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی داهاتی حکومەت ١٠٠٪ زیاد بکات و، ئیمکانییەتی حکومەت بگاتە ئەو ئاستەی کە بەبێ بەغدا ٨٠٪ی مووچەی فەرمانبەران دابین بکات و، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەردەوامییان هەبێت، کە ئێستا بەغدا تەنیا ١٣٧ ملیۆن دۆلار دەنێرێت، بەڵام حکومەتی هەرێم ١٠٠٪ی مووچەی فەرمانبەران دابین دەکات.

### • ژیرخانی حوکمڕانیی پتەو هەنگاوەکانی چاکسازی و دابینکردنی خزمەتگوزاری خێراتر دەکات

لە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمدا، هەموو کاتێك چاکسازی مانای ڕاستکردنەوە، یان چاککردنەوەی هەڵە و کەموکورییەکانی یاسایەك، یان ڕێوشوێنێکی ئیداری ناگەیەنێت، بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر ژیانی



کۆمەڵگـە، ناچـار دەکات کـە چاکسـازی لـە میتـۆدە کۆنەکـەدا بکرێـت و، میتۆدێکـی تـازە پەیـڕەو بکرێـت، هـەر وەك چـۆن ئێسـتا لـە کابینـەی نۆیەمـدا کـە هەنـگاو بـەرەو حکومەتـی ئەلیکترۆنـی هەڵدەگیرێـت و، هاووڵاتیـان دەتوانـن بـە شـێوازێکی تـازە چاودێریـی مامەڵەکانیـان لـە نـاو وەزارەت و فەرمانگـە حکوومییەکانـدا بکـەن.

بەشـێکی گرنگـی چاکسـازی لـە کابینـەی نۆیەمـدا، پیادەکردنـی ڕیتمێکـی نوێیـە لـە شـێوازی بەڕێوەبردنـی کاری هاووڵاتیـان و، هاووڵاتیـان دەتوانـن لـە ماڵـەوە و بـە ڕێگـەی مۆبایلەکـەی دەسـتیان چاودێریـی زۆر لـە مامەڵەکانی خۆیان لە وەزارەت و فەرمانگاکانی حکومەتـدا بکـەن.

لـەم چوارچێوەیـەدا کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هەوڵـی داوە سیاسـەتی یـەك پەنجـەرە (Single window) پیادە بـکات، ئەمـەش بـەو مانایـەی کـە هاووڵاتییـەك دەتوانێـت لـە یـەك پەنجـەرەی فەرمانگایەکـەوە تـەواوی مامەڵەکانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێت، ئـەم گۆڕینـی میتـۆدە هـەم پڕۆژەی چاکسـازیی بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ئاسـان کـردووە، هەمیـش گەیاندنـی خزمەتگوزارییەکانـی خێراتـر کـردووە.

حوکمڕانـی لـە سـەدەی بیسـت و یەکـەم و لـە سـەردەمی شـۆڕشـی تەکنەلۆژیـای چوارەمـدا، بووەتـە کارێکـی قـورس و، حکومەتـەکان بـە ئاسـانی بڕیاریـان پـێ نادرێـت و بـە ئاسـانی ناتوانـن هەنـگاوی کاریگـەر هەڵبگـرن، بەشـێکی قورسبوونی کاری حوکمڕانـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتەکانـی جیهانـی سـێیەم، یـان وڵاتانـی تـازە پێگەیشـتوو، کەمتـر هەوڵیـان داوە خۆیـان لەگـەڵ ئـەم ئاراسـتەی پێشـکەوتنە بگونجێنـن، هەر بۆیە کاتێك تەکنەلۆژیا گۆڕانکاریی گـەورە لـە کۆمەڵگـەدا دروسـت دەکات و، حکومەتـەکان بـە میتـۆدی کـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن، دەبینیـن هـەم کاری حوکمڕانـی دەبێتـە کارێکـی قـورس، هەمیـش وەرگرتنـی بڕیـاری دروسـت قورسـتر دەبێـت.

**ئەگەر نەتەوەیەک ئەو ئیرادەیەی نەبێت کە بە بێ سامانی سرووشتی و کانزای گرانبەها بناغەیەکی پتەوی حوکمڕانی دابڕێژێت، ئەوا ئەگەر خاوەنی هەموو سامانی سرووشتی و کانزا گرانبەهاکانیش بێت، هەر سەرکەوتوو نابێت**

**بەشێکی گرنگی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمدا، پیادەکردنی ڕیتمێکی نوێیە لە شێوازی بەڕێوەبردنی کاری هاووڵاتیان و، هاووڵاتیان دەتوانن لە ماڵەوە و بە ڕێگەی مۆبایلەکەی دەستیان چاودێریی زۆر لە مامەڵەکانی خۆیان لە وەزارەت و فەرمانگاکانی حکومەتدا بکەن**

**دەرکەوتنی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جووتێک جزمەوە لە ناو قوڕ و لیتەی شاری زێڕین و، دڵدانەوەی زیان لێ کەوتووانی لافاوەکە، بەوەی پێی ڕاگەیاندن «من خزمەتکاری ئێوەم، نەک هەر خۆم وەزیرەکانیش هەر خزمەتکاری ئێوەن..»، ئەمەش وەرچەرخانێکی دیکە بوو لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵک و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**

**ڕۆژ بە ڕۆژ بۆشایی نێوان خەڵک و حکومەت لە کەمبوونەوەدایە و، خەڵک وەک ئامرازی بەردەستی خۆی و حکومەتی خۆی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکات، لە بەرامبەریشدا کۆی دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان وەک خزمەتکار لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن**

ئەگەر لەم چوارچێوەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئاراستە و ئەدای حوکمڕانی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین هەم هاووڵاتیان هەست بە کەمکردنەوەی ڕۆتین دەکەن، هەمیش وەرگرتنی بڕیاری دروست بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان لای فەرمانبەرانی فەرمانگاکانی حکومەت کارێکی قورس نەبووە، ئەم میتۆدەی کە کاری هاووڵاتیان و وەرگرتنی بڕیاریش لای کاربەدەستان ئاسانتر دەکات، دینامیکییەتێك بە جووڵەی ئەدای حکومەت دەبەخشێت، کە بتوانێت خێراتر کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

## ● پڕکردنەوەی بۆشایی.. نێوان خەڵك و حکومەت

دەرکەوتنی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جووتێك جزمەوە لە ناو قوڕ و لیتەی شاری زێڕین و، دڵدانەوەی زیان لێ کەوتووانی لافاوەکە، بەوەی پێی ڕاگەیاندن «من خزمەتکاری ئێوەم، نەك هەر خۆم وەزیرەکانیش هەر خزمەتکاری ئێوەن..»، ئەمەش وەرچەرخانێکی دیکە بوو لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵك و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

پێش دامەزراندنی کابینەی نۆیەم، لە سەر فەرمانی سەرۆك مسعود بارزانی، تەواوی کەموکورتییەکانی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان کاری زۆر جددی لەسەر کرابوو و، خەڵکانی پسپۆڕ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زۆر گرنگیان لەسەر کردبوو، دوو خاڵی گرنگ کە لە پرۆسە چاکسازییەکەی سەرۆك بارزانی وەك دوو خاڵی سەرەکی دەستنیشان کرابوون، ئەمانە بوون:

١- بوونی بۆشایی لە نێوان خەڵك و حکومەتدا.

٢- نەبوونی متمانە لە نێوان خەڵك و حکومەتدا.

ئەم دوو خاڵە گرنگە کە دەرهاویشتەی خراپیی پرۆسەی سیاسی و سیستمی حزبایەتیی کوردستان بوون، پێویستی بە بڕیاری بوێر و قورس و بانگەشەکردنی بۆ کوردستانێکی بەهێزی پێویست بوو، ئەم دوو بڕیارە قورسە و هەنگاوهەڵگرتن بۆ کوردستانێکی بەهێز، وەك بەرنامە لە ناو کابینەی نۆیەمدا کاری جددی لەسەر کرا، بۆیە وەك چاودێرانیش بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ بۆشایی نێوان خەڵك و حکومەت لە کەمبوونەوەدایە و، خەڵك وەك ئامرازی بەردەستی خۆی و حکومەتی خۆی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکات، لە بەرامبەریشدا کۆی دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان وەك خزمەتکار لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. لێرەدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە حکومەت هیچ کەموکورتییەکی نییە و لە تەواوی وڵاتدا خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان فەراهەم کراوە، بەڵام ئەوەی گرنگە وەك ڕاستییەك لەبەر چاو بگیرێت و بە تەقدیرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەم خاڵانەی لای خوارەوەن:

١- بۆ هەموو کێشە و گرفتێك کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست دەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ئیمکاناتەی لەبەر دەستیەتی، بە گیانی پێشمەرگانە خۆی دەکاتە خاوەنی کێشەکە، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ ئەم بەدەنگەوە هاتنەی حکومەت هاووڵاتیانیش لەگەڵ حکومەتی باشتر هاوکار دەبن.

٢- لە ماوەی ڕابردوودا لە پڕۆگرامکردنی تۆمارکردنی ناوی قوتابیان بۆ زانکۆکانی کوردستان، بە شێوەی ئەلیکترۆنی، ژمارەیەکی زۆری قوتابیان (ئەوجا بە هۆی ئەو پڕۆگرامەوە بێت کە زانکۆکان دایاننناوە، یان هەڵەی ئەلیکترۆنی، یانیش کەمتەرخەمیی قوتابی لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکاندا بە شیوەیەکی دروست بێت)، کێشەیەك بۆ قوتابیانی ئەمساڵی زانکۆکانی کوردستان دروست بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان پینەی ئەم کێشەی بەوە نەکرد کە پرسەکە پرسێکی ئەلیکترۆنییە و لە دەسەڵاتی ئەودا نییە، بەڵکو بەپەلە وەڵامی قوتابیانی دایەوە و کێشەکانی چارەسەر کرد.

٣- گەڕەکە میللییەکانی ناو شارەکان، هەموو کات لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان پشتگوێ خراون، یان نەتوانراوە وەك پێویست خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێت، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، جیا




لەوەی ئەولەوییەت زیاتر بە گەڕەکە میللییەکان دراوە، لە هەمانکاتدا بۆ کێشەیەکی وەك کێشەی زەوییەکانی گەڕەکی هەشتی حەسارۆك لە شاری هەولێر، سەرۆکی حکومەت خۆی بە مەیدانی سەردانی ئەو زەوییانەی کرد و، هەر لەوێ لەسەر ماستەر پلان فەرمانی گەیاندنی خزمەتگوزاریی دەرکرد.

لە دوماهی ئەم باسەدا دەخوازم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دووبارە برینی بودجە و مووچەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، هەروەها هەوڵدانی هەندێك لایەنی پۆپۆلیستی بۆ ئەوەی کەموکورتییەکان بکەنە ئاستەنگ بۆ شکستهێنانی کابینەی نۆیەم، دەستپێکێکی قورس بوو، بەڵام وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر تەسلیمی ئەو واقیعە تاڵە نەبوو، بەڵکو بە گوڕوتینێکی تازەوە هاتەوە مەیدان و، بە دانانی بەردی بناخەی شەقامی ١٠٠ مەتریی سلێمانی دەرگای بۆ چەندین پرۆژەی گەورە کردەوە و، ئێستا بە شێوەیەکی مەیدانی ڕۆژانە پرۆژەی گەورە و ستراتیژی دەکرێنەوە و بەردی بناغەیان بۆ دانرێت، مانای ئەوەیە وەك مسرور بارزانی لە ڕێوڕەسمی دەرچوونی لاوانی زانکۆی کوردستاندا ئاماژەی پێ کرد و جەختی لەسەر کردەوە، کوردستان بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت کە ببێتە گەورەترین شوێنی بزنێس و بازرگانی و پیشەسازی لە عێراق و ناوچەکەشدا.

**وەک مسرور بارزانی لە ڕێوڕەسمی دەرچوونی لاوانی زانکۆی کوردستاندا ئاماژەی پێ کرد و جەختی لەسەر کردەوە، کوردستان بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێت کە ببێتە گەورەترین شوێنی بزنێس و بازرگانی و پیشەسازی لە عێراق و ناوچەکەشدا**




ئایدن مەعرووف

وەزیری کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# وەزارەتی پێکهاتەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرجەستەی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانە

# هەنگاوەکانی حکومەت لە بواری چاکسازی و گەشەپێدان مایەی گەشبینی و دڵنیایین بۆ ئاینده

**ئاشکرایە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرنامەیەکی ئومێدبەخشەوە دەستی بە کار کرد، کە تەوەری سەرەکیی ئەم بەرنامەیەش ئەنجامدانی چاکسازی و بەرەودان بە پرۆژەکانی گەشەپێدان و ڕەچاوکردن و پەرەپێدانی ماف و پێگەی پێکهاتەکان بوو. بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئایدن مەعرووف وەزیری کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ئێوە وەك پێکهاتەی تورکمان وەزیرن لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم کابینەیەش بە کابینەی چاکسازی ناسراوە، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە و، تاچەند ڕاستگۆیانە ئەو بەرنامەیەی کە ڕایگەیاندووە، هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی هەڵگرتووە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە کاردەکات کە لە کاتی ڕاگەیاندنی کابینەکە ڕایگەیاندووە، ئەم بەرنامەیەش زۆر گرنگ بووە و، لە ڕووی چاکسازی و کارە خزمەتگوزارییەکانیشەوە هەنگاوی زۆر باشی بڕیوە، کە بە شێوەیەکی باش و چالاك ئەنجام دراون، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان پابەند بووە بە بەرنامەکەی کە ڕایگەیاندبوو، چونکە هەموو وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکی حکومەت لە کابینەی نۆیەم، بە یەك تیم کار دەکەن، هەر بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە کە حکومەت کاری خۆی زۆر بە سەرکەوتووانە و جددییانە و بە باشی ئەنجام داوە.

*** بوونی وەزیرێك بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی تازەیە، مەبەست لە بوونی ئەم وەزارەتە چییە؟ ئایا بۆ ئەوەیە کە پێکهاتە جیاوازەکان هاوسەنگی لە ئاستی بەشدارییاندا دروست بکرێت و، تاچەند ئەم هاوسەنگییە بۆ پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمدا پارێزراوە؟**

- هەبوونی ئەم وەزارەتە لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا خۆی لە خۆیدا گرنگیدانە بە بوون و داواکاری و مافەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و، بەشداری پێکردنیان بە شێوەیەکی چالاك لە ئێستادا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا

**سەرۆکی حکومەت و تیمی ئەنجومەنی وەزیران بەجددی بەدەنگ داخوازی و چارەسەری کێشەکانمانەوە دێن**

**ئومێدەوارین ئەوەی بۆ پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر کراوە، هاوشێوەی ئەمەش لە عێراق بۆ پێکهاتەکان دەستەبەر بکرێت**




تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو مەلەفەش لە ناو حکومەتی هەرێمدا بە پاڵپشتیی حکومەت سەرکەوتوو بووە، لە ڕاستیدا بوونی ئەو وەزارەتە بەرجەستەکاری واقیعی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و ئایین و ئایینزاکانە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە هەولێر بە تایبەتی، واتە دروستکردنی ئەم وەزارەتە بۆ پێکهاتەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەنگاوێکی زۆر باش و ئەرێنی و بوێرانە بووە، بەتایبەتی بەشداریکردنی پێکهاتەکانی نەتەوەی تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریانی لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا. بێگومان وەزارەتەکە بە پاڵپشتیی حکومەتی هەرێم تا ئێستا کاری باشی بۆ پێکهاتەکان ئەنجام داوە. لەلایەکی دیکەوە دامەزراندنی چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و بەڕێوەرایەتی و دامودەزگای تایبەت بە پێکهاتەکان لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بووەتە هۆی برەودانی زیاتر بە هاوسەنگی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا، هاوسەنگییەکەش تەنیا بانگەشە نییە، بەڵکو ئەو هاوسەنگییەی لە کابینەی نۆیەمدا هاتووەتەدی ڕەنگدانەوەی لە واقیعدا هەبووە و حکومەت بە بێ جیاوازی بەرگریی لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات.

**دامەزراندنی چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و بەڕێوەرایەتی و دامودەزگای تایبەت بە پێکهاتەکان لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بووەتە هۆی برەودانی زیاتر بە هاوسەنگی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا**

*** ئەوەی لە کابینەی نۆیەم هەستی پێ دەکەین، ئەوەیە کە ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك وەزیران وەك یەك تیم کار دەکەن و، وێڕای ئەوەی لە پەرلەمان فراکسیۆنەکان کێشەیان هەیە، بەڵام لە ناو حکومەت هەست ناکەین، وەزیرەکان هیچ کێشەیەکیان هەبێت، ئایا نهێنیی ئەم کاری یەك تیمییە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- کارکردنی بە یەك تیمی وەزارەتەکان بۆ کاریزمایی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە کاریگەریی زۆر ئەرێنیی لە سەر ئەدای حکومەت هەیە و، کاریگەریی زۆر گرنگ و باشی هەبووە لەسەر بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و جێبەجێکردنی کار و پرۆژەکان و هەڵگرتنی هەنگاوی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەو ململانێ



و جیاوازییەی لە نێوان حزب و لایەن و فراکسیۆنەکان لە ناو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمە بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت، بەڵام جیاوازی و ململانێی ناو پەرلەمان هیچ کاریگەری لەسەر کاری یەك تیمیی ناو حکومەتی کوردستان دروست نەکردووە، کە لێرەدا دووبارە پێویستە دووپاتی بکەمە، کە ئەمە زیاتر بۆ جددییەت و کاریزمایی و لەخۆبوردەیی و کارکردنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەگەڕێتەوە.

*** لە کابینەی نۆیەمدا هەنگاوەکان بۆ ئەوەن بایەخێکی زیاتر بە وەبەرهێنان لە هەردوو بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیدا هەڵبگرێت، ئەمەش بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووریی پتەو، ئایا تا چەند ئەم ئاراستەیەی وەبەرهێنانە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟**

- ئەوەی تائێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە لە ڕووی پراکتیکەوە کابینەی نۆیەم لە وەبەرهێنان و بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاریشدا سەرکەوتووانە کاری کردووە و، لەم کەرتانەدا پرۆژەی جۆراوجۆر هەیە و لە داهاتوودا کاریان لەسەر دەکرێت، نیشاندانی جددییەتی حکومەتیشە لە جێبەجێکردن و گەشەپێدانی ئەو کەرتانەدا کە ڕۆژانە کاریان لەسەر دەکرێت. هەر بۆیە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان و ئەو وەزارەت و دامودەزگایانەی تایبەتن بە وەبەرهێنان لەو کەرتانەی باسمان کرد، سەرکەوتووانە کارەکانیان جێبەجێ کردووە، ئەمەش مایەی گەشبینی و دڵنیاییە بۆ داهاتوو.

*** پێکهاتەی تورکمان لە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا خاوەنی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانن، ئەمەش مانای ئەوەیە پێکهاتەی تورکمان لە ناوەندی بڕیاری سیاسیی کوردستانن، ئایا تا چەند ئەم بەشدارییەی ئێوە سەرنجی نەتەوەی تورکمانی لە بەشەکانی دیکەی عێراق ڕاکێشاوە؟**

- هەبوون و بەشدارییپێکردنی پێکهاتەکان، بە تایبەت تورکمان لە حکومەت و پەرلەمان و بڕیاری سیاسی و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر باشە، و کاریگەریی ئیجابییشی لەسەر نەتەوەی تورکمان هەیە، لەلایەکی دیکەوە نەتەوەی تورکمان لە عێراق نەتەوەیەکی دیارە، کە ئەوانیش بە شێوەیەکی ئیجابی سەیری ئەو بەشدارییەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان دەکەن، کە بەشدارن لە حکومەت و پەرلەمان و هەموو جومگە و کایەکانی سیاسی و ئیداریی هەرێمی کوردستان. ئێمە لەم ڕووەوە ئومێدەوارین ئەوەی بۆ پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر کراوە، هاوشێوەی ئەمەش لە عێراق بۆ پێکهاتەکان دەستەبەر بکرێت، هەروەها ئێمە وەك وەزیر و وەزارەتی کاروکاروباری پێکهاتەکان، کارەکانمان زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچێت و، ڕۆژانە سەردانی شوێن و لای پێکهاتەکان لە هەموو هەرێمی کوردستان دەکەین و، لە نزیکەوە هەوڵمانداوە کێشە و گرفتی پێکهاتەکان بزانین و بە پاڵپشتیی حکومەت و بە تایبەت جەنابی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان ئەو کێشە و گرفت و داواکاریانە چارەسەر بکەین، و لەهەقیقەتدا سەرۆکی حکومەت و تیمی ئەنجومەنی وەزیران بەجددی بەدەنگ داخوازی و چارەسەری کێشەکانمانەوە دێن.

**جیاوازی و ململانێی ناو پەرلەمان هیچ کاریگەری لە سەر کاری یەک تیمیی ناو حکومەتی کوردستان دروست نەکردووە**

**کارکردنی بە یەک تیمی وەزارەتەکان بۆ کاریزمایی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە کاریگەریی زۆر ئەرێنیی لە سەر ئەدای حکومەت هەیە**

**لە ڕووی پراکتیکەوە کابینەی نۆیەم لە وەبەرهێنان و بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزاریشدا سەرکەوتووانە کاری کردووە**

**هەموو وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکی حکومەت لە کابینەی نۆیەم، بە یەک تیم کار دەکەن، هەر بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە کە حکومەت کاری خۆی زۆر سەرکەوتووانە و جددییانە و بە باشی ئەنجام داوە**



ڕۆمیۆ هەکاری

سەرۆکی فراکسێۆنی هاوپەیمانیی یەکێتیی نەتەوەیی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ناکرێت کێشە و خزمەتگوزارییەکانی خەڵک بکرێنە قوربانیی ئاڵۆزییەکانی ناو پەرلەمان

# غەدرێکی گەورەیە بەرامبەر خەڵکی کوردستان کە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی بەڕێوە ناچن

**ئـەوەی نکۆڵیـی لـێ ناکرێـت لـە ئێسـتادا، ئەوەیـە کـە حاڵەتێکـی پشـێوی و ڕاوەسـتانی کۆبوونـەوە ئاسـاییەکان لـە نێـو پەرلەمانـی کوردسـتاندا بـەدی دەکرێـت، هـۆکاری ئـەم حاڵەتـە و چۆنیەتیـی چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە و تاوتوێکردنی ئـەدای سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان و پەرلەمانتـاران بـە گشـتی، بوونـە تـەوەری سـەرەکیی دیدارێکـی گـوڵان لەگـەڵ ڕۆمیـۆ هـەکاری سـەرۆکی فراکسـیۆنی هاوپەیمانیـی یەکێتیـی نەتەوەیـی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان.**

*** هەسـت بـە حاڵەتیکـی ناسـەقامگیری و فـەوزا لـە نـاو پەرلەمانـی کوردسـتان دەکرێـت و، هیـچ دانیشـتنێك نییـە فـەوزای تێدا دروست نەبێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی بەردەوام ئەم فەوزایـە لـە نـاو پەرلەمـان هەیـە و، کۆبوونـەوەکان بـە شـێوەیەکی ئاسـایی بەڕێـوە ناچـن؟**

- بە ڕای مـن بوونـی قەرەباڵغی و ڕەخنەگرتـن و قسـە بـە یەکترگوتنیـش ئەگـەر لـە ڕێزگرتـن لـە یەکتـر دەرنەچێـت، ئـەوا تـا ئاسـتێك شـتێکی ئاسـاییە و لـە نـاو هەمـوو پەرلەمانەکانـی دونیـا ئەمـە ڕوو دەدات، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا لـە پەرلەمانـی کوردسـتان ڕوودەدات و، لەبـەر ئـەوەی لـە زۆرێـك لـە خولەکانـی دیکـەی پەرلەمانـی کوردسـتاندا ئـەو کێشـانە ڕوویـان نـەداوە، بۆیـە خەڵـك و خـودی پەرلەمانتـار و خۆیشـم وەك پەرلەمانتـار، ئـەم حاڵەتـە دەخەمـە چوارچێوەیەکـی دیکـە و، بـە شـێوەیەکی دیکـە شـیکاری دەکـەم. بـە ڕای مـن ئـەوە بـۆ دوو هـۆکار دەگەڕێتـەوە، هـۆکاری یەکـەم: خـودی پەرلەمانتارەکانـە، کـە دەبێـت ئاسـتی ڕۆشـنبیری و ڕەخنەگرتـن و گفتوگۆکردنیـان بـە شـێوەیەك بێـت، کـە جیاوازتـر بێـت لـە خەڵکانـی دیکـەی ئاسـایی و خەڵکـی شـەقام. دووەم: سـەرۆکایەتیی پەرلەمانـە، کـە دەبێـت سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان کاری باشـتر بـکات بـۆ کۆنترۆڵکردنـی دانیشـتنەکان و ڕێکخسـتن و دیاریکردنـی مـاوەی قسـەکردنی پەرلەمانتـارە بەڕێـزەکان، واتـە هـۆکارەی ئـەو بارودۆخـەی نـاو پەرلەمـان دوو سـەرەیە، کـە دەبێـت هـەردوولا قبوولـی بکـەن کـە ئۆباڵەکـە لـە ئەستۆی هەردوولایـە، واتـە هـەم پەرلەمانتارەکان، هـەم سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان.

*** بـۆ هـەر کۆبوونەوەیەکـی پەرلەمـان پێشـتر سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان بەرنامـەی کار دادەنێـت و پێـش ٢٤ سـەعاتیش بـۆ هـەر ئەندامێکـی پەرلەمانـی دەنێرێـت، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سەرنجە، ئەوەیـە بەشیك لـە پەرلەمانتاران لـە ناو کۆبوونەوەکـە کارنامـەی پەرلەمـان ڕەت دەکەنـەوە، ئایـا پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان ڕێگـە بـەم پاشـاگەردانییەی نـاو پەرلەمـان دەدات؟**

- لـە ڕاسـتیدا هەمـوو وردەکارییەکانـی کاری پەرلەمانـی، هـەر هەمـووی لـە پەیـڕەوی ناوخـۆدا دیـاری کـراون، بـەڵام بەداخـەوە هەندێـك لـە پەرلەمانتـارە بەڕێـزەکان بـێ گوێدانـە مـاددە و بڕگەکانـی پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان، هەنـدێ

**دەبێت سەرۆکایەتیی پەرلەمان کاری باشتر بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتنەکان و ڕێکخستن و دیاریکردنی ماوەی قسەکردنی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان**

**بەداخەوە هەندێک لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بێ گوێدانە ماددە و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەندێ قسە دەکەن و هەندێکیشیان پێچەوانەی ماددە و بڕگەکان ڕای خۆیان دەردەبڕن**

**ئەگەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان سەد لە سەد پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێ بکەن، ئەو کێشانەی کە ئێستا لە ئارادان زۆر کەمتر دەبنەوە**

**هەندێ جار هەندێ پەرلەمانتار لە بابەتەکان دەردەچن، بۆیە خەڵک ناهەقی نییە ئەگەر بیخاتە چوارچێوەی موزایەدەوە، واتە موزایەدەکردن بە بەرژەوەندیی خەڵک و بە ناوناوبانگی پەرلەمانەوە**

**پەرلەمان چۆن جێگای یاسادانانە، بە هەمان شێوە جێگای گفتوگۆ و دیالۆگ و ڕەخنەگرتن و وەڵامدانەوەی یەکترییە، بەڵام دەبێت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بێت**

قسە دەکەن و هەندێکیشیان پێچەوانەی ماددە و بڕگەکان ڕای خۆیان دەردەبڕن، بەڵام ئەگەر بێت و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان سەد لە سەد پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێ بکەن، ئەوا ئەو کێشانەی کە ئێستا لە ئارادان زۆر کەمتر دەبنەوە لەوەی کە ڕوو دەدات. ڕەچاونەکردنی پەیڕەوی ناوخۆیی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا دەبێتە هۆکاری ئەو فەوزا و پاشاگەردانییە، لەلایەکی دیکەوە هۆکاری دیکەش هەن، کە بوونەتە هۆی ڕاگرتنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە هۆکاری دەرەوەن، بەتایبەتی هۆکاری سیاسی و حزبی.

*** بەم حاڵەتە شپرزەییەی ئێستای ناو پەرلەمان زۆر زەحمەتە بتوانرێت چارەسەری گونجاو بۆ کیشە و خزمەتگوزارییەکان بدۆزرێتەوە و، بڕیاری پێوست لە بارەیانەوە بدرێت، ئایا دەکرێت کێشەکانی خەڵك بکرێنە قوربانیی پاشاگەردانیی ناو پەرلەمان و موزادەیەی سیاسی و خۆدەرخستن؟**

- نەخێر، من پێموایە ناکرێت کێشە و خزمەتگوزرارییەکانی خەڵك بکرێنە قوربانیی ئەو بارودۆخەی لە ناو پەرلەمان دروست دەبێت، هەروەها ئێمە وەك پەرلەمانتارێك و وەك فراکسیۆنی هاوپەیمانیی یەکێتیی نەتەوەیی کلدو ئاشوورییەکان، پێمانوایە غەدرێکی گەورە لە خەڵکی کوردستان دەکرێت کە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی خۆی بەڕێوە ناچێت، کە دەکرێت لەبری ئەوە، پشتگیری لە ماف و داخوازی و ژیانی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان بکرێت، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت ئێمەی پەرلەمانتاران بە شێوەیەکی دیکە بیر بکەینەوە و کاتەکە بەفیڕۆ نەدەین، لە سەر هەندێ بابەتی دیکە کە لە دەرەوەی پەرلەمانەوە دەیانهێننە ناو دانیشتنەکانی پەرلەمان، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکین و ئەو خەڵکەش دەنگیان بە ئێمە داوە، ئێمەش بەڵێنمان پێ داون کە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەین، بەتایبەتی دەنگدەرانی خۆمان. کەواتە ئێمە ئەگەر بەردەوام بین لە نانەوەی کێشە و گرفت و ڕاگرتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، لە سنووری ئەو بەڵێنانەی داومانە دەردەچین، کە هەموو دانیشتنێکیش بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یاسایەکە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان.

*** ئیستا باری نەسەقامگیریی پەرلەمان بۆ گرێدانی کۆبوونەوەی ئاسایی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە دانیشتنی ڕابردوو داوای کرد، کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن کۆبوونەوەکان لە ئایندەدا بە ئاسایی بەڕێوە بچن، ئایا ئەم کۆبوونەوەیە کراوە؟ یان بەنیازن لەو کۆبوونەوەیەدا چ ڕێوشوێنێکی پێوست بگرنەبەر؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەداخەوە شەش مانگ کەمتر، یان زیاتر لە ئێستا ئەو جۆرە کۆبوونەوەیە کرا، کە هەر ئەم هۆکارانەی بوونە هۆی ڕاگرتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، لە ئێستاشدا بوونەتە هۆکار بۆ ڕاگرتنی کۆبوونەوەکە، کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان دانیشتن بۆ ئاساییکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ بکەن. کەواتە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بۆ یەکەمجار نییە، بەڵکو ئەمە چەند جارێکە دووبارە دەبێتەوە، ئومێد دەخوازم ئەو جۆرە کۆبوونەوانە زیاتر دووبارە نەبنەوە. دواتر ئەمە خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە دانیشتنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان تا ئێستا نەیتوانیوە سنوورێکی تەواو دابنێت بۆ ئەم کێشەیە و، چارەسەری تەواو یان ١٠٠٪ی ئەو کێشانە بکات، کە هەموو جارێك و هەر چەند مانگێك دەبنە هۆکاری نانەوەی پشێوی بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، یان لە کۆتاییدا ڕاگرتنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، کە ئەمە لە ڕاستیدا شتێکی جوان نییە بۆ ناو و ناوبانگی پەرلەمان و پەرلەمانتاران و دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لە هەقیقەتدا بۆ کوردستان شتێکی جوان نییە و بە نامۆی دەبینم، دواتر دەبێت بیرمان نەچێت هەندێ جار هەندێ پەرلەمانتار لە بابەتەکان دەردەچن و بۆیە خەڵك ناهەقی نییە ئەگەر بیخاتە چوارچێوەی موزایەدەوە، واتە موزایەدەکردن بە بەرژەوەندیی خەڵك و بە ناووناوبانگی پەرلەمانەوە. هیوادارم ئەم کێشەیە بۆ یەکجاری یەکلا بکرێتەوە، تا



پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا ئەو تەمەنە کورتەی ماوەیەتی کە ساڵێکە، یان کەمتر لە ساڵێکە، بتوانێت دانیشتنەکانی بەڕێوە ببات و بە ئاسایی و یاسایی بچێتەپێشەوە، تابتوانین لەو ماوەیەی ماوە چەندەها پرۆژە یاسا و بڕیاری گرنگ، کە هەموویان پەیوەستن بە باشترکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان دەربکەین.

*** ئێوە وەك نوێنەری پێکهاتەکان، ڕا و بۆچوونتان سەبارەت چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەم پاشاگەردانییەی ناو پەرلەمان چۆنە؟**

- من وەك پەرلەمانتارێکی ئاشووری، پێموایە بەو پێیەی ئەوە دووەمین خولە ئەندام پەرلەمانی کوردستانم، پێویستە پێداچوونەوە بە هەموو کار و کردەوەکانی کاری پەرلەمانیی خۆماندا بکەین، ئەمە یەکەم. دووەم: زیاتر بیر لە بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەینەوە. سێیەم: هەوڵ نەدەین بە ناوی خەڵکەوە موزایەدە بەسەر یەکترەوە بکەین. چوارەم: پێویستە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەندێك گورج و گۆڵتر بێت، بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر کێشەیەك، یان کاردانەوەیەك کە دژی یەکتر دەکرێت لەناو پەرلەماندا. چونکە پەرلەمان چۆن جێگای یاسادانانە، بە هەمان شێوە جێگای گفتوگۆ و دیالۆگ و ڕەخنەگرتن و وەڵامدانەوەی یەکترییە، بەڵام دەبێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بێت، هەروەها خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە زۆرجار دەبینم کێشەی شەخسی دەبێتە هۆکارێك بۆ ناشیرینکردنی ئەدای هەندێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان. من دەڵێم پێویستە زیاتر یەکترمان خۆش بوێت و زیاتر یەکتر قبووڵ بکەین، ڕاستە لە دانیشتنی پەرلەماندا ڕەخنە و دەنگەدەنگ دروست دەبێت، بەڵام شەڕکردن و جنێودان کاری پەرلەمانتار نییە و کینە و ڕق بەرانبەر یەکتریش کاری پەرلەمانتار نییە، چونکە کاری پەرلەمانتاری پیرۆزە و دەبێت ڕێزی لێ بگرین و لە هەموو قسەکردن و موداخەلە و هەنگاوێکماندا، ئەو بەڵێنانەی داومانە بە خەڵك و دەنگدەرانمان لە بەرچاو بگرین.

**بەداخەوە زۆرجار کێشەی شەخسی دەبێتە هۆکارێک بۆ ناشیرینکردنی ئەدای هەندێک لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان**




## ئایندەی پرۆسەی سیاسیی عێراق..

# لەناو چەمکی دەوڵەتە جیاوازەکاندا

**کورد: فیدراڵی**

**عەرەبی سوننە: قەومی عەرەبی**

**عەرەبی شیعە: ویلایەتی فەقی**



بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەنگدەرانی کوردستان بە ڕێژەی ٥٢,٥٪ دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و، بە ڕێژەی ٢٥,٥ دەنگیان بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی و یەکێتی پێکەوە ڕێژەی ٧٨٪ی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، ئەم دوو لایەنەش هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە کە پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، پێکەوە لە پەرلەمان دەنگیان بە بڕیاری فیدراڵی داوە، پاشانیش لە میانەی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە «١٩٩٢-٢٠٠٣» فاکتەری سەرەکی بوون بۆ بونیادنانەوەی عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و هەر پێکەوەش سیستمی فیدراڵییان لە دەستووری عێراقدا چەسپاندووە.

عەرەبی سوننەی عێراقیش بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ دەنگیان بە هەردوو لایەنی قەومی عەرەبی (هاوپەیمانیی تەقدوم و هاوپەیمانیی عەزم) داوە، لە بەرامبەر ئەمەدا پاشەکشەیەکی گەورە لە ناو حزبە ئیسلامییە سیاسییەکانی هاتووەتە ئاراوە و، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی عەرەبی سوننە خوازیاری دەوڵەتێکی «قەومی عەرەبی علمانی»یە و زیاتریش حەزدەکەن ئەو دەوڵەتە قەومییە دەوڵەتێکی لامەرکەزیی ئیداری بێت، نەك فیدراڵی وەك ئەوەی لەناو دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا پێناسە کراوە.

بە پێچەوانەی دەنگدەرانی کورد و عەرەبی سوننەوە، دەنگدەرانی عەرەبی شیعە بە ڕێژەی سەرووی ٧٥٪ دەنگیان بە حزب و لایەنە سیاسییەکانی ئیسلامی شیعە داوە و، تەیاری سەدر بە تەنیا ٧٣ کورسی هێناوە، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەش (کە نوێنەرایەتیی باڵی سیاسیی حەشد دەکەن)، خۆیان دەڵێن سەرووی ٨٠ کورسییان کۆکردووەتەوە. ئەوجا ئەگەر سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ڕێکبکەون، یان هەر لایەکیان بە تەنیا هەوڵ بۆ دروستکردنی کوتلەی گەورە بدات، ئەوا سەرەنجام هەر هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیی شیعە، لەوانەیە جیاوازیی نێوان ئاراستەی لایەکیان لەگەڵ لایەکەی دیکەیان وەك جیاوازیی حزبوڵای لوبنانی و کۆماری ئیسلامیی ئێران وایێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە حزبوڵای لوبنانی بانگەشە بۆ ئەوە دەکات ئامانجی ئەوان لە لوبنان دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی نییە.

**● گەمەی ئیسلامی سیاسیی شیعە بۆ گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەتی عێراق**

هەموو ئەو حزب و هاوپەیمانییە ئیسلامییانەی شیعە کە ئەمجارەش کورسیی زۆریان بەدەست هیناوە و، ململانێ لەسەر پێکهێنانی کوتلەی گەورە دەکەن، هەر هەموویان بە بێ ئیستیسنا بەشێك بوون لە حوکمڕانیی فاشیلی ١٨ ساڵی ڕابردووی عێراق و هەر یەکەشیان بە پێی قەوارەی خۆی بەرپرسیارە لە شکستی حوکمڕانی لە عێراقدا و، هۆکاری شکستی هەموو لایەنەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعەش لە یەك خاڵدا خۆی بەرجەستە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هیچ کام لە لایەنە ئیسلامییەکانی شیعە نایانەوێت عێراق لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەرەو دەوڵەتێکی (فیدراڵی، فرەیی، پەرلەمانی، دیموکراتی) هەنگاو هەڵبگرێت، بەپێچەوانەوە هەموو هەنگاوەکانیان بەو ئاراستەیە بووە کە دەستوورەکە بکەنە مەرەکەبی سەر کاغەز و لە پراکتیکدا هیچ بایەخێکی نەبێت و، لەژێر پەردەی ئەو دەستوورەدا و لە ناو هەناوی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراقدا، تۆی دەوڵەتێکی ئیسلامیی شیعە بچێنن و، لەو کاتەوەشی حەشدی شەعبی بە ئاشکرا باڵە سیاسییەکەی لە هەڵبژاردنەکان بەشداری دەکەن و بوونە کوتلەیەکی پەرلەمانی، لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە بێ پەردە هەنگاوەکانیان بەو ئاراستەیە ڕاشکاوانەتر کردووە.

لەناو ئەم ئامانجە هاوبەشەی کۆی حزب و هاوپەیمانییە ئیسلامییەکانی شیعەی عێراق، سیمای سیناریۆیەکی «شەڕی دەسەڵات» هەستی پێ دەکرێت و، هەندێك جاریش لەناو میدیاکان دەگاتە ئەوەی مەزندەی ئەوە بکرێت کە «شەڕی خۆبەخۆی شیعە دژی شیعە» بەرپا ببێت، بەڵام پێش ئەوەی بارودۆخەکە بگاتە حاڵەتێکی مەترسیداری لەو جۆرە، ئەوا بە دوو ڕێگە (کۆماری ئیسلامی و مەرجەعییەتی نەجەف) بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە و حزب و هاوپەیمانییەکانی شیعە

**هەر ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی لە بەغدا دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، ناچار ببوون لە تەلەفزیۆنە عەرەبییەکانی عێراقەوە دەیانگوت: «پێیان گوتووین ئەگەر دەتانەوێت نوێنەری کوردستان بن، بگەڕێنەوە بۆ لای مسعود بارزانی»**

**لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەدەستهێنانی ٢٥ کورسی بووە یەکەم حزبی براوە لەسەر ئاستی عێراق، هاوپەیمانیی فەتح و هاوپەیمانیی نەسریش بە تەواوەتی گەیشتنە ئەو قەناعەتە، تەنیا ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کیشەی کورد لە عێراقدا ئەوەیە کە قسەی کۆتایی بۆ مسعود بارزانی بێت**

**پارتی جیا لەوەی هەشت کورسی لە چاو هەڵبژاردنی ٢٠١٨ زیادی کردووە، لە هەمان کاتدا یەکریزیی نێوماڵی کوردستانیش زۆر لە ٢٠١٨ باشتر و تۆکمەتر بووە، هەموو ئەمانەش بۆ لۆژیك و لێهاتوویی سەرۆك بارزانی لە قەڵەم دەدرێت**

لەسەر یەك مێز كۆدەبنەوە، هەروەك چۆن دوای كۆبوونەوەكەی ئیرەج مەسجدی لەگەڵ نووری مالیكی سەرۆكی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا، دەنگۆی ئەوە دروست بووە كە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەرەو قبووڵكردنی ئاكامەكانی هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرن.

بۆ ئیسلامی سیاسیی شیعەی عێراق، خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە كە حوكمڕانی و دەسەڵاتیان لە دەست دەرنەچێت و هەر لە دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە، ئەوجا لە حزبی دەعواوە دەگۆڕێت بۆ فەتح، یان سەدر و لایەنێكی دیكە ئەوە گرنگ نییە، لە ئێستاشدا بارودۆخی سیاسیی عێراق فەرزی كردووە كە هەردوولایەنی كورد و عەرەبی سوننە خۆیان نەك بە لایەكی ئەو كێشەیەوە خۆیان گرێ داوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە بەجێیان هێشتووە بۆ ئەوەی حزب و لایەنە ئیسلامییەكانی شیعە خۆیان ناوماڵی خۆیان ڕێكبخەنەوە، ئەمەش جۆرە دڵنیاییەكی بە ئیسلامی سیاسیی شیعە و تا ڕادەیەك بە كۆماری ئیسلامیی ئێران داوە، كە دووبارە ڕێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە ناو چوارچێوەی ئەو نەخشە ڕێگەیە دەرنەچێت كە ئیسلامی سیاسیی شیعە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ كۆمارێكی ئیسلامیی شیعە ئومێدی بۆ دەخوازن.

خواستی دامەزراندنی كۆماری ئیسلامیی شیعە، خواستێكی شاراوەی حزب و لایەنە سیاسییەكانی شیعەی عێراق نییە و، هەر لەگەڵ دەستپێكی كابینەی دووەمی نووری مالیكی ئەم خواستە بە ناڕاستەوخۆ لە میانەی دەستكاریكردنی سوێندی فەرمی بۆ پێكهێنانی كابینەكە و لابردنی وشەی فیدڕاڵی وەك ناسنامەیەك بۆ دەوڵەتی عێراق، بە ئاشكرا هەنگاوی بۆ هەڵگیرابوو، لەمەش زیاتر دوای تەنیا یەك ساڵ لە كابینەی دووەمی نووری مالیكی بانگەشەی دامەزراندنی حكومەتی زۆرینە و پشتكردنە تەوافق و سازان دەستی پێ كرد و، هەر ئەمەش بووە بانگەشەی هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٤ و، ڕاستە لەو هەڵبژاردنەدا لیستەكەی نووری مالیكی زۆرینەی كورسییەكانی بەدەست هێنا، بەڵام هاتنی تیرۆریستانی داعش و داگیركردنی مووسڵ و ڕاگەیاندنی بەناو خەلافەتی ئیسلامیی داعش، هەموو هاوكێشەكانی گۆڕی و مالیكی نەیتوانی سێ بارە پۆستی سەرۆك وەزیران پێك بهێنێتەوە.

لە دوای كۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و دەركەوتنی حەشدی شەعبی وەك هێزێكی سەربازیی گەورە و براوەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و، پاشانیش بەدەستهێنانی دەنگێكی زۆر لە ناو هەر یەك لە هاوپەیمانیی فەتح و نەسر (مەبەست كوتلەكەی فالح فەیازە كە لە ٢٠١٨ لە عەبادی جیابووەوە)، ئەمە بووە هۆكاری ئەوەی كە حەشدی شەعبی ببێتە فاكتەری سەرەكی لە دروستكردنی كابینەكەی د.عادل عەبدولمەهدی و لەسەر ئەرزی واقیعی گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش، بە پراكتیكی هێزەكانی حەشدی شەعبی جڵەوی پرۆسەی سیاسییان لە عێراق، بە تایبەتی لە پەرلەمان و حكومەت كۆنترۆڵ كردبوو و، خۆیان هەر بڕیار و یاسایەك ئامانجیان بووە لە پەرلەمان و حكومەت جێبەجێیان دەكرد، بەڵام ئەم حاڵەتە خۆپیشاندانەكانی تشرینی ٢٠١٩ی بە سەردا هات و، گوشاری خۆپیشاندەران وای كرد، حكومەتەكەی د.عادل عەبدولمەهدی دەست لە كار بكێشێتەوە و، دوای چەندین مانگ بۆشایی حكومەت لە عێراقدا، بە ناچاری حزب و لایەنە ئیسلامییەكانی شیعە ڕازی بوون كە مستەفا كازمی حكومەتێكی تازە پێكبهێنێت و، ئەم حكومەتەش تەنیا كاری ئەوە بێت كە زەمینە بۆ هەڵبژاردنێكی تازە ڕێكبخاتەوە.

دیارە لە ئایاری ٢٠٢٠ ـەوە كە مستەفا كازمی بووەتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەتا ئەو كاتەی هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەنجام درا، ماوەی ١٧ مانگە، لە ماوەی ئەم ١٧ مانگەدا شەخسی مستەفا كازمی سەرۆك وەزیران و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەكانی عێراق، ددانیان بەوەدا ناوە كە «عێراق لە دووڕێیانی دەوڵەت و نادەوڵەت»یدایە، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە عێراق لە قۆناخی «دەوڵەت لەناو دەوڵەت»دایە، لەمەش زیاتر ئەو دەوڵەتە قووڵەی حەشدی شەعبی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا دروستی كردبوو، ڕاستە لە

**هۆكاری شكستی هەموو لایەنەكانی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە یەک خاڵدا خۆی بەرجەستە دەكات، ئەویش ئەوەیە كە هیچ كام لە لایەنە ئیسلامییەكانی شیعە نایانەوێت عێراق لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەرەو دەوڵەتێكی (فیدڕاڵی، فرەیی، پەرلەمانی، دیموكراتی) هەنگاو هەڵبگرێت**

**هەموو ئەو حزب و هاوپەیمانییە ئیسلامییانەی شیعە كە ئەمجارەش كورسیی زۆریان بەدەست هیناوە و، ململانێ لەسەر پیكهێنانی كوتلەی گەورە دەكەن، هەر هەموویان بە بێ ئیستیسنا بەشێک بوون لە حوكمڕانیی فاشیلی ١٨ ساڵی ڕابردووی عێراق**

**لەناو ئەم ئامانجە هاوبەشەی كۆی حزب و هاوپەیمانییە ئیسلامییەكانی شیعەی عێراق، سیمای سیناریۆیەكی «شەڕی دەسەڵات» هەستی پێ دەكرێت و، هەندێک جاریش لەناو میدیاكان دەگاتە ئەوەی مەزندەی ئەوە بكرێت كە «شەڕی خۆبەخۆی شیعە دژی شیعە» بەرپا ببێت**



**خواستی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی شیعە، خواستێکی شاراوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق نییە و، هەر لەگەڵ دەستپێکی کابینەی دووەمی نووری مالیکی ئەم خواستە بە ناڕاستەوخۆ لە میانەی دەستکاریکردنی سوێندی فەرمی بۆ پێکهێنانی کابینەکە و لابردنی وشەی فیدراڵی وەک ناسنامەیەک بۆ دەوڵەتی عێراق، بە ئاشکرا هەنگاوی بۆ هەڵگیرابوو**

لایەك شکۆی دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ شکاندبوو، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بناخەیەکی پتەویشی بۆ ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە شیعەیەش دامەزراندبوو کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەشدا دەنگدەرانی شیعە بە ڕێژەی زیاتر لە ٧٥٪ دەنگیان پێ داون.

کێشەی ناوخۆی حزب و لایەنە ئیسلامییەکانی شیعە لە زۆر ڕووەوە لە کێشەی ناو پەرلەمانی بەریتانیای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەچێت لەسەر شەڕی فۆکلاند، ئەوکات سەرنووسەری تایمزی بەریتانی نووسیبووی، کێشەی نێوان پەرلەمانتارانی بەریتانیا ئەوە نییە کە گرووپێکیان لایەنگری شەڕەکە بن و گرووپەکەی دیکە دژی شەڕ بن، بەڵکو کێشەی نێوانیان ئەوە بوو، گرووپێکیان پێداگرییان دەکرد لەسەر ئەوەی شەڕەکە بکرێت، بەڵام تەنیا بۆ داگیرکردنەوەی دوورگەی فۆکلاند بێت، لە بەرامبەردا گرووپەکەی دیکە پێداگرییان دەکرد، شەڕەکە کە هەر دەکرێت، با دوای گرتنەوەی دوورگەی فۆکلاند، ئەرجەنتینیش داگیر بکرێت.

لەمەوە ئەگەر سەیری کێشە و ناکۆکیی نێوان موقتەدا سەدر بکەین کە ٧٣ کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، لەگەڵ نووری مالیکی کە ئێستا وەك دەمڕاستی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە قسە دەکات و، خۆیان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، ژمارەی کورسییەکانیان لە سەرووی ٨٥ کورسییە، لەسەر ئەوە نییە، بۆ نموونە سەدر دەیەوێت عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی بێت و مالیکی بیەوێت دەوڵەتێکی سەنتراڵیی بەهێز بێت، نەخێر، کێشەی نێوانیان لەسەر ئەوەیە کە ئەو کۆماری ئیسلامییەی سەدر، یان مالیکی پێکی دەهێنێت، عێراق کۆپییەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت، یان کۆپییەکی حزبوڵای لوبنانی بێت، لە هەردوو حاڵەتەکە هەر لایەکیان ببنە



کوتلەی گەورە، یان جۆرە سازانێك لە نێوانیان بیتە ئاراوە و کاندیدێکی هاوبەش بۆ سەرۆك وەزیران ڕابسپێرن، ئەوا گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەتی عێراقە وەك: «دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی» بۆ «دەوڵەتی عێراق وەك کۆمارێکی ئیسلامیی شیعە».

### ● شیعە ترسی سوننەیان نییە

## هەوڵی هەڵکردنی گلۆپی سەوزی هەولێر دەدەن

عەرەبی سوننەی عێراق، جیا لەوەی کێشەی سەرەکییان ئەوەیە کە شارەکانیان بە هۆی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشەوە کاول بوون و، پێویستیان بە هەڵمەتێکی گەورەی دووبارە بونیادنانەوەی شارەکانیان و گەڕانەوەی خەڵکە ئاوارەکەی خۆیان هەیە، لە هەمانکاتدا لە ڕووی سیاسییەوەش چەتری مەرجەعییەتێکی نیشتمانی هەموویان پێکەوە کۆناکاتەوە و، نایکاتە خاوەنی یەك بڕیار و یەك هەڵویست، ئەو هەوڵانەشی تورکیا و هەندێك وڵاتانی عەرەبی بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی عەرەبی سوننە دەیدەن، هەتا ئێستا نەیتوانیوە ببێتە ئەو چەترەی کە وەك مەرجەع هەموویان کۆبکاتەوە، هەر بۆیە ئەگەر کار بگاتە ئەوەی جۆرە پێکەوە سازانێك لە نێوان سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە دروست نەبێت و پێکەوە کاندیدێکی هاوبەشیان نەبێت، ئەوا هیچ دوور نییە، جۆرە دابەشبوونێك لە نێوماڵی عەرەبی سوننە بە سەر هەردوو بەرەکەدا ڕوو بدات، هەر بۆیە ئەو ڕێککەوتنەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە نێوان هاوپەیمانیی تەقدوم بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەلبوسی و هاوپەیمانیی عەزم بە سەرۆکایەتیی خەمیس خەنجەر بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی عەرەبی سوننە بیتەئاراوە، ڕێککەوتنێکی لەرزۆك و ناجێگیر دەبێت و بە ئاسانی لەبەر یەك هەڵدەوەشێنرێت.

سەردانی یەك دوو ڕۆژی ڕابردووی موقتەدا

**لە ماوەی ئەم ١٧ مانگەدا شەخسی مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، ددانیان بەوەدا ناوە کە «عێراق لە دووڕێیانی دەوڵەت و نادەوڵەت»یدایە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە عێراق لە قۆناخی «دەوڵەت لەناو دەوڵەت»دایە**

**عەرەبی سوننەی عێراق، جیا لەوەی کێشەی سەرەکییان ئەوەیە کە شارەکانیان بە هۆی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشەوە کاول بوون و، پێویستیان بە هەڵمەتێکی گەورەی دووبارە بونیادنانەوەی شارەکانیان و گەڕانەوەی خەڵکە ئاوارەکەی خۆیان هەیە، لە هەمانکاتدا لە ڕووی سیاسییەوەش چەتری مەرجەعییەتێکی نیشتمانی هەموویان پێکەوە کۆناکاتەوە**

**ئەگەر کار بگاتە ئەوەی جۆرە پێکەوە سازانێک لە نێوان سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە دروست نەبێت و پێکەوە کاندیدێکی هاوبەشیان نەبێت، ئەوا هیچ دوور نییە، جۆرە دابەشبوونێک لە نێوماڵی عەرەبی سوننە بە سەر هەردوو بەرەکەدا ڕوو بدات**

**سەردانی یەک ڕۆژی ڕابردووی موقتەدا سەدر بۆ لای محەمەد حەلبوسی سەرۆکی هاوپەیمانیی تەقدوم «بەبێ ئامادەبوونی هیچ ئەندامێکی عەزم» پەیامێکە لە سەدرەوە بۆ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئەگەر ئەوان لایەنێکی دیکەی سوننە بەڵێنی پێ دابن، ئەوا لایەنە براوە گەورەکە لەگەڵ سەدر لێکتێگەیشتنیان هەیە**

سەدر بۆ لای محەمەد حەلبوسی سەرۆکی هاوپەیمانیی تەقدوم «بەبێ ئامادەبوونی هیچ ئەندامێکی عەزم» پەیامێکە لە سەدرەوە بۆ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئەگەر ئەوان لایەنێکی دیکەی سوننە بەڵێنی پێ دابن، ئەوا لایەنە براوە گەورەکە لەگەڵ سەدر لێکتێگەیشتنیان هەیە، لە هەمانکاتدا سەردانی سەدر بۆ لای عەمار حەکیم وەك لایەنێکی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، پەیامێکی دیکەی سەدرە بۆ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەوەی لە ناو خۆتاندا یەکگرتوو و یەك هەڵویست نین.

لەبەرامبەردا سەردانی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ تەیاری سەدر و بەشێکی زۆری لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هاوپەیمانیی شیعە (دەوڵەتی یاسا و فەتح)، پاشانیش کۆبوونەوەیان لەگەڵ هاوپەیمانیی تەقەدوم وەك لایەنی سەرەکیی براوەی عەرەبی سوننە، چەند پەیامێکی ڕاشکاوانەی لێ دەخوێندرێتەوە کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان، (کە لێکتێگەیشتنی زۆر باشیشی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەیە)، دەربڕی هەڵوێستی یەکگرتوویی کوردستانییە و بە یەك مەودا لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان ڕادەوەستن و، خوازیاری ئەوەن ببنە لایەنێکی خێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام نابنە لایەنێك لە کێشەکە.

٢- ئامانجی کورد لە بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق پلە و پۆست نییە، بەڵکو بەرنامەی داهاتووی حکومەتی عێراقە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا.

٣- لایەنی کوردستانی بە ئامانجێکی دروست و پیرۆزی دەزانێت، هەموو پێکەوە دەستووری عێراق وەك سەفقەیەك بۆ بەرژەوەندیی هەموو عێراق جێبەجێ بکرێت و عێراق بە کردەوە ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی، بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك ئەمە نەکرا، ئەوا لایەنی کوردی سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ناکات، ڕاشکاوانەتر جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی کوردستان ئەرکی سەرەکی و ڕاستەوخۆی لایەنی کوردستانییە کە پێداگریی تەواوی لەسەر بکات، بەڵام جێبەجێکردنی کۆی دەستوور وەك یەك سەفقە ئەرکێکی هاوبەشە و ئەگەر لایەنەکانی دیکە ئامادەباشییان هەبێت، ئەوا لایەنی کوردستانییش پێشوازی لێ دەکات.

بێگومان لەگەڵ ئەوەی سەردانی ئەمجارەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت نییە و، تەنیا گۆڕینەوەی بیروڕایە لەسەر داهاتووی پرۆسەی سیاسیی عێراق، بەڵام ئەو پەیامانەی لەم سەردانە هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە جۆرێك لە ڕەشبینی سەبارەت بە داهاتووی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و جۆرە گەشبینییەك بۆ کردنەوەی دەروازەیەك بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدای لێ دەخوێندرێتەوە.

### ● کارتەکانی کورد

### پارێزگاریکردنی وەزعی ڕاهین و جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکان

لە چەند ساڵی ڕابردوودا خاڵی هاوبەشی نێوان سیاسەتمەدارەکانی عەرەبی شیعە و سوننە لەسەر سەرۆك مسعود بارزانی لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆی چڕ دەکردەوە و، دەیانگوت ئەگەر دەتانەوێت لەگەڵ ئەم ڕێبەرە ڕێکبکەون، دوو خاڵی گرنگ هەیە، پێویستە پێش قسەکردن لە بەرچاو بگیردرێت، ئەو دوو خاڵەش بریتین لە:

١- بارودۆخی سیاسیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەرچییەك بێت، مسعود بارزانی سازش لە سەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان ناکات.

٢- مسعود بارزانی ڕێبەرێکی ڕاستگۆیە و ئیمزا لە سەر هەر ڕێککەوتنێك بکات، ڕێز لە ئیمزاکەی خۆی دەگرێت.

لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارەی عێراق و وتووێژی نێوان سیاسەتمەدار و دەستەبژێری عێراق، نەك ئەو دوو خاڵەی پێشتری کردووەتە ئەمری واقیع، بەڵکو باس لەوە دەکرێت:

● قسەی کۆتایی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لای مسعود بارزانی-یە.

● داوا دەکەین مسعود بارزانی وەك ڕابەرێکی عێراقی و نیشتمانی هەنگاو بۆ ڕێککەوتنی هەولێر «٢» هەڵبگرێت و جارێکی دیکە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لە هەولێر کۆبکاتەوە و ڕێککەوتنی هەولیر «٢» بە هاوشێوەی ڕێککەوتنی هەولێری ٢٠١٠ دووبارە بکاتەوە.

● هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراق پێویستە سەردانی هەولێر بکەن و لەگەڵ مسعود بارزانی کۆببنەوە، بۆ ئەوەی ئەم گرێیەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بکرێتەوە.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، چەند خاڵێك نین بمانەوێت بە شان و باڵی سەرۆك مسعود بارزانی هەڵبدەین، بەڵکو ئەمە مانشێتی سەرەکیی ئەو دیالۆگ و حیوارانەیە کە تەلەفزیۆنە دیارەکانی عێراق وەك «ئەلشرقیە، دجلە، Utv Iraq و ...هتد» ڕۆژانە لە سەر شاشەکانیان دەبیندرێت.

کەواتە ئەم خاڵانەمان ئاماژە پێ کردووە، بۆ ئەوەی خوێندنەوە بۆ ئەوە بکەین، ئێستا لایەنی بەرامبەر چۆن بارودۆخی سیاسی و حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لە ژێر سایەی لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی سەیر دەکەن، ئەمەش دەکرێت بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ بکەین:

● لە ئێستادا گوێبیستی ئەوە نابین کە پێشتر دەیانگوت، بەغدا بودجە بۆ کوردستان دەنێرێت و کوردستان لە سەر حیسابی بەشەکانی دیکەی عێراق بەرەو پێشەوە دەچێت، بە پێچەوانەوە دەڵێن: مسعود بارزانی ڕێبەریکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەورەیە، جیا لەوەی توانیویەتی پێشکەوتن و ئاوەدانییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستان بەدی بهێنێت، لە هەمانکاتدا ئەو ڕێبەرەیە توانی بە لۆژیکی خۆی دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکڕیزییەکی پتەو لە هەرێمی کوردستان دروست بکات.

● لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەدەستهێنانی ٢٥ کورسی بووە یەکەم حزبی براوە لەسەر ئاستی عێراق، هاوپەیمانیی فەتح و هاوپەیمانیی نەسریش بە تەواوەتی گەیشتنە ئەو قەناعەتە، تەنیا ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کیشەی کورد لە عێراقدا ئەوەیە کە قسەی کۆتایی بۆ مسعود بارزانی بێت، ئەمەشمان لە پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی بینی و، هەر ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی لە بەغدا دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، ناچار ببوون لە تەلەفزیۆنە عەرەبیەکانی عێراقەوە دەیانگوت: «پێیان گوتووین ئەگەر دەتانەوێت نوێنەری کوردستان بن، بگەڕێنەوە بۆ لای مسعود بارزانی»، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی تشرینی ٢٠٢١ ئەم واقیعەی زیاتر گۆڕی و کورسییەکانی پارتی جیا لەوەی هەشت کورسی لە چاو هەڵبژاردنی ٢٠١٨ زیادی کردووە، لە هەمان کاتدا یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستانیش زۆر لە ٢٠١٨ باشتر و تۆکمەتر بووە، هەموو ئەمانەش بۆ لۆژیك و لێهاتوویی سەرۆك بارزانی لە قەڵەم دەدرێت، بۆیە ڕایەکی گشتی دروست بووە، دەبێت دوایین قسە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لای مسعود بارزانی بێت، ئەگەر بمانەوێت حکومەت دروست بکەین، دەبێت مەرجەکانی بارزانی لە بەر چاو بگرین.

● لە چاوی سیاسەتمەدارانی شیعە بە تایبەتی و عەرەبی عێراق بە گشتی، داخوازی و پێداگریی سەرۆك مسعود بارزانی لە چوارچێوە گشتییەکەی عێراقدا بریتییە لەوەی کە (عێراق، عێراقێکی سەقامگیر بێت و سیستمێکی سیاسی هەبێت کە هاووڵاتیان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەیانەوە خۆیان بە هاووڵاتی پلەیەك بزانن و هەموو تواناکان بکرێتە یەك بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵکی عێراق)، بەڵام لە چوارچێوە نیشتمانییە کوردستانییەکەیدا کە بریتییە لە (پارێزگاریکردن و پاراستنی قەوارەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بە دیالۆگ و لە چوارچێوەی یاسا و دەستووری عێراقدا).

سیاسەتمەداری عەرەبی شیعە و سوننە دەزانن، داخوازیی بارزانی لە چوارچێوە گشتییەکەی

**سەردانی سەدر بۆ لای عەمار حەکیم وەک لایەنێکی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، پەیامێکی دیکەی سەدرە بۆ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەوەی لە ناو خۆتاندا یەکگرتوو و یەک هەڵویست نین**

**پارتی دیموکراتی کوردستان، (کە لێکتێگەیشتنی زۆر باشیشی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە)، دەربڕی هەڵوێستی یەکگرتوویی کوردستانییە و بە یەک مەودا لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان ڕادەوەستن و، خوازیاری ئەوەن ببنە لایەنێکی خێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام نابنە لایەنێک لە کێشەکە**

**ئامانجی کورد لە بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق پلە و پۆست نییە، بەڵکو بەرنامەی داهاتووی حکومەتی عێراقە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا**

عێراقدا، ئەرکێکی دەستەجەمعیی هەموو هێز و لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراقە و ئێستاش ئەو زەمینەیە لەبار نییە، بەڵام چوارچێوە نیشتمانییە کوردستانییەکە، تەنیا ئەرکی سەرشانی مسعود بارزانی-یە و ئەویش سازشی لەسەر ناکات، ئەوجا، یان دەبێت وەك مێژووی سەد ساڵەی عێراق، عێراق دەوڵەتێکی کاول و ناسەقامگیر بێت، یان ئەوەتە دەبێت لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی ڕێکبکەون.

**● عێراقی داهاتوو**

**لە ناو کام شێوازی دەوڵەت خۆی پێناسە دەکاتەوە؟**

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ و سەرەتای ٢٠٠٧، جۆزیف بایدنی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو لە کۆنگرێسی ئەمریکا و، زەمینەی بۆ هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی خۆش دەکرد و، گەورەترین کارت بە دەستییەوە بۆ ئەو مەبەستە «شکستی سیاسەتی بوش بوو لە عێراقدا»، بۆیە پلانێکی تازەی بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق دارشت و ناوی لێ نا: پلانی «B»، بەپێی ئەم پلانەش عێراق بە شێوەیەکی نەرم بە سەر سێ هەرێمی «کورد و سوننە و شیعە» دابەش دەکرێت و هەر سێ هەرێمەکەش یەکگرتوویی خاکی عێراق دەپارێزن.

هەر لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی ئەم پلانەی جۆزیف بایدن، بیرمەندی ناسراوی ئەمریکی ئەمیتا ئیزایۆنی پلانێکی بۆ عێراق بە ناوی پلانی «Z» وەك دواپلان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق ڕاگەیاند، ئیتزایۆنی لە پلانەکەیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، مۆدێلی دەوڵەت بە سەر عێراقییەکاندا فەرز مەکەن، خۆیان چ دەوڵەتێکیان دەوێت، با خۆیان دروستی بکەن، بۆ ئەمەش شاری سەدری ناو بەغدای بە نموونە هێنابووەوە و، ئاماژەی بەوە کردبوو، ئێستا لەو شارە تەنیا سەدر و چەکدارەکانی باڵادەستن و خەڵك کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات و قوتابخانە و نەخۆشخانەکان کراوەن و ژیانیش زۆر ئاسایی بەڕێوە دەڕوات، خەڵکیش لە بارودۆخەکە ڕازییە، ئیدی بۆ ئەو بارودۆخە تێك دەدەن؟

ئەوکات و دوای هاتنی ئۆباما وەك سەرۆك و بایدن وەك جێگری سەرۆك، کەم تا زۆر قسەکانی ئیتزایۆنی بایەخی پێ نەدرا، بەڵام لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی کە جۆزیف بایدن وەك جێگری سەرۆکی ئەمریکا و بەرپرسی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق نەیتوانی پلانەکەی خۆیشی جێبەجێ بکات، کە ناوی نابوو: «دابەشکردنێکی نەرم». بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو ١٠ مانگەی کە جۆزیف بایدن وەك سەرۆکی ئەمریکا دەستبەکار بووە و، دوو هەڵوێستی فەرمیی ئیدارەی بایدن تا ڕادەیەکی زۆر گرنگ، ئاماژەیە بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی ئیدارەی بایدن بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان:

١- هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی ئەمریکا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کارەکانی یۆنامی لە عێراق بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە و پشتگیریی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کە داوای پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکات، ئەمە دووپاکردنەوەی هەمان ئەو هەڵوێستە نێودەوڵەتییە بووە کە جەخت دەکەنەوە لەوەی دەبێت عێراق بەهێز بێت و هەرێمی کوردستانیش لەناو دەوڵەتی عێراقدا هەرێمێکی بەهێز بێت.

٢- هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی ئەمریکا سەبارەت بە ئاکامی کۆنگرەی بونیادنانەوەی عێراق کە بە سەرپەرشتیی ئەمانوئیل ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) یەك دوو مانگ پێش ئێستا لە بەغدا بەڕێوەچوو، لەم هەڵوێستەدا حکومەتی ئەمریکا جیا لەوە پیرۆزبایی لە عێراقییەکان دەکات بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە، لە هەمانکاتدا زۆر ڕاشکاوانە جەختیش لە پەیوەندیی باشی نێوان هەولێر و بەغدا دەکاتەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا جۆزیف بایدنی ئێستا کە سەرۆکی ئەمریکایە، جیاوازە لەو جۆزیف بایدنەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بووە لە ئەنجومەنی سەنات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت بە دوو شێواز بدرێتەوە:

یەکەمیان: لە ٢٠٠٦ جۆزیف بایدن بەشێك بووە لە ئۆپۆزسیۆن و هەموو کاتیش قسەی سەردەمی ئۆپۆزسیۆن قسەی سەردەمی فەرمانڕەوایی نەبووە.

دووەمیان: لە ٢٠٠٦ ئیسلامی سیاسیی شیعە

**بارودۆخی سیاسیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەرچییەک بێت، مسعود بارزانی سازش لە سەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان ناکات**

**مسعود بارزانی ڕێبەرێکی ڕاستگۆیە و ئیمزا لەسەر هەر ڕێککەوتنێک بکات، ڕێز لە ئیمزاکەی خۆی دەگرێت**

**داوا دەکەین مسعود بارزانی وەک ڕابەرێکی عێراقی و نیشتمانی هەنگاو بۆ ڕێککەوتنی «هەولێر ٢» هەڵبگرێت و جارێکی دیکە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان لە هەولێر کۆبکاتەوە و ڕێککەوتنی «هەولێر ٢» بە هاوشێوەی ڕێککەوتنی هەولێری ٢٠١٠ دووبارە بکاتەوە**



خۆیان هاندەر بوون بۆ سیستمی فیدراڵیی عێراق و کێشە لە سەر یاسای دروستکردنی هەرێمەکان هەبوو، بۆیە دەکرێت ئەو پیشنیارەی بایدن تەواوکاری ئەو پیشنیارەی لیسلی گلپ سەرۆکی فەخریی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا بوویێت، کە گلپ خۆی خاوەنی پرۆژەی دروستکرنی سێ هەرێمە لە عێراقدا، بە دیوێکی دیکەدا، ئەوکات بایدن کە ئۆپۆزسیون بووە و لایەنی فەرمانڕەواش کە کۆمارییەکان بوون، هیچیان لە عێراق بەو ئاستە نائومێد نەبوون کە بکەوێتە گۆشەیەکەوە و نەتوانرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ئێستا ڕاستە بایدن سەرۆکە، بەڵام کۆمارییەکانیش کە ئۆپۆزسیونن بەرامبەر بە عێراق زۆر نائومێد بوون.

ڕیشەی ئەم نائومێدبوونە لەسەر ئاستی ئەکادیمی و ئەو لیژنانەی بۆ ڕاستکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکا پێکدەهێندرێن، تازە نین و لە ٢٠١٦وە و لە میانەی ڕاپۆرتی (ئۆلبرایت و هادلی) پێشنیاری ئەوە کراوە، لە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، کوردستان و عێراق تیکەڵ نەکرێن و، لە پێشدا پرۆسەی سیاسی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق ڕێکبخرێتەوە، پاشان میکانیزمێك بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بدۆزرێتەوە.

ئەو بارودۆخەی ئێستا کە لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هاتووەتە ئاراوە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لە سەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ناسنامەی عێراق بەو ئاستە گرنگ نەبێت بەوەی «فیدراڵی بێت، یان قەومی، یان ویلایەتی فەقی»، ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە «بەشە عەرەبیەکەی عێراق» هەر چۆنێك بێت، دەوڵەتێکی سەقامگیر بێت و هەرێمی کوردستانیش وەك قەوارەیەکی سیاسی هێز و شکۆی خۆی هەبێت و مافە دەستوورییەکانی جیبەجێ بکرێت، ئەوکات کە ئەمە هاتەئاراوە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەرمدا میکانیزمێك بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا دێتە ئاراوە.

**ئەو بارودۆخەی ئێستا کە لە دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هاتووەتە ئاراوە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ناسنامەی عێراق بەو ئاستە گرنگ نەبێت بەوەی «فیدراڵی بێت، یان قەومی، یان ویلایەتی فەقی»، ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە «بەشە عەرەبییەکەی عێراق» هەر چۆنێک بێت، دەوڵەتێکی سەقامگیر بێت و هەرێمی کوردستانیش وەک قەوارەیەکی سیاسی هێز و شکۆی خۆی هەبێت و مافە دەستوورییەکانی جیبەجێ بکرێت**

## دکتۆر بەشیر حەداد

سیاسەتمەدار و جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# هەمووان لە چاوەڕوانی ئەوەن سەرۆک بارزانی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەم تونێڵە تاریکەی ئێستا دەرباز بکات

**سەرۆک بارزانی ڕۆڵی گەورەی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکان هەیە**

**کورد ڤیتۆی لەسەر کەسەکان نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرنامەی حکومەت و زامنکردنی ماف و ئیستحقاقە دەستوورییەکانی هەرێم گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات**

*** وەکو سیاسەتمەدار و جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەکرێت پێمان بڵێن ئەم هەڵبژاردنە چی نوێی گۆڕیوە و تایبەتمەندێتی ئەم هەڵبژاردنە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان چی بووە؟**

- تایبەتمەندێتی هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی عێراق لە ڕووی یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان و بازنە و بەدیهێنانی دەنگ و کورسییەکان و تەنانەت کەش و هەوای ئارامی پرۆسەکە، زۆر جیاواز بوو، هەر خۆی لە خۆیدا بچووك کردنەوەی بازنەی هەڵبژاردنەکان و دەنگدان لەسەر بنەمای تاکە کەسی، نە وەك بۆ لیستەکان جیاوازییەکی بەرچاوی هەڵبژاردنەکە بوو، لەمەشدا ژمارەیەك حزب و لایەنی سیاسی پێگەی پێشوویان لە دەست دا و، نەیانتوانی دەنگەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و سەرکەوتوو دابەشی سەر بازنەکانی هەڵبژاردن بکەن و مامەڵەیەکی ڕاست و دروستیان لەگەڵ یاساکەدا نەکرد، ئەوە بوو دەنگەکانیان پەرت و بڵاو بووەوە و کورسیی پێویستیان بەدەست نەهێنا، لە بەرامبەردا هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی دیکە کە توانییان دەنگەکانی خۆیان باش ڕێك بخەن و دەزگای هەڵبژاردنەکانیان توانییان مامەڵەیەکی باش و تێگەیشتوو لەگەڵ یاساکە و ئامانجی یاساکە و مامەڵەیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ فرە بازنەیی بکەن، توانییان سوود لە دەنگەکانی خۆیان وەربگرن و، ڕەنگە بە دەنگێکی کەم بەڵام کورسیی زیاتریان بەدەست هێنا. هەروەها بوونی کۆمسیۆنێکی تازەی هەڵبژاردن کە پێکهاتبوو لە دادوەر و کەسانی بەتوانا جیاوازییەکی دیکەی بەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق دابوو، ئەمەش بە شاهیدی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و زۆر لایەنی نێوخۆییش کە هەموویان ئاماژەیان بەوە دابوو، ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق سەرکەوتوو بووە و تا ڕاددەیەکی زۆر خاوێن و بێگەرد بووە، جیاوازییەکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو خودی سەرۆك وەزیرانی عێراق خۆی کاندید نەکردەوە، لە کاتێکدا لە خولەکانی دیکەدا سەرۆك وەزیرانی عێراق یەکێك بوو لە بەربژێرەکان، بێگومان بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنە لە کەش و هەوایەکی ئارام جیاوازییەکی دیکەی پرۆسەی هەڵبژاردن بوو، بەوەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە هەر لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و لە دوای هەڵبژاردنەکەش توندوتیژی ڕووی نەداوە و خاڵی بوو لە پەلاماردانی وێستگە و سندوق سووتان



**سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و زیادبوونی کورسییەکانی کورد و پەرتەوازەیی نێوماڵی شیعە و دەستتێوەردانی دەرەکی و سیناریۆکانی دامەزراندنی حکومەتی عێراق؛ تەوەرەی سەرەکیی گفتوگۆکانی گۆڤاری گوڵان بوون، لەگەڵ دکتۆر بەشیر حەداد سیاسەتمەدار و جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.**

و بە چەك هەڵکوتانە سەر بنکەی هەڵبژاردنەکان.

*** حیکمەتی سەرۆك مسعود بارزانی جۆرێك لە یەکگرتوویی نێوماڵی کوردی دروست کردووە و کاریگەریی لە سەر سوننە بە حەلبووسی و خەمیس خەنجەریش هەیە، ئەم هەڵوێستە سیاسییە و پێگە بەهێزەی بارزانی تا چەند خزمەتی بە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق و پاراستنی سەقامگیری گەیاندووە؟**

- هەڵوێستی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لە نێوخۆی کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو عێراق و لەدەرەوەی عێراقیشدا هەڵوێستێکی زۆر ئیجابی و حەکیمانە بووە و ئاماژەی پێ کراوە و پیشوازییەکی دروست و ئەرێنی لێ دەکرێت، هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕاستگۆیی لە هەڵوێستی سەرۆك بارزانی دەبینن و متمانەی تەواویان پێیەتی، چونکە جگە لەوەی سەرۆك بارزانی خاوەنی پێگەیەکی بەهێز و خەباتێکی درێژخایەنە، نەگۆڕیی و جێگریی لە بەڵێنەکانیشدا هەیە، ئەم حاڵەتە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و لە ناو زۆربەی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی دیکەدا ونە، ئەوان نامتمانەیی لە نێوانیاندا هەیە، بەپێچەوانەوە سەرۆك بارزانی کاتێك بەڵێنێك دەدات، ڕاستەوخۆ بۆ لایەنی بەرامبەر زەمانەتێکە بەوەی هەڵوێستەکەی خۆی ناگۆڕێت و لە نیوەی ڕێگادا بەجێیان ناهێڵێت، من لە بەغدا و لەناو پەرلەمانیشدا لایەنەکانی دیکە و زۆر لە کەسایەتییە گەورەکانی عێراق باسی ئەم هەڵوێستە و پێگەیەی سەرۆك بارزانی-یان بۆ کردووم و، بەئاشکرا پێیان وتووم بارزانی ئەو کەسایەتییە گەورەیەی کوردە کە ناسراوە بە ڕاستگۆیی و خاوەنی هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیەتی و هەر لایەنێك هاوپەیمانێتی لەگەڵ بکات، بە ڕاستگۆیی لەگەڵیدا دەبێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات و، بە هەڵوێستی جوامێرانەی هەرگیز پشتی تێ ناکات. هەڵوێستی ڕاستگۆیی و جێگیری سەرۆك بارزانی وای کردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنە سیاسییەکان متمانە و باوەڕیان بە سەرۆك بارزانی زیاتر بێت و، پێگەی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و ناوچەکەشدا ڕوون و ئاشکرا بێت. ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی سیاسیی عێراق و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێو لایەنە سیاسییەکانی نێوماڵی شیعە و سوننەشدا بە هەند وەردەگیرێت و، بووەتە ئامرازێك بۆ سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و بە هەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیشدا.

**بوونی کۆمسیۆنێکی تازەی هەڵبژاردن کە پێکهاتبوو لە دادوەر و کەسانی بەتوانا جیاوازییەکی دیکەی بەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق دابوو**

**ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا و زۆر لایەنی نێوخۆییش ئاماژەیان بەوە داوە، ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق سەرکەوتوو و تا ڕاددەیەکی زۆر خاوێن و بێگەرد بووە**

سەرۆك بارزانی نەك هیچ کاتێك هۆکاری کێشە نەبووە لە عێراقدا بەڵکو بەردەوام بەشێکی سەرەکی و ئامراز و هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و پاراستنی ئەو ئەزموونە بووە کە لە دوای ٢٠٠٣وە هاتوەتەئاراوە، بۆیە لایەنە سیاسییەکان زۆر چاویان لە هەڵوێستی سەرۆك بارزانی-یە و چاوەڕوانی ئەوەن لێی جەنابیان ڕۆڵێکی گەورە ببینێ لە بە یەك گەیاندنی لایەنەکان و، پرۆسەی سیاسیی عێراق لەم چەقبەستوویيەی ئێستا و لەناو ئەم تونێلە تاریکەدا دەرباز بکات، هەروەها بەشێکی گرنگی بڕیاری دروستکردنی حکومەت وەکو هەموو جارەکانی دیکە سەرچاوەکەی لەلای سەرۆك بارزانی-یە لە هەولێر.

*** باسی چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسیت کرد؛ هەموو دەزانین لە نێوماڵی شیعەدا ناکۆکییەکی توند لە نێوان مالیکی و سەدر هەیە؛ هیچ لایەنێکیان ئامادە نین سازش بۆ ئەوی دیکە بکات و، هیچ کاتێکیش ناتوانن بۆ پێکهێنانی حکومەت بە تەنیا زۆرینە دروست بکەن؛ پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم ناکۆکییە نابێتە هۆی دروستبوونی گرژی و کێشە و ئاڵۆزیی زیاتر؟**

- لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقی ئاڵۆز و ناسەقامگیردا چاوەڕوانی زۆر ئەگەر و سیناریۆ دەکرێت، ئێستا هەموو لایەنەکان لە چاوەڕوانیی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانن، بۆ ئەوەی ئاراستەی دادگای فیدراڵی بکرێت و، دادگاکەش پەسەندی بکات، ئەو کات بە دیار دەکەوێت کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان چۆن چارەسەر دەکرێت، سیناریۆکان زۆرن، بەڵام ئەگەری کەوتنەوەی کێشە و توندوتیژیی گەورە بەدوور دەزانم، بە ڕای ئێمە لە دواساتەکاندا مەرجەعییەت تەدەخول دەکات و ڕێگا نادات ئەو توندوتیژییە فراوانە دروست بێت، یان هەردوو لایەنی سەرەکیی نێوماڵی شیعە بەتایبەت ئیتیلافی تەنسیقی و ڕەوتی سەدری بگەنە یەك و پێکەوە حکومەتێکی ئیتیلافی دامەزرێنن، لەکۆتاییدا کێشەکە لە نێوماڵی شیعەدایە و پێکهاتەی سوننە و کورد کێشەیان نییە و هەر دوو لا لە سەر ئەوە کۆکن، کە چاوەڕوانی ئەوە بکەن سەرەتا با شیعە نێوماڵی خۆی ڕێك بخاتەوە و بڕیارێك دەربکەن، ئەو کات سوننە و کوردیش بڕیاری خۆیان بدەن. بۆیە ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە توندوتیژییەکی گەورە دروست نابێت لە نێوان لایەنە شیعەکان کە وەکو شەڕێکی ئەهلی لێ بێت. مەرجەعییەت لەسەر مێزێك کۆیان بکاتەوە و کەسایەتیەك دیاری بکەن بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و هەمووان پێی ڕازی بن، ئەمجارەش لە عێراق حکومەت بە تەوافوقی پێکدێت نەك بە زۆرینە، چونکە هیچ لایەنێك ناتوانێت ١٦٥ دەنگ لەناو پەرلەماندا مسۆگەر بکات، بەتایبەتی کە کورد و سوننە چاوەڕێی ڕێککەوتنی نێوماڵی شیعەن و بەبێ ئەم دوو پێکهاتەیەش حکومەت دانامەزرێت.

*** بەڵام ڕەوتی سەدر هەموو ڕۆژێك لێدوانێك دەدات و، هەرجارەو باسی شتێك دەکات لە حکومەتی نیشتمانی و حکومەتی سەدری و کەسێکی سەدری (قوح) بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و زۆرینەی تەوافوقی و...هتد، ئایا ڕەوتی سەدر ئاراستەیەکی دیار و ڕوونی هەیە؟**

- ڕەوتی سەدر لەسەر ئاستی عێراق براوەی یەکەمە و زۆرترین دەنگی هێناوە، بەڵام لایەنی تەنسیقی شیعەش کە پێکهاتووە لە ژمارەیەك لایەنی شیعی ئەگەر پێکەوە بن لەگەڵ لایەنی دیکەش دەتوانن ژمارەی کورسییەکانیان لە ڕەوتی سەدر زیاتر بێت، ڕاستە سەدرییەکان بەردەوام دەڵێن ئێمە براوەی یەکەمین، سەرەتا سەدرییەکان لێدوانێکی گرنگیان هەبوو، دەیانوت دەبێت ئەمجارە کاندیدی حکومەت بۆ سەرۆك وەزیران کەسێکی سەدری (کوح) بێت، یان سەدری پێی ڕازی بێت، ئەوەش واتە بوارێکیان بۆ دانوستاندن و گفتوگۆکانیان هێشتووەتەوە.

*** باسی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو پێکهێنانی حکومەتی عێراقت کرد، وەکو ئاشکرایە هەموو کات لایەنی دەرەکی بۆ پێکهێنانی حکومەت و لەناو سەرجەم پرۆسە سیاسییەکەدا دەستتێوەردان دەکەن، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ ئایا بەبێ ئێران حکومەتی داهاتووی عێراق دروست دەبێت؟**

- من پێم وایە کۆمەڵێك لایەنی نێوخۆیی و دەرەکی ڕاوبۆچوونیان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەیە، لەنێوخۆ پێکهاتەکانی شیعە و سوننە و کورد بوونیان هەیە و دەبێت ڕاوبۆچوون و داخوازییەکانیان بە هەند وەربگیرێت و، بگرە لەسەر زۆر مەسەلەی تایبەت بە شیعەکانیش ڕای خۆیان هەیە، هەرچی لایەنی دەرەکیش هەیە، کۆمەڵێك وڵاتی وەکو ئەمریکا و ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو، ڕۆڵیان لە یەکلاکردنەوەی گرژییەکان و دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی

**هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕاستگۆیی لە هەڵوێستی سەرۆک بارزانی دەبینن و متمانەی تەواویان پێیەتی**

**سەرۆک بارزانی کاتێک بەڵێنێک دەدات، ڕاستەوخۆ بۆ لایەنی بەرامبەر زەمانەتێکە بەوەی هەڵوێستەکەی خۆی ناگۆڕێت و لەنیوەی ڕێگادا بەجێیان ناهێڵێت**

**پێکهاتەی سوننە و کورد کێشەیان نییە و هەر دوو لا لە سەر ئەوە کۆکن، کە چاوەڕوانی ئەوە بکەن سەرەتا با شیعە نێوماڵی خۆی ڕێک بخاتەوە و بڕیارێک دەربکەن، ئەو کات سوننە و کوردیش بڕیاری خۆیان بدەن**

**ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە توندوتیژییەکی گەورە دروست نابێت لە نێوان لایەنە شیعەکان کە وەکو شەڕێکی ئەهلی لێ بێت، چونکە لە کۆتاییدا وا چاوەڕوان دەکرێت، مەرجەعییەت لەسەر مێزێک کۆیان بکاتەوە**

حکومەت دەبێت و، ئەم وڵاتانەش لایەنی بەهێزن لە یەکلاکردنەوەی ئەم گرژی و ململانێیانە و گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتێك کە لەنێوخۆ و لە دەرەوەش هەمووان لە سەری ڕازی بن. کوردیش ئەمڕۆ هەنگاوێکی باش و بڕیارێکی باشی داوە، بەوەی نەبێتە لایەن لەگەڵ هیچ لایەنێکی شیعە و لە دژی هیچ لایەنێکی دیکەی شیعە نەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەوتی سەدری و ئیتلافی تەنسیقی، بەپێچەوانەوە سەرۆك بارزانی و لایەنە سیاسییەکان زۆر بە ژیرانە لە چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوماڵی شیعەن و ئەوکات لەگەڵ زۆرینەی شیعە کە ڕێککەوتن گفتوگۆکان لە سەر بنەمای پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەست پێ دەکات، نەك بەپێچەوانەوە گفتوگۆ و ڕێککەوتن بکات، لە دژی لایەنێکی دیکە، ئەم سیاسەتەی لە ڕابردوودا نەکردووە و ناشیکات. کورد ڤیتۆی لە سەر کەسەکان نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرنامەی حکومەت و زامنکردنی ماف و ئیستحقاقە دەستوورییەکانی هەرێم گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات.

*** ئەی سەبارەت بە سەرۆك کۆماری عێراق کە کەمتر باسی لێوە دەکرێت و بۆ پشکی کوردە، ئەگەرەکانی یەکلاکردنەوەی ئەم پۆستە چۆنە؟**

- بەداخەوە لەسەر زمانی ئێمە وا بڵاوکرابووەوە کە دکتۆر بەرهەم نابێتەوە بە سەرۆك کۆمار و لەم ڕووەوە نووسینگەی ئێمە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و بەناوی منەوە ئەو قسانە ڕەت کرانەوە، من بەو شێوازە نەموتووە دکتۆر بەرهەم نابێتەوە بە سەرۆك کۆمار؛ بەڵکو وتوومە بە ڕا و بۆچوونی ئێمە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لەوانەشە لە چوارچێوەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان هەندێك لە سەرۆکایەتییەکان دووبارە بمێننەوە، بەڵام بۆچوونی ئێمە وایە و پێشبینی دەکەم گۆڕانکاری لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە بکرێت، هەرچی سەرۆك کۆماری عێراقە بە تەئکید ئەم پۆستە پەیوەستە بە کورد و لە نێوان پارتی و یەکێتی یەکلا دەبێتەوە بەو پێیەی گەورەترین دوو لایەنی براوەی کوردین، لە هەموو حاڵەتێکدا گرنگ ئەوەیە ئەم پۆستە بۆ کوردە، بەڵام بۆ پارتی دەبێت، یان بۆ یەکێتی و لەناو ئەم دوو حزبە چ کەسایەتییەك بە دەستی دەهێنێت، ئەمە وابەستەیە بە گفتوگۆکانی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەوەی من بزانم تا ئێستا باس لەو بابەتە نەکراوە.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان سەردان و گفتوگۆکانی بۆ لای لایەنە سیاسییەکان دەستی پێ کردووە، ئایا تاچەند ئەم هەڵوێستە گرنگە و یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوماڵی کورد تا چەند پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز دەکات؟**

- ئەمڕۆ سەردەمی هێزە، بەتایبەتی لە عێراقدا، هەر لایەنێکی سیاسی و پێکهاتەیەك بەهێز نەبێت، بەهێزەکان دەیخۆن، هەر خۆی لەخۆیدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و پێکهێنانی حکومەت ململانێ و ناکۆکییەکان لە نێوان بەهێزەکانە، بۆیە پێویستە کوردیش خۆی بەهێز بکات، بەهێزیی کوردیش لە حیکمەتی سەرۆك بارزانی و بوونی کەسایەتییەکی بەهێزی وادایە کە هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆبکاتەوە و کار بۆ بەهێزبوونی یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوماڵی کورد بکات، هەر خۆی لەخۆیدا سەردانەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەنگاوێکی زۆر ئەرێنی و باش و ڕێکوپێك بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی ئەو لایەنانەشی کرد کە لە هەڵبژاردنەکە کورسییان نەهێنابوو، واتا هیچ لایەنێکی لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەبیر نەکردووە، لایەنی سیاسی لای پارتی تەنیا بە ژمارەی کورسی نییە، لایەنی سیاسی هەیە، ئەمڕۆ یەك کورسیشی نییە، کەچی پێگە و ڕۆڵی خۆی لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا هەیە، لایەنی سیاسی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا ژمارەی کورسی هەر نییە، یان زۆر کەمە، بەڵام خەباتی مێژوویی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا هەیە و کاریگەریی سیاسی و پێگەیەکی مەعنەویی خۆی هەیە، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمیش ئاماژەی بەوە دابوو، کە لایەنە سیاسییەکان هەمووان لەسەر یەك مێز کۆدەکاتەوە و گفتوگۆ دەکەن کە چۆن پێکەوە هەنگاو بەرەو بەغدا بنێن و نێوماڵی کورد بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی بپارێزن و ڕۆڵی کورد و کوردستانییەکان لە پاراستنی دەستکەوت و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی بپارێزن، ئەمڕۆ کورد زیاتر لە ٦٠ کورسی لە پەرلەمانی عێراق هەیە و ئەگەر بە تەنسیق و یەکگرتوویی و یەکدەنگی و ڕێکخستنی نێوماڵی خۆی کار بکات، ئەوا دەتوانێت لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و لەناو پەرلەمان و حکومەت و کۆی پرۆسە سیاسییەکەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت.

**هیچ لایەنێك ناتوانێت ١٦٥ دەنگ لەناو پەرلەماندا مسۆگەر بکات، بەتایبەتی کە کورد و سوننە چاوەڕێی ڕێککەوتنی نێوماڵی شیعەن و بەبێ ئەم دوو پێکهاتەیەش حکومەت دانامەزرێت**

**ئەمڕۆ سەردەمی هێزە، بەتایبەتی لە عێراقدا، هەر لایەنێکی سیاسی و پێکهاتەیەك بەهێز نەبێت، بەهێزەکان دەیخۆن**

**پێویستە کوردیش خۆی بەهێز بکات، ئەگەر بەلاوازی بچێتە ناو هەر گەمەیەکی سیاسی، ئەوا بێگومان لەو گەمە سیاسییەدا بە دۆڕاو دەردەچێت، تا ئەو ڕادەیەی ڕەنگە ئەوەی بە دەستیشی هێناوە لە دەستی بدات**

**پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی ئەو لایەنانەشی کرد کە لە هەڵبژاردنەکە کورسییان نەهێنابوو، واتا هیچ لایەنێکی لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەبیر نەکردووە**



**فەریق جەمال ئیمینکی**

**سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گوڵان:**

# داعش بە شێوازێکی نوێی چەکداری هێرش دەکات و دۆخەکە مەترسیدارتر دەبێت

**بوونی بۆشایی ئەمنی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و کۆمەڵێك هۆکاری دیکە، بوونەتە هۆی زیادبوونی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هێڵ و سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرە و چەند پرسێکی دیکە، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ فەریق جەمال ئیمینکی سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە سازدا.**

*** وەك سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە، زیادبوونی جموجووڵ و هێرشەکانی داعش بۆ سەر هێزی پێشمەرگە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- کاتێك حکومەتی عێراق کۆتایی داعشی ڕاگەیاند، سەرۆك بارزانی هەر زوو لایەنی عێراقی و هاوپەیمانەکانیشی ئاگادار کردەوە، کە داعش کۆتایی نەهاتووە، لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ئەم دواییەی لەگەڵ لایەنی ئەمنی و سەربازیی عێراق، سەرۆك بارزانی بۆ جارێکی دیکە هۆشداریی دا، کە کار و کردەوە تیرۆرستییەکانی داعش زیاتر دەبێت، ئەوەتا لە سەرجەم ناوچەکانی دیالە و خانەقین و گەرمەسێر و کفری و سەرگەڕان و دەوروبەری مەخموور و لە بەرزاییەکانی زورگەزراو لە پردێ و دەوروبەری مووسڵ و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەو شارە، جموجووڵ و هێرشەکانی داعش زیاتر بووە، بە ڕاددەیەك کە بە جلوبەرگی سەربازییەوە بازگەی وەهمی دادەنێن و خەڵکی دەکوژن و دەڕفێنن، لاوازیی لایەنی ئەمنی و سوپای عێراق و، نەبوونی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی بەرگری و، هەندێك جار مامەڵە و هەڵسوکەوتی خراپ و نەزانانە لە ناوچەی عەرەبە سوننەکان و، بوونی بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ زیادبوونی جموجووڵەکانی داعش.

*** هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا چەند لە ئامادەباشیدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێکی لەناکاوی داعش، کە دەکرێتە سەر هێڵەکانی پێشەوەی سەنگەر و ڕەبایەکانی پێشمەرگە؟**

- داعش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە زورگەزراو لە سنووری پردێ، هێرشی کردە سەر ڕەبایە و هێڵی پێشەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەداخەوە لە لیوای ١٠ی وەزارەتی پێشمەرگە دوو پێشمەرگەمان شەهید بوون، بەپێی زانیاریە هەواڵگرییە سەربازییەکان، هێرشەکانی داعش بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقیش ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەمەش حاڵەتێکی پێشبینی و چاوەڕوان کراوە، هەرێمی کوردستان دوژمنی زۆرە، لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی عێراق هێزێکی زۆریان لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاستی عێراق جێگیر کردووە و، لە توانایاندا نییە ئەو ژمارە زۆرەی سەرباز و هێز لەم ناوچانە جێگیر بکەن، بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان، کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە و، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ئێمە و هێزەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراقدا دروست بووە، داعش سوودی لەم بۆشاییە ئەمنییە وەرگرتووە، ئەوەی مەترسییەکەی زیاتر کردووە، گۆڕینی شێوازی چەکداری و هێرشەکانی داعشە کە بە گرووپی بچووك و، زۆرجار مەفرەزەی دوو سێ کەسی هێرشی لەناکاو دەکەن و، هەر زووش لە ناوچەکە دەکشێنەوە، پێویستە پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق زیاتر بکرێت و، لە ڕووی لۆجستی و هوشیاری و شارەزاییشەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەشقی سەربازیی زیاتری پێ بکرێت. لەم ڕووەوە ڕێزدار سەرۆك بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم و ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵن، بۆ پاڵپشتی و هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، ئامادەباشی لە ئەگەری ڕوودانی هەر هێرشێکی دیکە.

**کاتێک حکومەتی عێراق کۆتایی داعشی ڕاگەیاند، سەرۆک بارزانی هەر زوو لایەنی عێراقی و هاوپەیمانەکانیشی ئاگادار کردەوە، کە داعش کۆتایی نەهاتووە**

**بەپێی زانیاریە هەواڵگرییە سەربازییەکان، هێرشەکانی داعش بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقیش ڕوو لە زیادبوون دەکات**

**ئەوەی مەترسییەکەی زیاتر کردووە، گۆڕینی شێوازی چەکداری و هێرشەکانی داعشە کە بە گرووپی بچووک و، زۆرجار مەفرەزەی دوو سێ کەسی هێرشی لەناکاو دەکەن**

*** باسی گرنگیی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقت كرد، لە كاتێكدا چەندین ڕێككەوتنتان لە نێواندایە، كەچی لە ڕووی پراكتیكییەوە هیچی جێبەجێ نەكراوە، ئایا چی ڕێگە لە جێبەجێكردنی ئەم ڕێككەوتنانە دەگرێت؟**

- بەڵێ، ڕێككەوتن و هەماهەنگیی سەربازی و ئەمنی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقدا هەیە، بڕیاریشە بە زووترین كات ئەم ڕێككەوتنانە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بكرێن، ئەوەتا بڕیاری دامەزراندنی دوو لیوای هاوبەشی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق هەیە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی كە لە نێوانماندایە پڕ بكەینەوە و لە خانەقین تاوەكو ڕۆژئاوای دیجلە حزووری سەربازی هەبێت. ئەو بۆشاییە ئەمنییەی نێوانمان كە داعش سوودی لێ وەرگرتووە، لە ڕووی جوگرافیای سەربازییەوە ڕووبەرێكی زۆر گەورە و ناوچەیەكی سەخت و ئاڵۆزیشە، بۆیە بەبێ بوونی هێزی هاوبەش ناتوانرێت ئەم ناوچەیە لە داعش پاك بكرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی قووڵاییەكی تۆپۆگرافیاش لە ناو گوند و ناوچە عەرەبە سوننەنشینەكان هەیە، من هەرگیز ناڵێم گوندنشینەكانی ئەم ناوچەیە هاوكاریی داعشەكان دەكەن، بەڵام گوندنشینەكان بەرامبەر چەكدارە داعشەكان چارەیان نییە و ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بكەن و، بە ناچاری داعشەكان هەرچییەكیان بوێت لە گوندنشینەكان دەیبەن، جێگای داخیشە، لایەنی عێراقی لەم ڕووەوە كەمتەرخەمە و، لایەنی دەرەكی و هەندێك گرووپی حەشدی شەعبی و چەكداری وڵاتانی بیانی، ڕێگرن لە جێبەجێكردنی بڕگەكانی ناو ڕێككەوتنەكان، وەك ئەوەی لە شنگال ڕووی داوە.

*** ئەگەر كەمێك باسی ڕێككەوتنی شنگالمان بۆ بكەیت، پەكەكە بۆچی ڕێگری لە جێبەجێكردنی دەكات؟**

- ڕێككەوتنی شنگال تەنانەت یەك بڕگەشی لێ جێبەجێ نەكراوە، حكومەتی عێراق لەم ڕووەوە كەمتەرخەمە، چونكە ناكرێت هێزێكی چەكداری بیانیی وەكو پەكەكە و هەندێك لە گرووپە چەكدارەكانی حەشد ڕێگری لە جێبەجێكردنی ڕێككەوتنێكی وا گرنگ بگرن، بەداخەوە پەكەكە بووەتە داردەستی دوژمنانی كورد و، پارە و چەك و تەقەمەنی لە گرووپە چەكدارەكانی حەشد وەردەگرن و، دژی هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەی وەستاوەنەتەوە. ئەی ئەوە نییە پەكەكە لە ناوچە سنوورییەكان بەهانە دەدەنە لەشكری توركیا و، بەرگرییەكی كەمیش ناكەن و دەكشێنەوە و خاكەكەیان تەسلیم دەكەن، ئۆباڵی ئەو هەموو شەهید و قوربانی وماڵوێرانییەی گوندنشینەكان لە ئەستۆی پەكەكەیە. ئێمە وەكو وەزارەتی پێشمەرگە و بە هەماهەنگی لەگەڵ لیوای پاسەوانیی سنووری سەر بە عێراق، زۆر بە باشی سەنگەرمان لێداوە و لە ئامادەباشیی تەواودایـن، بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك ئەگەر لە داهاتوو ڕووبدات و، بەهێزەوە خاكی هەرێمی كوردستان دەپارێزین.

*** مەشق و پڕچەككردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و جێبەجێكردنی چاكسازییەكان گرنگن بۆ بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، ئەمەش بە هاوكاری و پاڵپشتیی هاوپەیمانەكان باشتر بەڕێوە دەچێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، پەیوەندییەكانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان ئێستادا لە چ ئاستێكدایە؟**

- پەیوەندییەكانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان لە ئاستێكی بەرز و باشدایە، ڕاوێژكارەكانیان لێرەن و لە بۆردی چاكسازیی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵماندان، هەماهەنگی و پاڵپشتیی جێبەجێكردنی چاكسازییەكە دەكەن، ئەو چاكسازییەی لە ٣٥ خاڵ پێكهاتبوو، دوای ڕێكخستنەوە و دەمجكردنی چەند خاڵێك، ٢٦ خاڵی ماوەتەوە و، ئەوەی گرنگ و هەستیارە دوو خاڵە، كە لە یەكخستنی یەكەی ژمێریاری و دامەزراندنی پڕۆژەی قیادەدا خۆی دەبینێتەوە، لە ئێستاشدا لێكتێگەیشتنی باش لە نێوان هەردوو یەكەی ٧٠ و ٨٠ و چۆنیەتیی هاتنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە هەیە. سەبارەت بە پڕچەككردنی وەزارەتی پێشمەرگەش، هاوكارییەكانی هێزی هاوپەیمانی دێت و، داوای چەكی پێشكەوتووشمان كردووە، بۆ ئەوەی لە ڕووی تەكتیكی و هێزەوە بتوانین ڕووبەڕووی داعش و ئەو هێرشانەش ببینەوە كە بە فڕۆكەی درۆن دەكرێتە سەر هەولێر، هاوپەیمانەكان داواكارییەكانی ئێمەیان ڕەت نەكردووەتەوە و ئەوان

**بەبێ بوونی هێزی هاوبەش ناتوانرێت ئەم ناوچەیە لە داعش پاك بكرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی قووڵاییەكی تۆپۆگرافیاش لە ناو گوند و ناوچە عەرەبە سوننەنشینەكان هەیە**

**لایەنی دەرەكی و هەندێك گرووپی حەشدی شەعبی و چەكداری وڵاتانی بیانی، ڕێگرن لە جێبەجێكردنی بڕگەكانی ناو ڕێككەوتنەكان، وەك ئەوەی لە شنگال ڕووی داوە**

**پەكەكە بووەتە داردەستی دوژمنانی كورد و، پارە و چەك و تەقەمەنی لە گرووپە چەكدارەكانی حەشد وەردەگرن و، دژی هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەی وەستاوەنەتەوە**

**پەكەكە لە ناوچە سنوورییەكان بەهانە دەدەنە لەشكری توركیا و، بەرگرییەكی كەمیش ناكەن و دەكشێنەوە و خاكەكەیان تەسلیم دەكەن**



لە نزیکەوە ئەم واقیعە دەبینن، کە چۆن بە چەکی پێشکەوتوو و دووربینی حەراری هێرش دەکرێتە سەر پێشمەرگە و، بە فڕۆکەی درۆن پەلاماری شاری هەولێر دەدرێت، ئێمە تەنیا لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردنی داواکارییەکەماندایـن.

*** ئایا داعش وەکو وەرەقەیەکی سیاسی و فشار لە دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێندرێت؟**

- داعش وەکو فکرەیەکی ئیرهابی و توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییە و کۆتایی نەهاتووە، ئەوانیش وەکو هەموو هێزە دوژمنکارەکانی دیکە لە نێوخۆی عێراق و ناوچەکەدا، دژی هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت دەکەن، ئەو چاوپێکەوتنە میدیاییانەی لەگەڵ کەسوکاری داعشەکان لە کەمپی هۆڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت، بە ئاشکرا هێشتا باسی دەوڵەتی بەناو خەلافەت دەکەن و، ئامادە نین دان بە شکست و کردەوە قێزەون و تیرۆریستی و کۆمەڵکوژییەکانیاندا بنێن و، ئامانجی شەڕ و هێرشەکانیان نەشاردووەتەوە، داعشیش وەکو هەموو گرووپ و هێزە چەکدارەکانی دیکە، بە ئاشکرا دژایەتیکردنی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان دووپات دەکەنەوە، ئەوەتا پەکەکە و چەندین هێزی حەشدی شەعبی و لایەنی سیاسیی شۆڤێنیی ڕەگەزپەرست، بەناوی دژایەتیکردنی پێشمەرگەوە دژایەتیی خەڵکی کوردستان و مافە ڕاواکانی دەکەن، ڕووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر هەندێك هێزی چەکدارو لایەنی سیاسیی دروست کردووە، کە دژایەتیکردنی پێشمەرگە و هەرێم بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان و زیادبوونی نفووزی خۆیان بەکار دەهێنن، خۆ هەر خۆی لەخۆیدا دژایەتیکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی شنگال و دژایەتیکردنی گەڕانەوەی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، ئەمە خزمەت بە داعش دەکات، چونکە حاڵەتی ناسەقامگیری و نائارمی بەردەوام دەبێت، بە دروستکردنی یەك سارتر لە باشووری چیای قەرەچۆخ و پاراستنی بە هەماهەنگی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقدا ڕێگریی تەواو لە جموجووڵ و هاتوچۆکانی داعش دەکرێت و، بە ئاسانی کۆنترۆڵی چیاکەش دەکەین. من وەکو سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە نامەوێت بچمە ناو تەفاسیلی چۆنیەتیی بەکارهێنانی داعش و هێزەکانی دیکەوە، بەڵام بە تەئکید دەستی ناوخۆیی و دەرەکییش بۆ تێکدانی ئارامی و سەقامگیریی کوردستان هەیە، گرنگ ئەوەیە ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پتەو دەبێت و، پەیوەندیی باشی نێوان پارتی و یەکێتییش بۆ ئەو سەقامگیرییە و بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگە و جێبەجێکردنی چاکسازییەکان گرنگە.

**دژایەتیکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی شنگال و دژایەتیکردنی گەڕانەوەی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، ئەمە خزمەت بە داعش دەکات**

**ڕووداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر هەندێک هێزی چەکدارو لایەنی سیاسیی دروست کردووە، کە دژایەتیکردنی پێشمەرگە و هەرێم بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان و زیادبوونی نفووزی خۆیان بەکار دەهێنن**

# دیمانەی تایبەت



ڕەشات کەسابە پرۆفیسۆری سیاسەتی ئەمریکییە لە سکوولّی هێنری جاکسۆن بۆ دیراسەتە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی واشنتۆن و پێشتریش بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەڕێوەبەری ئەم سکوولە بووە. شارەزا و تایبەتمەندی مێژوو و سیاسەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەروەها وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك مێژووی ئابووری، پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، پرسی کۆچبەران، مەسەلەی ناسیۆنالیزم و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و مێژووی جیهان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە و تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەو گۆڕانکارییانەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووی دا و سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە.

ڕەشات کەسابە
تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# لە بەردەم پەرەپێدانی شەراکەتێکی ستراتیژی لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا ئاستەنگ هەیە

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە گۆڕانکاری بە سەر باری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، بە تایبەتی لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتی کۆشکی سپی لەلایەن جۆ بایدنەوە، ئەگەر ئێمە ئەو ڕەچاو بکەین کە سەرۆك جۆ بایدن جەختی لەسەر کاری فرەلایەنی و گەڕانەوە بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کردووەتەوە، ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و ئایا پێتان وایە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی بایدن ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی گرتووەتەبەر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- لە ڕاستیدا ئەو پابەندبوونەی سەرۆك جۆ بایدن کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، پتر بانگەشەیە و ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی بەدی ناکرێت لە هەڵگرتنی هەنگاوی عەمەلیدا، کە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك بکەین: ئێوە لە بڕیارە بە پەلە و پڕ لە پشێوییەکەی بڕوانن کە بۆ کشانەوە و جێهێشتنی وڵاتی ئەفغانستان دەری کرد، کە پرس و ڕاوێژکردنی پێشوەختەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی وڵاتەکەیدا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) نەکرد لەم بارەیەوە. هەروەها دەکرێت ئاماژە بە ڕێککەوتنی ئەمنیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئوستراڵیا بکەین بۆ پەرەپێدانی ژێرئاوی کە بە وزەی ئەتۆمی کار دەکات، ئەوە بوو ئەمریکا بە بێ گەڕانەوە و ڕاوێژکردن لەگەڵ وڵاتی فەرەنسا ئەم کارەی کرد. هەروەها لەم ڕووەوە ڕێچکە و ڕێبازێکی دیاریکراو بەدی ناکەین کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن گرتبێتیەبەر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەها ئەوەی مایەی نارەحەتی و نائومێدیی زۆر کەسە، ئەوەیە کە ئیدارەکەی سەرۆك بایدن درێژەی بە زۆرێك لەو سیاسەتانە داوە کە پێشتر

**مایەی نائومێدیی زۆر کەس ئەوەیە کە ئیدارەکەی سەرۆک بایدن درێژەی بە زۆرێک لەو سیاسەتانە داوە کە پێشتر ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گرتنیەبەر لە ئاست چیندا**

ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتنیەبەر لە ئاست چیندا.

*** ئەی چۆن لە لە ئایندەی پەیوەندییەكانی نێوان وڵاتی عێراق و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە بتوانرێت شەراكەتێكی ستراتیژی و درێژخایەن لە نێوانیاندا بێتەئاراوە، بە تایبەتی كە دانوستاندنی ستراتیژی لە نێوانیاندا ئەنجام دراوە؟ ئایا هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییە هیچ كاریگەرییەكیان لەسەر ئایندەی ئەم پەیوەندییانە دەبێت؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە بووەتە بەربەست و ئاستەنگ بۆ لایەنی عێراق بۆ ئەوەی شەراكەتێكی درێژخایەن و بەردەوام لە نێوان عێراق و ویلایەتە یەكگرتووەكاندا بەدی بێت، بریتییە لە كاریگەری و دەستڕۆیشتوویی وڵاتی ئێران، كە ئەم دەستڕۆیشتووییە بەغدای كۆت و بەند كردووە، بۆ بەدیهێنانی ئەو شەراكەتەی ئاماژەمان پێ كرد. خۆ ئەگەر بپرسین: بۆچی ئێران ئەم چەشنە كاریگەرییەی لەسەر بەغدا هەیە؟ ئەوا وەڵامەكە ئەوەیە كە ئێران بوونی ئەم جۆرە شەراكەتە لە نێوان عێراق و ئەمریكادا بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەكانی تاران دادەنێت.

*** كێشەكی ئاڵۆز و درێژخایەنی دیكەی ئەم ناوچەیە بریتیە لە ناكۆكیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، كە ئاشكرایە تا ئێستا سەرجەم هەوڵ و دەستپێشخەرییەكان بێ ئاكام بوون و بگرە نائومێدی زیاتریان لێ كەوتووەتەوە، ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم ناكۆكییە و لە ئاسۆكانی چارەسەركردنی دەڕوانن؟**

- پێشبینی من لەم ڕووەوە ئەوەیە كە ئەم ناكۆكییە لە نێوان هەر دوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلدا بۆ ڕۆژگارێكی دیكەش درێژە دەكێشێت و بەردەوام دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین كە ئیسرائیل تەواو پێداگری لەسەر دروستكردن و بنیاتنانی كۆمەڵگە جوولەكەنشینەكان دەكاتەوە لەسەر خاكی فەلەستین و لە كەناری ڕۆژئاوای داگیركراودا. دواتر هەرچەندە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و خودی یەكێتی ئەورووپا بە ڕواڵەت و ڕووكەش ئاماژە بە پشتیوانی و پاڵپشتی خۆیان دەكەن بۆ گرتنەبەری ئەو چارەسەرەی كە بوونی دەوڵەتێكی فەلەستین لە پاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا لەخۆدەگرێت، ئەوا لە ئێستادا ژمارەیەكی كەمی شرۆڤەكاران و شارەزایان بەدیهاتن و هاتنەئارای ئەم چارەسەرە بە كارێكی واقیعبینانە دادەنێن. چونكە دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین كە ژمارەیەكی زۆری كۆمەڵگە جوولەكەنشینەكان و پتر لە (٥٠٠) هەزار ئیسرائیلیی نیشتەجێبوو لە كەناری ڕۆژئاوای داگیركراودان.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە بارەی پرسێكی جیاوازەوە كە بریتییە لە ڕێككەوتنی ئاشتیی ئەم وڵاتە لەگەڵ چەند وڵاتێكی عەرەبیدا، دەمانەوێت بپرسین: ئێوە چۆن لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەكانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێكی عەرەبی لە ناوچەی كەنداو دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە ئەم ڕێككەوتنانەی ئاشتی درێژە دەكێشن و ئایا لەو باوەڕەدان كە ئەم ڕێككەوتنانە خزمەت بە برەودان بە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەكە دەكەن؟**

- ئەوە ڕاستە كە زیاتر لە ساڵێكە ئەم ڕێككەوتنانەی ئاشتی واژۆ كراون و لە ڕاستیدا ئەوەی دەكرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بكرێت، ئەوەیە كە وا دەردەكەوێت هەندێ لە وڵاتانی ناوچەی كەنداو، بەتایبەتی وڵاتانی ئیمارات و بەحرەین پێداگرن لەسەر ئەوەی كە درێژە بەو ڕێككەوتنانەیان بدەن كە لەگەڵ ئیسرائیدا واژۆیان كردووە، هۆكار و پاڵنەری سەرەكیی ئەنجامدانی ئەم ڕێككەوتنانەشیان بریتی بوو لە ترس و نیگەرانییان لە بەرامبەر كاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران بەسەر ئەو وڵاتانە و تێكڕای ناوچەكەوە.

*** ئەگەر باس لە وڵاتی توركیا بكەین كە وڵاتێكی گەورە و خاوەن سەنگ و قورسایی و نەخشی تایبەتە لە ڕەوت و پەرەسەندنەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ ڕۆڵ و ئەدای توركیا چییە لەم ناوچەیەدا و ئایا پێتان وایە تا چەند سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە سەركەوتووە لە بەدیهێنانی ئامانجەكانیدا و لە كوێدا شكستی هێناوە و نەیتوانیوە دەرئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنێت؟**

- ئەوە ڕاستە كە توركیا بە ڕاستی وڵاتێكی بەهێز و كاریگەرە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

**ناكۆكیی نێوان هەر دوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی بۆ ڕۆژگارێكی دیكەش درێژە دەكێشێت و بەردەوام دەبێت**

**ژمارەیەكی زۆری كۆمەڵگە جوولەكەنشینەكان و پتر لە (٥٠٠) هەزار ئیسرائیلیی نیشتەجێبوو لە كەناری ڕۆژئاوای داگیركراودان**

**ڕەجەب تەییب ئەردۆغان زۆرێك لە وڵاتە دراوسێ عەرەبییەكانی ناوچەكەی و تەنانەت وڵاتی ئیسرائیلیشی لە توركیا دوور خستووەتەوە**

**ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین لە ئێستادا توركیا تاكە دۆستێكی ڕاستەقینەی مابێت لە ناوچەكەدا، ئەوا وڵاتی قەتەرە**




ناوەڕاستدا، بەڵام ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە جەختی لەسەر ئەوە بکەینەوە ئەوەیە کە لە دوای بەهاری عەرەبییەوە- چەند ساڵێك پێش ئێستا- ئەوا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان زۆرێك لە وڵاتە دراوسێ عەرەبییەکانی ناوچەکەی و تەنانەت وڵاتی ئیسرائیلیشی لە تورکیا دوور خستووتەوە. لەبەر ئەوە ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین لە ئێستادا تورکیا تاکە دۆستێکی ڕاستەقینەی مابێت لە ناوچەکەدا، ئەوا وڵاتی قەتەرە.

*** ئاشکرایە کە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام نەگەیشتووەتە ڕادەی پچڕاندنی پەیوەندییەکان، یان بارگرژییەکی گەورە لە پەیوەندییەکاندا و بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە هێندە زۆر بوون کە لە کۆتاییدا جۆرێك لە سازشیان بۆ یەکتری کردووە، ئایا لە ئێستادا چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانیت، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی جۆ بایدن دەسەڵاتی کۆشکی سپی گرتەدەست؟**

- ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەوەیە کە سەرۆك جۆ بایدن، بە پێچەوانەی سەرۆکەکەی پێش خۆیەوە- دۆناڵد ترەمپ- بە گەرم و گوڕی و ستایشەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەجەب تەییب ئەردۆغاندا ناکات. ئێوە بڕوانن کە چەند مانگێکی پێ چوو- لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە- تاوەکو سەرۆك جۆ بایدن پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆك ڕەجەب ئەردۆغاندا ئەنجام دا. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە لە میانەی پەیوەندیی و گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەدا خودی بایدن هەواڵێکی ناخۆشی بە ئەردۆغان ڕاگەیاند و پێی وت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ددان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکاندا دەنێت، کە لەسەروەختی حوکمڕانی عوسمانییەکاندا ڕووی دا لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەمە لە کاتێکدا سەرۆکی پێش خۆی -ترەمپ- خۆی لە کردارێکی لەم چەشنە لادا، لەبەر ئەوەی ترس و نیگەرانی هەبوو لەوەی کارێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا.

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڕوانیت؟**

- ئێمە دەزانین بۆ چەندین ساڵە پەیوەندییەکی سەقامگیر و ئارام لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا هەیە و، من پێشبینی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی بەم ئاراستەیەدا دەکەم.

**سەرۆک جۆ بایدن، بە پێچەوانەی سەرۆکەکەی پێش خۆیەوە- دۆناڵد ترەمپ- بە گەرم و گوڕی و ستایشەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەجەب تەییب ئەردۆغاندا ناکات**

**لە میانەی پەیوەندیی و گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەدا خودی بایدن هەواڵێکی ناخۆشی بە ئەردۆغان ڕاگەیاند و پێی وت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ددان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکاندا دەنێت، کە لەسەروەختی حوکمڕانی عوسمانییەکاندا ڕووی دا**

رۆجەر پیتەرسۆن
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە ئەنستیتیوتی تەقەنی ماساشۆسێتس بۆ گوڵان:

# ئیدارەی بایدن دەیەوێت لە هەر پابەندبوونێکی نوێ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی بەدوور بگرێت

رۆجەر پیتەرسۆن خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە، لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە ئەنستیتیوتی تەقەنی ماساشۆسێتس و شارەزا و تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك: پەیوەندییە مەدەنی و سەربازییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، ناکۆکیی ئیتنی و سیاسەتی ناسنامە و دیراساتی ئەمنی، توندوتیژی و شەڕ و کاروباری عێراق. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ڕووداو و پەرەسەندنانەی لەم ناوچەیەدا ڕوو دەدەن و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## دیمانەی تایبەت



*** باس لەوە دەکرێت کە لە ئێستادا گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووی داوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن سیاسەتێکی دەرەکیی جیاوازی بەراورد بە سیاسەتی ئیدارەی پێش خۆی گرتووەتەبەر و، پتر جەخت لە سەر گرنگیی کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکان و گەڕانەوە بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە، ڕاو بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەندەی من سەرنجم دابێت و هەڵسەنگاندنم بۆ کردبێت، ئەوا سەرۆك جۆ بایدن ڕێچکە و شێوازێکی دیاریکراو و تایبەت بە خۆی نەگرتووەتەبەر لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو ئەوەی بەدی دەکرێت، دووبارەکردنەوەی سیاسەتی دەرەکیی سەردەمی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامایە- کە خۆی لەو کاتەدا جێگری سەرۆك بوو-، بناغەی ئەم سیاسەتەش گرتنەبەری ڕێگاچارەی مامناوەندە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و بابەتە نێودەوڵەتییەکاندا. من لێرەدا نامەوێت بەراوردی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی بایدن بە سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ بکەم، چونکە هەموومان دەزانین کە ترەمپ کەسێکی پێشبینی نەکراو و ناتەقلیدی بوو. لەبەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە سیاسەتەکانی بایدن هیچ لادان و گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییان بە خۆوە نەبینیوە، کاتێك بەراوردی دەکەین بەو سیاسەتەی ئیدارەی باراك ئۆباما پیادەی دەکرد. ئەوەی پەیوەست بێت بە کارکردنی پێکەوەیی، ئەوا جۆ بایدنیش بە چەشنی سەرۆکەکانی پێش خۆی- بە دڵنیاییەوە جگە لە دۆناڵد ترەمپ- بە شێوەیەکی گشتی پابەندە بە کارکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکان و ئەمەش ڕەوت و ئاراستەیەکی ئەرێنییە، مەبەستم ئەوەیە ئەمە هەنگاوێکی بوێرانە و دەگمەنی بایدن نییە کە هەڵیگرتبێت و بووبێتە خەسڵەتی سیاسەت و شێوازی مامەڵەکردنە جیهانییەکەی، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێ کرد، ئەمە ڕێگاچارەیەکی ئەرێنییە بۆ مامەڵەکردن

**نامەوێت بەراوردی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی بایدن بە سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ بکەم، چونکە هەمووومان دەزانین کە ترەمپ کەسێکی پێشبینی نەکراو و ناتەقلیدی بوو**

لەگەڵ کێشە و قەیرانە جیهانییەکان و ئیدارەی ئەمریکاش دەرئەنجامی خوازراوی لێ بەدەست دەهێنێت.

*** ئەی پێت وایە پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هێزە جیهانی و ڕکابەرەکانیدا، بە تایبەتی ڕووسیا و چین هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتبێت؟**

- لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئەو دوو وڵاتەدا کە ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، واتە سرووشتی ئەم پەیوەندییانە بە هەمان شێوەی پێش دەستپێکردنی دەسەڵاتی بایدن ماونەتەوە و درێژەیان هەیە. بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم ئیدارەیە هەندێ هەڵوێستی باشی هەبووە لە ئاست پرس و کێشە جیهانییەکان، بە تایبەتی هەڵوێستەکەی لە لووتکەی ژینگە، کە ئەو بایەخێکی زۆر بە پرسی گۆڕانی ژینگە و کێشەی ژینگەییەکان دەدات. ئەمە لە کاتێکدا بیرۆکە و شێواز و ڕێگاچارەی نوێی لە بوار و پرسەکانی دیکەدا نەهێناوەتە ئاراوە.

*** ئەی چۆن لە مەسەلەی ڕێککەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ئوستراڵیا دەڕوانیت کە تێیدا فەڕەنسا فەرامۆش کرا و ڕێککەوتنی نێوان فەڕەنسا و ئوستراڵیا هەڵوەشێندرایەوە ون لە بری ئەوە ئەمریکا و بەریتانیا ڕێککەوتنیان کرد، بۆ دروستکردنی ژێرئاوی بۆ ئوستراڵیا کە بە وزەی ئەتۆمی کار دەکات؟**

- من پێم وایە پاڵنەر و هۆکارە سەرەکییەکانی پشت ئەم مەسەلەیە بازرگانی بوو، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویستی ئەم تەکنەلۆژیایە بە ئوستراڵیا بفرۆشێت، پێم وایە کاردانەوەی فەڕەنسا زیادەڕەوی لەخۆگرتبوو. هەرچۆنێك بێت، من پێم وایە ئەم کێشە و بارگرژییەش تێدەپەڕێت و پەیوەندییەکانیان دەچنەوە دۆخی سرووشتیی خۆیان و ئاسایی دەبنەوە.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی جۆ بایدن دەڕوانیت لە ئاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزی و پشێوی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا ئەم ئیدارەیە هیچ سیاسەتێکی جیاواز و تایبەتی پیادە کردووە لەم ڕووەوە کە بکرێت ئاماژەی پێ بدرێت؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە دەیەوێت خۆی لە هەر پابەندبوونێکی نوێ بە دوور بگرێت لە ئاست کێشە و پرسەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت وەك پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنێك بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم لەم ڕووەوە ئاماژە بە نموونەیەك بکەین، کە ئەویش هەڵوێست و سیاسەتەکانیەتی لە ئاست ئیسرائیل و بە دیاریکراوی لە ئاست ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستیندا، کە ئەوەی بەدی دەکرێت، پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بۆ ئیسرائیل و دوودڵیی ئەمریکایە لە تەحەددیکردنی ئیسرائیل لەسەر تۆماری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

*** بەڵام ئەگەر لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دیاریکراوی باس لە کێشەی ئێران و ئەمریکا بکەین، ئەوا دەکرێت بڵێین کە بێ متمانەییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، بە تایبەتی کە ئیدارەی پێشوو بە سەرۆکایەتیی ترەمپ تاکلایەنانە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئیدارەی بایدن خوازیارە (ئەگەر نەڵێین پێداگرە) لەسەر درێژەدان بە گفتوگۆکان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئایا دەکرێت هیچ هەنگاوێکی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتە بگیرێتەبەر؟**

- ئەوەی لەم پرسەدا مایەی سەرنجدانە ئەوەیە کە گفتوگۆکانی پەیوەست بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە درێژەی هەیە و بەردەوامە، بەڵام بە بێ ئەوەی گفتوگۆکارە ئەمریکی و ئێرانییەکان بکەونە دانوستاندنی ڕاستەوخۆوە. دواتر لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی وایە پێویستە پەلە بکرێت لە یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەرەسەندنانەی بەم دواییە لە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێراندا هاتوونەتەئاراوە. کە پێم وایە دەبوو زووتر ئەم هەنگاوەی هەڵبگرتایە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئێوەش ئەوا پێم وانییە هیچ یەکێك لەم دوو وڵاتە بیری لە هەڵگرتنی هەنگاوەکانی بنیاتنانی متمانە کردبێتەوە.

*** بەڵام بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هیچ دەرفەتێك هەبوو کە ئەم دوو وڵاتە لەدەستیان دابێت بۆ بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینە لەم ڕووەوە**

**گفتوگۆکانی پەیوەست بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە درێژەی هەیە و بەردەوامە، بەڵام بە بێ ئەوەی گفتوگۆکارە ئەمریکی و ئێرانییەکان بکەونە دانوستاندنی ڕاستەوخۆوە**

**خودی ئیدارەی جۆ بایدن دەرفەتی لەدەست دا بۆ ئەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران بە ئاڕاستەیەکی باش و ئەرێنیدا ببات، بە چەشنێک کە دەرئەنجامێکی خوازراوی لێ بکەوێتەوە**

**ئیدارەی جۆ بایدن دەیویست وا خۆی پیشان بدات کە هەڵوێستی توندتر و سەختر بەراورد بە ئیدارەی باراک ئۆباما لە ئاست ئێران و پرسی پڕۆگرامی ئەو وڵاتە دەگرێتەبەر**

**نەدەبوو ئەمریکا بەو خێراییە و بەو چەشنە پڕ لە پشێویی و پاشاگەردانییە پاشەکشە لە وڵاتی ئەفغانستاندا بکات**



**بە تایبەتی کە ئێوە باس لەوە دەکەن کە دەبوو ئەمریکا زووتر هەوڵی بەپەلەی بخستایەتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە؟**

- من لێرەدا ڕام وایە کە خودی ئیدارەی جۆ بایدن دەرفەتی لەدەست دا بۆ ئەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران بە ئاڕاستەیەکی باش و ئەرێنیدا ببات، بە چەشنێك کە دەرئەنجامێکی خوازراوی لێ بکەوێتەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوە بوو، دەبوو ئەم ئیدارەیە پەلەی بکردایە لە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و دەرئەنجامێکی خوازراو پێش ئەوەی سەرۆکێکی نوێ لە ئێران دەست بە کار بێت. کەواتە دەکرێت ئەمە بە پاشەکشە و شکستێك لێك بدرێتەوە. بە تێڕوانینی من هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئیدارەی جۆ بایدن دەیویست وا خۆی پیشان بدات کە هەڵوێستی توندتر و سەختر بەراورد بە ئیدارەی باراك ئۆباما لە ئاست ئێران و پرسی پرۆگرامی ئەو وڵاتە دەگرێتەبەر.

*** پەرەسەندنێکی دیکەی خێرا و دراماتیکی لە ماوەی ڕابردوودا بریتی بوو لە بڕیاری کشانەوەی بەپەلەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، کە ئەم بڕیارە ڕووبەڕووی ڕەخنە و سەرزەنشتێکی زۆر بووەوە، ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەن بۆ ئەو ماوەیەی تێپەڕیوە بەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بزووتنەوەی تاڵیبان و ئیدارەدانی ئەو وڵاتەوە، ئایا چۆن لە بارودۆخی ئەمنیی ئەو وڵاتە و دەرئەنجامەکانی دەڕوانن؟**

- هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێت کە نەدەبوو ئەمریکا بەو خێراییە و بەو چەشنە پڕ لە پشێویی و پاشاگەردانییە پاشەکشە لە وڵاتی ئەفغانستاندا بکات. هەرچەندە نابێت زۆرێك لە ئۆباڵەکەش بخەینە ئەستۆی خودی ئەم ئیدارەیە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لەو وڵاتەدا بوو، هەر ئیدارەیەکیش بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لەو وڵاتە دەربکردایە، ڕووبەڕووی ڕەخنە و گلەیی و سەرزەنشتکردن دەبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا و بە حوکمدان لەسەر ئەو بارودۆخەی تا ئێستا گوزەراوە، ئەوا ڕەنگە هێشتا زوو بێت بڵێین ڕەوتی پەرەسەندنە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە بە چ ئاقار و ئاڕاستەیەکی دراماتیکیدا دەڕۆن.



### خوسرەو جاف:

# من یەک کچم هەیە زۆر هاوڕێین و هیچ شتێکم لێ ناشارێتەوە و هەر کێشەیەکی هەبێت بۆم باس دەکات

**خوسرەو جاف ئەندازیار و هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە و ٤٠ کتێبی چاپکراوی لە بوارە جیاجیاکان هەیە، لە کار و بەرهەمەکانیدا زۆر بایەخی بە ئافرەت و مافەکانی خانمان داوە. لە گفتوگۆیەکیشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان پتر پێداگری و پشتیوانی لەو مافانە دەکات و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** خوسرەو جاف وەك شاعیر و ڕۆشنبیرێکی دیار، چۆن لە ڕۆڵ و پایە و شکۆی ئافرەتی کورد دەڕوانیت؟**

- ئەگەر لە ماڵەکەم بڕوانن، دەبینن کە چەندین پەیکەرم بۆ گەورەیی و و شکۆ و مافی ئافرەت و ڕزگاربوونی ئافرەت دروست کردووە، ئافرەتی کورد شکۆیەکی مەزنی هەیە، بەڵام لە ژیانی حەقیقیدا مافی تەواوی خۆیانیان پێ نەدراوە، تەنانەت دەزگاکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت لەسەر مافی ئافرەت بێ دەنگن، ئەگەر دەنگیشیان هەبێت، دەنگیان ناگاتە شوێنی مەبەست، دەنگیش بگات، گوێکان لە ئاستیاندا کەڕ دەبن، ڕیچ لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «کە لە بەغداوە دەرچووم تا گەیشتمە ناو عەشیرەتی جاف ئافرەتێکم نەبینی و لەوێ هەرچی ئافرەت هەبوو، هاتن لەگەڵمان دانیشتن.» کەواتە ئێمە بەڵگە و شەهادەتمان هەیە، کەوا ئەوسا ئافرەتانی ناو ئێمە مافیان پارێزراو بوو، ئێستاش تەمەددونێکی کرچ و کاڵ گەیشتووەتە ناو خەڵك و پێگەی ئافرەت کەم بووەتەوە، تەنانەت لەناو عەشیرەتەکەی ئێمەش، بەداخەوە لە سەدەی بیست و یەك کە عیلم و تەکنەلۆژیا گەیشتووەتە ئاستێك

مرۆڤ دروست دەکەن، کەچی ئێمە لە کوردستان مافی ئافرەت پێشێل دەکەین، بۆ نموونە دەڵێن: فلان کچ خۆی سووتاند، فلان کچ خۆی خنکاند، وەڵا دەیسووتێنن، وەڵا دەیخنکێنن، وەڵاهی ئەو کچە نە خۆی سووتاندووە و نە هەڵەیەکیشی کردووە، بە تەلەفۆنێك، یان بینینی لەگەڵ نێرەیەك ناکرێ سزا بدرێت، سزایەك کە مردنی بە دواوە بێت.

*** دەڵێن خوسرەو جاف سۆزێکی گەورەی بۆ ئافرەت و هونەری ئافرەتان هەیە، ئایا ئەم سۆزەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بە تایبەتی کە لەگەڵ گۆرانییەکەی شەهێن تاڵەبانی فرمیسکەکانی هاتنە خوارەوە؟**

- من ٥٨ ساڵ لەگەڵ ئافرەتێك بووم، بە فەقیری بە دەوڵەمەندی بەبێ وەتەنی شار بە شار وڵات بە وڵات لەگەڵمدا بوو، ٢٠ ساڵ لە ئاوارەییدا ژیاین، ئەو پاڵپشتی سەرەکیی من بوو، من هەرگیز درۆ لەگەڵ خۆمدا ناکەم، بۆیشم گرنگ نییە خەڵك چۆن بیر دەکاتەوە لەوەی کە من بۆ بیرەوەریی هاوسەرەکەم بگریم، ئێستاش بمدوێنی، ڕەنگە دەست بکەمە گریان بۆی، دوای مردنی مەزارێکم بۆ دروست کردووە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتی وا نەبێت، هاوژینم دوو ساڵ و سێ مانگ و پازدە ڕۆژە کۆچی دوایی کردووە، من ئیمانم بە وەحدانیەتی خودا هەیە، دەشزانم ئاکام و سەرەنجامی هەرهەموومان مەرگە، بەڵام ئاسان نییە بە بەرچاوتەوە لە یەك چرکەساتدا عەزیزترین کەست بڕوا. هاوسەرەکەم لە دەقیقەیەکدا وەفاتی کرد، تا ئێستاش چرکەیەك لە بیرم نەکردووە، هەر بەو سۆزەوە هەر بەو تێفکرینەوە نارەحەتی ئافرەتانی کوردم، ئیتر ئەوانە دایکم بن، خوشکم بن، کچم بن، لێرەو لەوێ ئافرەت هەن، کە ئازادن و فکری کۆمەڵگەیەکی باشتر دەکەن، بەڵام ڕێژەکەی یەکجار کەمە، چونکە پلانێکی گشتگیر نییە بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانکردنیان، لە کاتێکدا نیوەی ئەم میللەتە ڕەنگە زۆرتریشی ئافرەت بێت، کەواتە حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە.

*** لە مێژووی کوردستاندا ئافرەتان هاوشانی پیاو ئازاد بوون و بەشداریی زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووە، ئایا ئەم جیاوازییەی کۆمەڵگەی کوردستان وەك کۆمەڵگەیەکی کراوە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەوروبەرمان چی دروستی کردووە؟**

- لە ڕابردوودا ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئافرەت بووە، لە هی پیاو زیاتر بووە، ئافرەت ئەرکی دایکایەتی و بەڕێوەبردنی ماڵی لە ئەستۆدا بووە، هاوکات لە کاری دەرەوەی ماڵیش هاوکار و یارمەتیدەری هاوسەرەکەی بووە، کەچی پیاوەکە تەنیا چاوەڕێی بارانی کردووە، یان شوانکارە بووە، بەڵام هەرچی ئیشی بازوو و جوولە هەبوو ئافرەت ئەنجامی دەدا، ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئافرەتی کورد هەر ماندوو و بێ چارە و بێ مافە، لێرەدا ناکرێت تەنیا لایەنێك خەتابار بکەین، ناکرێ دەسەڵات بە تەنیا خەتابار بکرێت، هەندێکیش لە مەلا ئایینییەکان لەم ڕووەوە کەمتەرخەمن، تەنانەت خودی ئافرەتیش لە سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بە هەر هۆکارێك بێت کەمتەرخەمن، ئومێدەوارم لە داهاتوودا تێڕوانین بۆ ئافرەت و بەرجەستەکردنی مافەکانی زیاتر بە هەند وەربگیرێت و کۆمەڵگە باشتر ڕەفتار لەگەڵ دایك و خوشك و کچەکانماندا بکات.

*** وەك ئەندازیاریکی تەلارسازی مونۆمێنتی شەهیدانت دروست کردووە، ئایا لە چ کارێکی پەیکەرتاشی سیمای خانمانی کوردستانت دروست کردووە؟**


- من لە مۆزەخانەکەم پەیکەرێکی سێدارەم داناوە، لە بری ئەوەی پیاوێك نمایش بکەم، پەیکەری لەیلا قاسمم داناوە کە لە سێدارە دەدرێت، نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە ئافرەتی کورد لە شۆڕش و خەبات و ژیانی پێشمەرگایەتیدا شان بە شانی پیاو ڕۆڵێکی گەورە و بڵندی هەبووە، ئافرەتی کورد دواکەوتوو نەبووە لە بەرامبەر ئەرکەکانیدا، لە بەر ئەوە شایانی ئەوە نییە کەوا بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێت.

*** لە ناو کۆمەڵگە و لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافی ئافرەتانی کوردستان بکریت، بەڵام هەتا ئێستاش وەك پێویست مافەکانی ئافرەت دابین نەکراوە، هۆکارەکانی پێشێلکاریی بەردەوام بەرامبەر بە مافەکانی ئافرەتان چین؟**

- بەهۆی ئەو واقیعەی کە ئافرەت بەسەریدا سەپاوە، تەنانەت خودی ئافرەتەکەش بە دوای مافی خۆیدا ناڕوات و تەسلیمی ئەمری واقیع بووە، ئەگەر پەروەردەیەکی پاك و خاوێن هەبێت، مێینە بە جوانی پەروەردە دەبێت، ئێمە پێویستە پێش منداڵەکان خۆمان پەروەردە بکەین، ئەگەر خۆمان باش پەروەردە بووین، ئەوکات منداڵەکانیشمان بە جوانی پەروەردە دەکەین، بەڵام ئەگەر عەقڵییەتمان عەقڵییەتی خێڵەکی و ملهوڕی و زرتەزەلامی بێت، ئەوا منداڵەکانیشمان بە باشی پەروەردە نابن، چونکە شەرم لەناو گەڵدا نییە، بەڵکو شەرم لە عەقڵدایە، مرۆڤ کە عەقڵی بوو، شەرەفی مەحفووز دەبێت، کە عەقڵی بوو، کۆمەڵگە مەحفووز دەبێت، کە عەقڵی بوو، مافی خۆی و مافی بەرامبەرەکەشی مەحفووز دەبێت.

*** وەك داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ئافرەت، ئایا پێشێل نەکردنی مافی ئافرەت و ڕێزگرتن لە بەها جوانەکانی مرۆڤبوون تاچەند لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیتدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- من لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆمدا سەردەمانە بیرم کردووەتەوە، هاوسەرەکەشم بە هەمان شێوە بیری دەکردەوە، منداڵەکانم خوێندنیان تەواو کردووە، مافەکانی خۆیان و مافی دەوروبەریان دەزانن، ئێمە بەپێی مەرجی ژیانی ئەمڕۆ هەنگاو دەنێین، من یەك کچم هەیە زۆر هاوڕێین و هیچ شتێکم لێ ناشارێتەوە و هەر کێشەیەکی هەبێت بۆم باس دەکات، کچەکەشم دوو کچی هەیە گەورەن و زانکۆیان تەواو کردووە، لەگەڵ ئەوانیش هاوڕێ و برادەرین.



پڕۆفایل:

ئەندازیار و هونەرمەند خوسرەو جاف ساڵی ١٩٤٥ لە بنەماڵەیەکی نیشمانپەروەر و بەگزادە لە کەلار لە دایك بووە، بەشی تەلارسازی لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران خوێندووە، ماستەری لە تەلارسازی وەرگرتووە و لە تەمەنی لاویدا بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا کردووە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەبێتە پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زیاتر لە ٤٠ کتێبی چاپکراوی هەیە، ماڵەکەی وەك مۆزەخانەیەکی بە نرخ وایە.

# دایکانی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت داوادەکەن سیستەمی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکان کارا بکرێت

**بەشی پەروەردەی تایبەت بۆ خزمەتی چینی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە و، دەرچووانی ئەو بەشە لە قوتابخانەکان وەکو مامۆستای پەروەردەی تایبەت وانە بە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەڵێنەوە، ئەم بەشە لە زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی و مووسل و دهۆك و چەرمۆ کراوەتەوە، بەڵام وەکو بەخێوکارانی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت باسی دەکەن، گرفتی زۆر لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان لە ئارادایە، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان شرۆڤەی زیاتری بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

زیاتر لە ملیارێك کەس لە جیهاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان خاوەن پێداویستیی تایبەتن کە ١٥٪ی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنن. ١١٠-١٩٠ ملیۆن کەسیشیان لە کارکردندا ئاستەنگی گەورەیان دێتەبەردەم.

**١٥٪ی دانیشتووانی جیهان خاوەن پێداویستیی تایبەتن و ١١٠-١٩٠ ملیۆن کەسیشیان لە کارکردندا ئاستەنگی گەورەیان دێتەبەردەم**

منداڵانی ئەو توێژە شیمانەی نەچوونە قوتابخانەیان زیاترە لە منداڵانی ئاسایی. لە هەموو ژینگە جۆراوجۆرەکان و لەسەرجەم تەمەنەکانیشدا ئەو توێژە کەموکورتی و کەلێنی فێرکاریی گەورەیان هەیە، بەڵام لە دەوڵەتە زۆر هەژارەکان کەموکورتییەکانیان زیاترن، لەو دەوڵەتانەش کە منداڵە ئاساییەکان هەموویان دەچنە قوتابخانە، هەموو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەوەیان بۆ مەیسەر نابێت. بۆ نموونە لە پۆلیڤیا نزیکەی ٩٨٪ی منداڵانی ئاسایی دەچنە قوتابخانە، بەڵام کەمتر لە ٤٠٪ی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەچنە بەر خوێندن. لە ئەندونوسیا ٨٠٪ی منداڵانی ئاسایی دەچنە بەر خوێندن، کەچی ٢٥٪ی منداڵانی خاوەن پێویستیی تایبەت دەچنە قوتابخانە.

«من وەك دایکێك، ماوی هەشت ساڵە لەگەڵ منداڵە ئۆتیزمەکەمدا ژیان دەگوزەرێنم، بێگومان ئەو خانەوادەی کە منداڵی ئۆتیزمی تیادا بێت، لە گرفت و موعانات بەدەر نییە، بۆیە زۆرێك لە خانەوادەکان کێشەوگرفتیان هەیە لە ڕووی پەروەردەکردن و ڕاهێنان و بەدەمەوەچوونی کەموکورتیی منداڵەکەیان، یەکێك لەو گرفتانەش نەبوونی سەنتەری ڕاهێنانی حکوومی، یان پەیمانگای پیشەییە بۆ مێرمنداڵی ئۆتیزم، چونکە لە سەنتەرەکاندا تا تەمەنی ١٢ساڵی وەردەگیردرێن».

**گرفتی گەورە نەبوونی سەنتەری ڕاهێنانی حکوومی، یان پەیمانگای پیشەییە بۆ مێرمنداڵی ئۆتیزم، چونکە لە سەنتەرەکاندا تا تەمەنی ١٢ساڵی وەردەگیردرێن**

ئەوە وتەکانی نەجیبە محەمەد فەرەج بوو. ئەو خانمە وەك دایکی منداڵێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت داواکارییەکانی لە چەند خاڵدا دەخاتەڕوو:

١ - کردنەوەی سەنتەری حکوومی لە هەموو شار و شارۆچکەیەك .

٢ - چارەسەرکردنی گیروگرفتی وەرگرتنی منداڵانی ئۆتیزم لە دایەنگە و باخچە و قوتابخانەکاندا.

٣ - دامەزراندنی دەرچووانی پەروەردەی تایبەت لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٤ - هاوکاریکردنی ماددیی خێزانی ئۆتیزم، چونکە منداڵی ئۆتیزم کێشەی تەندروستی زۆرە و هەندێکیان گەشکە، یان کێشەی دیکەیان هەیە کە پێویستیان بە دەرمانە .»

سەروین شاکر وەك خۆی باسی دەکات دایکی کوڕێکی تووشبووی ئۆتیزمە و لە بارەی ئاریشە و گرفتەکانی ژیانی خۆی و منداڵەکی دەڵێت: «دوای چەندین لێژنە بۆ کوڕەکەم، دکتۆرەکان پێیان گوتین: تایبەتمەندییەکانی ئەم منداڵانە ئەوەیە کە ئاستی فێربوونیان دیاریکراوە و لە پرۆگرامی ئاسایی قوتابخانە تووشی کێشە دەبنەوە، لەو پرۆگرامانەش کە بۆ منداڵی دواکەوتووی ژیریی دادەنرێن سوودمەند نابن، بۆیە دەکرێ لە ناو پۆلدا لەگەڵ منداڵانی ئاسایی دابندرێن و مامۆستای پەروەردەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام سەردانی چەندین قوتابخانەمان کرد، کەچی بەداخەوە بە هۆی نەبوونی مامۆستای پەروەردەی تایبەت، کوڕەکەم لە قوتابخانە وەرنەگیرا، داواکارم لە وەزارەتی پەروەردە ئاوڕێکی جددی و بەپەلە لەو منداڵانە بداتەوە.»

ڕەحمان عەلی پسپۆڕ و شارەزا لە ئۆتیزم و گرفتە ژیرییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پەروەردەی تایبەت بریتییە لە




پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ناو قوتابخانەی ئاسایی و لە ناو منداڵی ئاسایی، یان لە سەنتەر و پەیمانگەی تایبەت بە خۆیان، واتا پەروەردەکردنی منداڵانی نائاسایی وەکو منداڵانی ئاسایی کە چۆن مافی خوێندنیان هەیە، سیستەمی پەروەردەی تایبەت سیستەمێکە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا جێبەجێ دەکرێت، ئەویش بە مەبەستی تێکەڵکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لەگەڵ منداڵانی ئاساییە کە بە چەند شێوازن، یان ئەوەتە مامۆستای پەروەردەی تایبەتی لەگەڵدا دەبێت، یان منداڵەکە لە ژوورێکدا دەبێت کە پێی دەگوترێت ژووری سەرچاوە، دواتر لە هەندێك وانە و هەندێك بابەتی کۆمەڵایەتی وەکو هونەر و وەرزش و مۆسیقا تێکەڵ دەکرێن، هەروەها لە کاتی پشووەکانیش بە هەمان شێوە تێکەڵ دەکرێن، ئەم سیستەمە لە کوردستاندا لەساڵی ٢٠٠٤ـەوە هەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕێژەی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە زیادبووندایە و هاوکات بەشی پەروەردەی تایبەت لە زانکۆکان بەشێکی تازەیە کە بە خۆشحاڵییەوە لە زۆربەی زانکۆکانی کوردستان ئەو بەشە هەیە، بەڵام دەرچووانی ئەو بەشە زۆربەیان دانەمەزراون، بەداخەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندن نییە و لەبەر ئەوەی مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکاندا بوونیان نییە و، بەهۆی ئەوەی ڕێژەی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە، دەتوانم بڵێم ئەو منداڵانە لە ئێستادا لە قەیرانێکی زۆر گەورەدا دەژین، خێزانەکانیشیان ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی دەروونی و ئابووری دەبنەوە، ئەوانەش کە تا ئاستێك دۆخی ژیرییان باشە، بە هۆی نەبوونی مامۆستای تایبەت و بە هۆی بێ جێگەیی لە قوتابخانەکان وەرنەگیراون، تەنانەت لە سەنتەرەکانی تایبەت بە ئۆتیزمیش وەرناگیرێن، چونکە ڕێژەی تووشبوونەکەیان کەمە و دۆخیان خراپ نییە، ئەوەش وای کردووە خێزان زۆر جار پەنا بباتە بەر ئەوەی خۆی مامۆستایەك بۆ منداڵەکەی بگرێت.»

**پێویستە گیروگرفتی وەرگرتنی منداڵانی ئۆتیزم لە دایەنگە و باخچە و قوتابخانەکاندا چارەسەر بکرێت**

ئەو پسپۆڕ و شارەزایە لە ئۆتیزم و گرفتە ژیرییەکان، بە پێویستی دەزانێت: «مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانەکان دابمەزرێنرێن. ئەگەر ئەوە نەکرێت منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و خێزانەکانیان باجی قورس دەدەن. هاوکات دەڵێت: «سیستەمی پەروەردەی تایبەت لە هەموو وڵاتانی دونیا پەیڕەو دەکرێت و بایەخی پێ دراوە، چونکە ئەوانیش وەکو منداڵانی ئاسایی مافی خوێندن و فێربوونیان هەیە، هەرچەندە لە کوردستان لە وەزارەتی پەروەردە بەشێکمان هەیە بە ناوی پەروەردەی تایبەت، بەڵام بەداخەوە ئەو بەشە پشتگوێ خراوە و ساڵانە هیچ توێژینەوەیەك ناکەن، منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت چەندین لێژنە دەیبینێت، بێ ئەوەی هیچی بۆ بکرێت.»

**سەردانی چەندین قوتابخانەمان کرد، کەچی بەداخەوە بە هۆی نەبوونی مامۆستای پەروەردەی تایبەت، کوڕەکەم لە قوتابخانە وەرنەگیرا**

وەکو چارەسەر ئەو پسپۆڕەی بواری پەروەردەی تایبەت گوتی: «پێویستە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت دابمەزرێندرێن، چ بە هەمیشەیی، یان گرێبەست، یان بە وانەبێژ، پێویستیتیش دەکات کە سەرەتا خولی پراکتیکی ببینن، هاوکات بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی تایبەت لە ناو وەزارەتی پەروەردە پێویستە چالاك بکرێن و ئاسانکارییان بۆ بکرێت، تاوەکو بتوانن لەناو قوتابخانەکان هاوکاریی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و هەروەها هاوکاریی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت بکەن.»

# هاووڵاتیان زۆربوونی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون

## بە هۆکارێک بۆ چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون نازانن

**بەشێکی سەرمایەدارانی عەرەبی ناوچەکانی دیکەی عێراق سەرمایەکانیان لە کڕین و فرۆشتنی شوقە و خانووبەرە لە کوردستان بەکاردەهێنن**

بەپێی ئامارێکی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان ١٠ هەزار وەبەرهێنەر هەن و لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا ٢١٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست کراون، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا ٨٠ هەزاریان ڕادەستی هاووڵاتیان کراون، تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان ٩٣٥ مۆڵەتی وەبەرهێنان دراون بە خاوەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان، زیاتر لە ٢٥٪ـی پرۆژەکان تایبەتن بە نیشتەجێبوون و ١٨٦ پرۆژە لەو بوارەدا مۆڵەتیان پێ دراوە، بەڵام ئەوە نەبووەتە هۆکاری کۆتاییهێنان بە قەیرانی نیشتەجێبوون، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسی ئەو بابەتە دەکەن.

ئابووریناس هۆشمەند ڕەفیق، سەرەتا ئاماژە بە ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت: «لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لە پێناو چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانێکی زۆر لە کەرتی شوقە و خانووبەرە کراوە، کەچی وەبەرهێنان لەو کەرتە نەبووەتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، هەژاری، بێبازاڕی، کرێچییەتی، بەڵکو ڕێژەی کرێچی وەك ئەوەی بەرپرسانی پەیوەندیدار بڵاوی دەکەنەوە، ڕێژەکە بەرزتر بووەتەوە، وەبەرهێنەرانیش ئەو دەرفەتە دەقۆزنەوە کە بە ئاسانترین ڕێگە و بە کەمترین تێچوو، بە کەمترین سەرمایە، ماوەیەکی زەمەنی زۆر کەم، زۆرترین قازانج دەکەن، لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە پرۆژەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچن، بەشێکی زۆری بۆ کرێیە، یان بۆ نیشتەجێیبوونە، کە بە نرخێکی بەرزە، کەمترین کرێچی لێی سوودمەند دەبێت، زیاتر هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە، بەهۆی سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دێن لێرە نیشتەجێ دەبن، یان کەسانێك پاشەکەوتی مانگانەیان زۆرە، لە بری ئەوەی ئەو پاشەکەوتە لە قاسەی ماڵەکەی دابنێت کە ئەگەری دزینی دەبێت، ئەوە شوقە، یا خانوو، یا زەوی



**ویڕای هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی نیشتەجێبوون کەچی بەشێکی هاووڵاتیان گرفتی کرێنشینی و گرانی یەکەکانی نیشتەجێبوونیان هەیە، لە کاتێکدا یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەبەرهێنان، دەرگایەکی گەورەی بە ڕووی وەبەرهێنان کردەوە، بە جۆرێك ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی وەبەرهێنان، کە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون پشکی شێریان بەرکەوت، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان جێبەجێ کران.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پێ دەکرێن، جگە لەوەش بەشێکی سەرمایەدارانی عەرەبی ناوچەکانی دیکەی عێراق سەرمایەکانیان لە کڕین و فرۆشتنی شوقە و خانووبەرە لە کوردستان بەکاردەهێنن.

پێویستە حکومەت بە پلانێکی درێژخایەن لەڕێگەی دابەشکردنی زەوی یان دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون ئاوڕێکی بە پەلە لەم پرسە بداتەوە.

هێمن ساڵح کۆمەڵناسە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «بەهۆی ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بەشێکی زۆری سەرمایەدارانی بیانی سەرمایەکانیان بێننە کوردستان بە تایبەت هەولێر پایتەخت، بیانییەکان کە لە هەرێمی کوردستانن و کاری باشیان هەیە و پارەی زۆریان دەست دەکەوێت، ئەوانە ئامادە نین، بێن لەناو گەڕەکەکانی ناو شار نیشتەجێ ببن، دەچن لە شوقەکان نیشتەجێ دەبن بە کرێی زۆر، بۆ ئەوان شوقە باشترە، هەروەکو هۆتێلە بۆیان، ئەو کرێیەی ئەوانە دەیدەن بە شوقەکانی ناو شار وای کردووە نرخی شوقە بەرز بێت و بە خەڵکی ئاسایی خۆمان ئەو کرێیانە نادرێت، کە زۆربەی لە سەرووی ٥٠٠ دۆلارەوەیە شوقەکانی دووری شاریش سەرەڕای گرانیبی نرخیان خەڵکی ئاسایی هەمووی ئۆتۆمبێلی نییە، یان ئەو توانایەی نییە ئەو هەموو هاتوچۆیە بکات، هەموو ئەوانە بە یەکەوە وای کردوە ئەو یەکانە نەبن بە چارەسەر بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون.» سەبارەت بە چارەسەری ئەو ئاریشەیەش گوتی: «چارەسەر ئەوەیە حکومەت خۆی یەکەکانی نیشتەجێبوون دروست بکات و بە نرخی هەرزان بیفرۆشێت و بەتایبەت بە خەڵکی هەژار و کرێچی و کەمدەرامەتی بدات.»

عەلی ئیبراهیم حەسەن ڕاوێژکاری کارگێری و دارایی لە کۆمپانیای عەقاراتی حاجی سەلام، رای پێچەوانەی هەیە و دەڵێت: «دروستکردنی پرۆژەی باڵەخانە و تاوەر و یەکەی نیشتەجێبوون ڕۆڵی زۆری لە کەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون بینیوە، هەروەها هاتنی ئاوارە و پەناهەندە بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی سووریا و گەمارۆکانی ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر وڵاتی ئێران وای کردووە وەبەرهێنەر و کەسانی سەرمایەگوزار و دەستی کار ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان بە گشتی و هەولێری پایتەخت بە تایبەتی، پلانی دەستەی وەبەرهێنان و ئاسانکاریی وەزارەتی شارەوانی تا ڕاددەیەکی زۆر قەبارەی کێشەکانی کەم کردووەتەوە، بە دڵنیاییە ئەم ستراتیژیەی حکومەت لە بەرژەوەندی ئابووریی وڵات و بووژانەوە و ئاوەدانیی وڵات کۆتایی دێت. بوونی ئەو پرۆژانەش کاریگەری زۆر باشی لە کەمکردنەوەی نرخی خانوو و کرێ خانوو هەبووە، ئەگەر ئەم پرۆژانە نەبوونایە، ئێستا نرخەکان زۆر بەرزتر دەبوونەوە، بەڵام پلانێکی سەرکەوتوو هەیە لە حکومەت کە وادەکات خواستی بازاڕ پڕ بکرێتەوە و هاوسەنگیی بۆ نرخەکانیش بگەڕێتەوە.

> **چارەسەر ئەوەیە حکومەت خۆی یەکەکانی نیشتەجێبوون دروست بکات و بە نرخی هەرزان بیفرۆشێت و بەتایبەت بە خەڵکی هەژار و کرێچی و کەمدەرامەتی بدات**

> **پلانی دەستەی وەبەرهێنان و ئاسانکاریی وەزارەتی شارەوانی تا ڕاددەیەکی زۆر قەبارەی کێشەکانی کەم کردووەتەوە**

> **پلانێکی سەرکەوتوو هەیە لە حکومەت کە وادەکات خواستی بازاڕ پڕ بکرێتەوە و هاوسەنگیی بۆ نرخەکانیش بگەڕێتەوە**





# شکسپیر لە نێوان شانۆ و سینەمادا

(٢-٢)

لەسییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا چەند بەرهەمێکی دیکەی وەك (رۆمیۆ و جولێت) لەدەرهێنانی (جۆرج کوکور)ساڵی ١٩٣٦، هەروەها فیلمی (وەك ئارەزوو دەکەیت) لەدەرهێنانی دەرهێنەری بەریتانی(بول زینەر) و لە نواندنی (لۆرانس ئۆلیڤیە) ئەو سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێنا کە چاوەڕوانی لێ دەکرا.

هەندێ فیلمی سینەمای بێدەنگ، تا بەرهەمە سینەماییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتریش، ئەو پێشوازییەیان نەبووە کە پێویستن، ئەویش بەهۆی ئەو کاریگەرییە شانۆییەی بەسەر نواندنی ئەکتەرانەوە هەبووە لەسینەمادا، ئەمەش لەگەڵ سیحری کامێرا و وێنەی سینەماییدا هاوکوف نەبووە، ئەوەتا کاتێ کۆمپانیای (برایانی وارتر) ساڵی ١٩٣٥ بڕیاری بەرهەمهێنانی زنجیرەیەك کاری سینەماییان دا لە کارەکانی شکسپیر و، بە بەرهەمهێنانی فیلمی (خەونێك لە نیوەشەوی هاوێندا) لەدەرهێنانی (ماکس راینهارد) دەستی پێ کرد، بەڵام سەرنەکەوتنی هەندێ لەو بەرهەمانە نەبووە مایەی ساردبوونەوەی کۆمپانیا و سینەماکاران لە بەرهەمەکانی شکسپیر، بەڵکو لەگەڵ تێپەڕ بوونی سەردەم، بایەخدان بەو بەرهەمانە زێتر لەجاران دەبوونە جێگەی بایەخی ئەوان.

لەسەردەمی نوێشدا، دوای ئەوەی سینەما ساڵی ١٩٢٧ و بەجێهێشتنی قۆناغی فیلمی بێدەنگ، بەرهەمەکانی شکسپیر گەشەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی.

هەر لەو دەستپێکەوە، تەنانەت لە سەردەمی سینەمای بێدەنگیشدا زێتر لە ٥٠٠ کار لە شاکارە شانۆییەکانی شکسپیر کران بەفیلم، بەڵام دوای ئەوەی سینەما دەنگی هێناو ساڵی ١٩٢٩ یەکەم بەرهەمی سینەمایی کە لە شانۆگەرییەکانی شکسپیر بەرهەم هات، فیلمی (راهێنانی پلنگ) بوو لە دەرهێنانی(سام تیلۆر) و نواندنی دوو کەس لە ناودارترین ئەکتەرە ئەمریکییەکانی وەك (ماری بیکفۆرد ودۆگلاس فیربانکس) ی هاوسەری، کە بوو بە پڕبینەرترین فیلمی شکسپیر لەو سەردەمەدا.

سینەماکارانی جیهان بەشێوەیەکی تایبەتی، بایەخیان بە گواستنەوەی دەقەکانی شکسپیر دا بۆسینەما، بەسەدان دەرهێنەر و سینەماکار کەوتنە کارکردن بۆ بەرجەستەکردنی شانۆنامەکان، چەندین وڵاتی جیهان هەریەکەو بەفۆرمێك و ستایلێك کەوتنە بەرهەمهێنانی فیلم لەسەر ئەو شاکارە گەورانەی شکسپیر، کە لەپێشەوەیاندا، دوو لە سینەماکارە هەرە دیارەکانی دنیای شکسپیر بوون بە پێشەنگ بۆ گواستنەوەی ئەو دەقانە بۆ سینەما.

گۆڤاری (تایم) ساڵی ١٩٩٧ توژینەوەیەکی دوور و درێژی دەربارەی ئەو گەشەسەندنە لەناکاوە بڵاو کردەوە، لەو فیلمانەی لەکارە شانۆییەکانی شکسپیرەوە وەردەگیرێن، بەتایبەت دوای نمایشکردنی فیلمی(رۆمیۆ و جولێت) لە دەرهێنانی (باز لۆرمان) و نواندنی ئەکتەری لاوی ئەو کاتە (لیۆناردۆ دی کابریۆ) .

هەروەها دەرکەوتنی چەند فیلمێکی دیکە لەو دەمەدا، لەوانە فیلمی (هاملێت) لە دەرهێنان و نواندنی (کینیس برانا، فیلمی (ریچاردی سێیەم) دەرهێنانی ریچارد لۆنکرین، فیلمی (ئۆتیللۆ) دەرهێنانی (ئۆلیڤەر بارکر)،ماکبێس ـ نواندنی (جیسۆن، فیلمی (شەوی دوانزەهەمین) بەنوسخەی بەریتانی و چەند فیلمێکی دیکە.

ماڵپەڕی (IMDB) کە گەورەترین ماڵپەڕی ئەلەکترۆنییە بۆ فیلمە جیهانییەکان، دەرکەوتووە کە لە ئەرشیفی ئەو سایتەدا زیاتر لە ٢٠٠٠ کاری سینەمایی



حەیدەر عەبدولڕەحمان

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە شاکارەکانی شکسپیرەوە وەرگیراون و کراون بەفیلمی سینەمایی، بەمەش شکسپیر بەچانسترین مرۆڤە لەسەر رووی زەویدا کە کارەکانی بەو ئاستە بەرزە جیهانییە بکرێت بەفیلم، وەك بەرهەمەکانی:

١- دەرهێنەر و ئەکتەر و بەرهەمهێنەری گەورەی بەریتانی (لۆرانس ئۆلیڤیە) لە چلەکانەوە دەستی کردووە بە کارکردن بۆ سینەماو، چەندین بەرهەمی نایابی شکسپیری گواستەوە بۆ سینەما، هەر لە چلەکانی سەدەی رابردوو لەساڵی (١٩٤٨) هاملێتی پێشکەش کردو، خۆی رۆڵی سەرەکیی تێدا بینی، لە پەنای ئەو فیلمەوە خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا، پاشان زنجیرەیەکی دیکەی لە شاکارەکانی شکسپیر کرد بە فیلم، لەوانە (هنری پێنجەم، ریچاردی سێیەم و چەندینی دیکە.

٢- دەرهێنەر و ئەکتەرو بەرهەم هێنەری ناوداری ئەمریکی (ئۆرسۆن ویلز) کە چەندین شاکاری شکسپیری مەزنی کردووە بەفیلم لەوانە: (ماکبیس ـ ١٩٤٨) و (ئۆتیللۆ) لەساڵی ١٩٥٢ .

ئەنسکلۆپیدیاکان ئەوەیان دەرخستووە کە شکسپیر خاوەنی زۆرترینی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەیە، کە بۆ سینەما سوودییان لێ وەرگیرابێت و، خۆی لە زیاتر لە ٥٠٠ بەرهەمی سینەمایی دەدات، بەڵام پێگەی (زانیاریی سینەمای جیهانی) لەو ژمارەیە زێتر تێدەپەڕێنێ و، پێی وایە ئەو ژمارەیە لەگەڵ فیلمە بێدەنگەکان دەگاتە هەزار بەرهەم، توێژەر و رەخنەگرەکان لەو دیاردەیەیان کۆڵیوەتەوە کە بۆچی شکسپیر بووەتە خاوەنی ئەو ژمارە پێوانەییە، ئەوان پێیان وایە زۆر هۆکار هەن، لەوانە دوو توخمی هەرە سەرکی هەن:

یەکەمیان: بایەخدانی زۆری نووسەر بەحاڵەتە درامی و دەروونییەکانی کاراکتەرەکانی، هەر لە حاڵەتە گەورەکانەوە تا بچووکترین و ورترین حاڵەت، لە هەر بابەتێکدا کە ئەو هەڵی بژاردووە، ئیدی کۆمێدی بێت، یان تراژیدیا، یانیش مێژوویی.

دووهەمیان: شکسپیر خۆی پیاوی شانۆ بووە بەمانای تەواو، ئەو خۆی لەکاتی نمایشکردندا دەچووە ناو بینەر و چاودێریی ئەو حاڵەتانەی دەکرد کە بینەری دەوروژاند، بەمەش رەگەزەکانی خواستی بینەری دیاری دەکرد و دەیزانی بینەر چی دەوێت، بەو شێوەیەی کە عەقڵ و دەروونی بینەر ئارەزووی دەکات، بۆ رۆژی دوایی دەسکاریی دەکردن.

کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە رۆژێ لە رۆژان شانۆگەرییەکانی شانۆکاری گەورەی جیهانی (شکسپیر ١٥٦٤ ـ ١٦١٦) دەبێتە توخمێکی بنەڕەتی بۆ دەوڵەمەند کردنی سینەما.

نامۆ نییە کە شکسپیر بلیمەتی سەردەمی خۆی و سەردەمی ئێمەو هەموو سەردەمەکانی دوای ئێمەش بێت.

شکسپیر هەر تەنیا شاعیر نەبووە، بەڵکو بلیمەتێکی گەورەی بواری شانۆ بووە، ئەو شانۆی بۆ ئەوە نەنووسیووە کە بخوێندرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی نووسیووە خەڵکی راستەوخۆ لەسەر شانۆ لەگەڵیاندا بهەژێت.

خودی خۆی کاتێ لەبەردەم شانۆگەرییەکانی خۆیدا دادەنیشت و هەستی بینەری دەخوێندەوە، لەو نهێنییانە دەگەیشت کە بینەر دەوروژێنێت و، ئەوەش کە بینەر دەڕوخێنێت، بۆیە لە رۆژانی دواتردا هەندێ دیالۆگ و دیمەنی دەسڕییەوە و هی دیکەی لەشوێنیدا دادەنا، بەو شێوەیەی کە بینەر لێی رازی بن، ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بینەر، توخمێك بوو لە توخمە کاریگەرەکانی شکسپیر.

# لە ئەڵمانیا دوازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «هامبۆرگ» بەڕێوە چوو

**دوازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «هامبۆرگ» بەرێزلێنان لە سینەماکاری کوردرەوانشاد «ڕەحیم زەبیحی» و بە تەرکیز لەسەر بەرهەمی سینەماکارانی ڕۆهەڵاتی کوردستان، لە شاری هامبۆرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو.**

دوازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «هامبۆرگ» بە بەرپرسیاریی «یاسیر ئیرمەك» و لە لایەن رەوەندی کوردی لە وڵاتی ئەڵمانیا و، بە نمایشی ٤٢ بەرهەمی سینەماکارانی کورد و وڵاتانی بیانی لەوانە (چوار فیلمی سینەمایی، ١٠ بەڵگەفیلم، ٢٤ کورتە فیلمی چیرۆکی و ئەنیمەیشنی و هەروەها چوار فیلم لە بەشی تایبەت بە منداڵان) لەرۆژانی ٢٨ی ئۆکتۆبەر تا سێی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ لە سینەماکانی «کینۆ»، «زیسە» و ٣٠٠١ لە شاری هامبۆرگ لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمی کردنەوەی دوازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی کوردیی «هامبۆرگ»رۆژی پێنجشەمە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بە چەند گۆرانییەکی ئۆپێرا و، بە دەنگی «پەروین چەکار» گۆرانیبێژی باکووری کوردستان و ژەنیاریی ئامێری باڵەبان لەلایەن «ئێڕتان تەکین» بەڕێوەچوو، پاشان بە فیلمی «ئەزموون» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکی، لە بەرهەمهێنانی «مەمەد ئەکتاش» و بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەر لە سینەما «زیسە»ی شاری هامبۆرگ بە شێوەی فەرمی دەستی پێکرد و، پاشان کۆڕی ئەم فیلمە بە ئامادەبوونی دەرهێنەری ئەم بەرهەمە کوردییە بەڕێوە چوو.

لە رۆژی هەینی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ پانێلی سینەمای کورد بە بەشداریی چوار سینەماکاری کورد بەڕێوەچوو، لەوانە (شەوکەت ئەمین کورکی، ئیبراهیم سەعیدی، هیشام ئایدەمیر، ئەکرەم هێیدۆ) دواتر کورتە فیلمی «کەرەنتینە» لە دەرهێنانی محەمەدڕەزا ئەردەڵان و بەڵگە فیلمی «پەلەوەر پەنابەرەکان» لە دەرهێنانی هاوبەشی (گول ئێرتۆنان کارا ئەسڵان و سێدات کیران) و لە کاتژمێر هەشتی شەو بەڵگەفیلمی بڵندی «عەشق لە بەرانبەر کۆمەڵکوژی» لە دەرهێنانی شێرۆ هیندە و بەڵگەفیلمی «جەسیمە جەلیل» لە دەرهێنانی ئۆزلێم دیلێر و جەلیل بادیکانلی نمایشکران.



لە ڕۆژی شەمە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ کورتە فیلمی «کۆدی ئاواتەکان» لە دەرهێنانی سەهیم ییلدیز، کورتە فیلمی «وەجینا پڕپڕوکە» لە دەرهێنانی میرمستەفا بایدەمیر، کورتە فیلمی «ژووری ٢١٧» لە دەرهێنانی سروە عەبەڕەش لە هەرێمی کوردستان، بەڵگەفیلمی «بنبەست لە نیشتمانی ئۆلیس» لە دەرهێنانی سەرحەت ئیرتۆنانمایش کران، لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ کورتە فیلمی «یادە» لە دەرهێنانی دێنیز دۆمان، بەڵگەفیلمی بڵندی «نانی پیرۆز» لە دەرهێنانWی ڕەوانشاد ڕەحیم زەبیحی و، لە بەرهەمێهنانی سینەماکاری کورد «توورەج ئەسڵانی» و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی «ماد مووڤی» نمایش کران.

هەر لە هەمان ڕۆژ کورتە فیلمی «من بریندارم» لە دەرهێنانی ئۆرکان بایرام، کورتە فیلمی «ئیدۆ» لە دەرهێنانی سامان مستەفا، کورتە فیلمی «تەنیایی باشترە» لە دەرهێنانی ڕێکار بارزان، کورتە فیلمی «هێڵە سپییەکان» لە دەرهێنانی جەلال ساعیدپەنا، کورتە فیلمی «سێبەر» لە دەرهێنانی مەجید دەروێش نەژاد، کورتە فیلمی «چەرخ» لە دەرهێنانی مەتین ئێور، کورتە فیلمی «دەنگێك لە دوور» لە دەرهێنانی شاخەوان عەبدوڵا ڕەحیم، کورتە فیلمی ئەنیمەیشنی «دەسپێی دووبارە» لە دەرهێنانی ئەوین بەرازی و فیلمی سینەمایی «دیار نابێت» لە دەرهێنانی سەرحەت کارا ئەسڵان چوونە سکرین.

لە ڕۆژی یەکشەمە ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ کورتە فیلمی «لانك» لە دەرهێنانی زانیار لوتفی و هەروەها لە بەشی «تایبەت بە منداڵان» لە دوازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی «هامبۆرگ» کورتە فیلمەکانی (نۆبەی تۆ، پێی، پینك، نیکیل و گوێز) نمایش کران.

لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا کۆڕی پسپۆڕانەی «سینەمای کوردی، شووناس و جوگرافیا» بە ئامادەبوونی (زانا کەبیر) کۆمەڵناس و دەرهێنەر، (مەسعوود ئالْپ) کۆنینەناس و بەرهەمهێنەر و (وەیسی ئاڵتای) دەرهێنەر بەڕێوە چوو. لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کورتە فیلمی «پەڵە» لە دەرهێنانی شۆڕش وەکیلی، کورتە فیلمی «گوڵا سینان» لە دەرهێنانی هێبۆن پۆڵات، کورتە فیلمی «شۆفیری» لە دەرهێنانی محەمەد سیت ئییلدیز، کورتە فیلمی «عاشقی سۆکرۆیۆ» لە دەرهێنانی وۆڵکان تەسکین، کورتە فیلمی «سەرما» لە دەرهێنانی ئادار باران دێگێر، کورتە فیلمی «نووکی زیپ» لە دەرهێنانی عەبدوڵا کێپێر، کورتە فیلمی «نەرگیسی پێنجەم» لە دەرهێنانی سەرکەوت نیك دڵ، کورتە فیلمی «ماڵ» لە دەرهێنانی سێوناز ئەدیکە پێشکەش کران. لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە کورتە فیلمی «خاڵی هاوبەش» لە دەرهێنانی یەڵماز چینتان و فیلمی سینەمایی «داری گوێز» لە دەرهێنانی محەمەد حوسێن مەهدەویان سەبارەت بە بۆردوومانی کیمیابارنی شاری سەردەشت چوونە شانۆ.

لە ڕۆژی دووشەمە یەکی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ فیلمی «ماندالینا ئاگاچی» لە دەرهێنانی چەنگیز ئاکایگۆن، کورتە فیلمی «من سەبر دەکەم» لە دەرهێنانی محەمەد شێروانی لە هەرێمی کوردستان و، کورتە فیلمی «باوانی» لە دەرهێنانی «سەجاد ئەحمەد بەیگی» و کورتە فیلمی «پڵاو سوور» لە دەرهێنانی «نۆمام ئێگیت» نمایش کران.

لەرۆژی سێشەمە دووی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ کورتە فیلمی «کاك ئیرەج» لە دەرهێنانی «جەمشید فەرەجوەند فەردا» و هەروەها بەڵگەفیلمی «سیدیك و پانتێر» لە دەرهێنانی ڕێبەر دۆسکی نمایش کران.

لە ڕۆژی چوارشەمە سێی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ و لە دوایین ڕۆژی دوازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی هامبۆرگ، کورتە فیلمی «بەدر» لە دەرهێنانی ئارنین ئانان ئەسڵان، فیلمی سینەمایی «پارێزەری برا» لە دەرهێنانی فەریت کاراهان کە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «بەرلینالە» لە ساڵی ٢٠٢١ لە وڵاتی ئەڵمانیا خەڵاتی بەشی «پانۆراما»ی بەدەست هێناوە، لە دوایین چانسی ئەم ڕووداوە سینەماییەدا نمایش کران.

**خەڵاتەکانی دوانزەهەمین ڤیستیڤاڵی فیلمی کوردی هامبۆرگ**

خەڵاتی یەکەم بۆ کورتە فیلمی (پێل) لە دەرهێنانی شۆرش وەکیلی ڕۆژهەڵاتی ئێران

خەڵاتی دووەم بۆ کورتە فیلمی (کەرەنتینا) لە دەرهێنانی مەحەد ڕەزا ئەردەلان.

خەڵاتی سێیەم (cudi of the wishes) لە دەرهێنانی سەمیها یەڵدز لە باکوری کوردستان.

خەڵاتی لێژنە درابە کورتە فیلمی ئەنیمەیشن (starting over) لە دەرهێنانی ئەڤین بەرازی لە ڕۆژئاڤا.

دواتر بە نمایشکردنی دوو فیلم کۆتا بە دوانزەهەمین ڤیستیڤاڵ هات.





### ئەلیسا:

## جۆرج قەرداحی هیچ لە لوبنان و یەمەن نازانێت

دوای ئەوەی لێدوانەکانی جۆرج قەرداحی وەزیری رۆشنبیری لوبنانی دژی سعودیا و وڵاتانی کەنداو، گرفتێکی دبلۆماسیی گەورەی لە نێوان لوبنان و ئەو وڵاتانەدا درووست کرد، هونەرمەندانیش رەخنەیەکی زۆریان لە قەرداحی گرت.

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیسا لە تویتێکدا دەڵێت: «قەرداحی زۆر شت دەربارەی لوبنان ویەمەن نازانێت، بۆیە هەر شتێك روو بدات لە ئەنجامی لێدوانەکانیدا، من دەرئەنجامەکەی دەخەمە ئەستۆی خۆی».

ئەلیسا رووی لە قەرداحی کرد و زیاتر گوتی: «لێدوانەکانی جۆرج قەرداحی گوزارشت لە لوبنان و سیاسەت و ئاراستە و هێڵەکانی لوبنان ناکەن، لەبەر ئەوە هەرچییەك روودات، من بەرپرسیارێتیی دەرئەنجامەکانی دەخەمە ئەستۆی ئەوەوە».

هەروەها داوای لە قەرداحی کرد وڵات جێبهێڵێت و بچێتە لای ئەو کەسانەی کە پشتگیرییان لێ دەکات و، واز لە لوبنان بهێنێت.

**سەرچاوە: نورت**



## هاوشێوەکەی شارۆخان: بە هۆی کوڕەکـ

ماوەیەکە خانەوادە شارۆخانی ئەستێرەی بۆلیۆد سەرقاڵی کێشەی دەستگیر کردنی ئاریانی کوڕە گەورەکەیانن، بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، هەرچەندە بەم دواییە بە کەفالەت ئازاد کراوە.

جگە لە شارۆخان و خانەوادەکەی کەسێکی دیکەش بەناوی راجکۆ رایکوار کە بە هاوشێوەی شارۆخان ناسراوە، ئەویش لەو کێشەیەدا دوچاری گرفتی زۆر بووەتەوە. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ میدیاکانی هیندستان راجکۆ رایگەیاند: «بە هۆی ئەو کێشەیەوە من گرفتی زۆرم بۆ درووست بووە، ماوەی ساڵ و نیوێك بەهۆی کۆرۆناوە من بێکار بووم، بە جۆرێك نەمتوانی کرێی خوێندنی منداڵەکانم بدەم، بەم دواییە بارودۆخەکە تا رادەیەك زۆر باشتر بووە، لە



## ـــــــەی کاری خۆم لە دەستداوە

ماوەی رابردوودا دوو چالاکیی گرنگ هەبوو دەبوایە بەشداریی تێدا بکەم، بەڵام هەردووکیان دواخست و بە ئاشکرا پێیان وتم کە خەڵك حەز ناکەن بەم شێوەیەی ئێستا شارۆخان ببینن».

راجکۆ لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «من شارۆخانم زۆر خۆشدەوێت و هیچ گلەییشم لێی نییە، ئامادەم هەرچیم هەیە لە پێناو شارۆخان بیبەخشم، چونکە من بە هۆی ئەوەوە ناوبانگم دەرکردووە و ناسراوم، بۆیە لە ئێستادا تاکە ئاواتی من ئەوەیە کۆڕەکەی بگەڕێتەوەماڵەوە، دڵنیام شارۆخانیش ئەو گرفتە تێدەپەڕێنێت و بە هێزتر لە جاران دەگەڕێتەوە.»

**سەرچاوە: الامارات اليوم**

## کۆرۆنا نۆ ملیۆن دۆلار زیانی بە ئایس کۆپ گەیاند

بە هۆی رازی نەبوونی بە وەرگتنی ڤاکسینی دژی کۆرۆنا، بڕی نۆ ملیۆن دۆلار زیان بە ئەکتەر و گۆرانیبێژی راپی ئەمریکی ئایس کۆپ کەوتووە.

بەپێی رۆژنامەی ئەندیپێندنتی بەریتانی بڕیار بوو ئایس کۆپ لە فیلمی (Oh Hell No) رۆڵی پاڵەوان ببینێت، کە لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای سۆنییە و لە بەرامبەردا بڕی نۆ ملیۆن دۆلاری وەردەگرت، بەڵام ئامادە نەبوو بەشداری بکات لە فیلمەکە ئەگەر داوای لێ بکەن کە پێویستە ڤاکسینی دژی کۆرۆنا وەربگرێت.

رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە کە ئایس بابەتی کۆرۆنای بە گاڵتە وەرگرت لە کاتی بڵاوبوونەوەی و، لە حوزەیرانی ساڵی رابردوودا لە تویتێکدا نووسیبووی: «پزیشکانی جیهان بەسە، واز لە درۆ بهێنن سەبارەت بە کۆرۆنا، خەڵك پێویستیی بە راستییە» رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە سەرەڕای ئەم گاڵتە پێکردنە، بەڵام ئایس لە شوێنە گشتییەکان بینراوە کە ماسکی بەستووە، لە هەمان کاتدا داوای لە خەڵکیش کرد کە پێویستە ماسك ببەستن.

فیلمەکە لە چوارچێوەیەکی کۆمیدیدا باس لە چرۆکێکی خۆشەویستی دەکات و، بڕیار وایە لە سەرەتای زستانی ئەم ساڵدا دەست بە وێنەگرتنی فیلمی (Oh Hell No) بکرێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت پشت بە ئەکتەرێکی دیکە ببەسترێت بۆ بینینی رۆڵی پاڵەوان لە فیلمەکە، ئەمەش واتە بێبەش بوونی ئایس لە نۆ ملیۆن دۆلار.

**سەرچاوە: الامارات اليوم**





**ئەسما عەلی:**

**یاریزانی تۆپی سەرمێزی هەڵبژاردەی عێراق**

# دانانی ڕاهێنەری کەمئەزموون لە هەڵبژاردەی عێراقدا گەورەترین گرفتە

**یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی بە سەرجەم یارییەکانی ئافرەتان دەدەن لە شاری سلێمانی، تیپی تۆپی سەرمێزی کچانی یانەکەش یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و یەکەمی ڕیزبەندی یاریزانان و یانەکانی عێراق و کوردستانن و، خاوەنی ژمارەیەك لە کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (ئەسما عەلی)یە کە بە ئاستە بەرزەکەی، هەموولایەکی سەرسام کردووە، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی سەرمێزی کوردستان و عێراقیش، یەکەمی ئاستی تازەپێگەیشتوانی عێراق و یاریزانی هەڵبژاردەکەشە، ئەسما لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ی پارێزگای زیقارە، جگە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بۆ یانەی غازی جنوبیش یاریی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی تۆپی سەرمێز چۆن دەبینی بە شێوەیەکی گشتی؟**

- بە شێوەیەکی گشتی کچانی عێراق لە یاریی تۆپی سەرمێزدا ئاستیان زۆر باشە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بە دڵنیاییەوە کەمیی پاڵەوانێتی دەبێتە گەورەترین هۆکاری بەرەوپێشنەچوون، بەوەش نەك تەنیا یارییەکەی ئێمە هەموو یارییە وەرزشییەکان ئاستیان خراپ دەبێت.

*** وەکو کچە پاڵەوانێك، پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی سەرمێزی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- پێویستە لیژنەی ئۆلۆمپیی عێراقی سەربازگەی مەشقی بۆ ئەو یاریزانانە رێك بخات، کە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن، بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە زۆرینەی پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەدا.



*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- دانانی راهێنەری کەمئەزموون لە هەڵبژاردەی عێراقدا گەورەترین گرفتە.

*** چۆن بوو لە باشووری عێراقەوە پەیوەندیت بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانییەوە کرد؟**

- پێشمەرگەی سلێمانی ناوبانگێکی جوان و باشی هەیە لە سەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبدا، ئەوەش خەونی هەموو یاریزانێکە کە لەو یانەیەدا بەشدار بێت، دەتوانم بڵێم راهێنەرێکی زۆر باش و پڕئەزموون لەم یانەیەدایە کە زۆربەی یاریزانەکانی لە هەڵبژاردەی عێراقدان.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك لەم یارییە بە نیازی چیت ؟**

- ئەگەر دەرفەت هەبێت، دەمەوێت باشتر پێشکەش بکەم بۆ وڵاتەکەم و یانەکەم لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی کوردستان و عێراق پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- ئاساییە بۆ ئەوەی ئێمە وەکو یاریزان سوودیان لێ ببینین.

*** لە خێزانەکەتدا تەنیا خۆت وەرزشکاریت؟**

- زۆربەمان وەرزشکارین، وەرزشیشمان زۆر خۆش دەوێ.

*** داوکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشیی لە کوردستان چییە؟**

-هیوادارم زیاتر خزمەتی وەرزشی کچان بکەن لە سەرتاسەری کوردستان.

*** خەونی وەرزشیت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- پشتیوان بەخودای گەورە دەمەوێت خزمەتی زیاتری وڵاتەکەم و یانەکەم بکەم بۆ بەرز راگرتنی ناویان.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراق داواکراویت؟**

- بەڵێ یاریزانی ئەو هەڵبژاردەیەم لە ئاستی تازە پێگەیشتوان و یەکەمی عێراقم.

*** گرێبەستت بۆ هاتووە لە یانەکانی دیکەی عێراق؟**

- بەڵێ لە چەندین یانە بۆم هاتووە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سە ر سا میت ؟**

- برنادت سوچ Szocs- Bernadette

*** دوا وتەت سەبارەت بەم وەرزشە و پشتیوانییەکانی چییە؟**

- زۆرسوپاس بۆ خانەوادەکەم خەمخۆرانە گرنگی بەردەوامم پێ دەدەن، سوپاس بۆ سەرۆك و ئەندامانی یانەی پێشمەرگە، بە تایبەت کاپتن بەڵێن، کە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە هەرە دڵسۆزەکان و باشترینەکانی تۆپی سەرمێز، هیوادارم راهێنەریی تۆپی سەرمێزی عێراق قبوڵ بکات، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بە وەرزشکارانی کوردستان دەکات.



# میسی: پێشبینی دەکەم خەڵاتی بالۆن دۆر نەبەمەوە



لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرژەنتینی و یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی لە نوێترین دیمانەیدا ئاماژەی بە چەند خاڵێک کردووە، کە تایبەتن بەخۆی و یانەی بەرشلۆنە.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی، مێسی ئاماژەی بە کاتی رۆیشتنی کردووە لە بەرشلۆنە دەڵێت: مووچەکەم بۆ نیوە کەمکردەوە، بەڵام کەس بەمنی نەگوت، کە بە خۆڕایی یاری بکە، من ئامادەبووم یارمەتی یانەی بەرشلۆنە بدەم، بەڵام قسەکانی لاپۆرتە منی بریندارکرد.

لیۆ لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد، کە هیوادارە رۆژێک لە رۆژان بگەڕێتەوە بۆ یانەی بەرشلۆنە و وەک سکرتێری هونەری کاربکات، دەڵێت: دەمەوێ لە داهاتوودا بگەڕێمەوە بۆ بەرشلۆنە و وەک سکرتێری هونەری کاربکەم، بەڵام نازانم بەرشلۆنە ئەوەی دەوێ یان نا، ئەگەر رووبدات دەمەوێ یارمەتی یانەکە بدەم.

مێسی گوتیشی: بەرشلۆنە ئەو یانەیەیە، کە من خۆشمدەوێ، دەمەوێ باشبێت و بەرەوپێشەوە بچێت، ببێتەوە بە باشترین یانەی جیهان.

مێسی نەیشاردەوە، کە ئامانجی سەرەکی ئەو بۆ بردنەوەی نازناوێکی دیکەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپایە.

لە وەڵامی ئەوەی، کە پاریس بەربژێرە بۆ بردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، لیۆ گوتی: ئێمە یەکێکین لە بەربژێرەکان بۆ نازناوەکە بەڵام بەتەنیا نین، هەمووان لەسەر پاریس قسەدەکەن بەهۆی کوالێتیی یاریزانەکانییەوە، بەڵام هەندێک یانە هەن، کە چەندین ساڵە هەوڵ دەدەن و کاردەکەن وەک یانەکانی چێلسی، مانچیستەر سیتی و لیڤەرپوول لە ئینگلتەرا، لە ئیسپانیاش یانەی ئەتلتیکۆ مەدرید، ئەوانیش توانای ئەوەیان هەیە ببنە پاڵەوانی خولەکە.

میسی زیاتر گوتی: خولی یانە پاڵەوانەکان پەیوەستە بە چەند دۆخێکەوە، هەمیشە باشترین نابێتە پاڵەوان.

دەربارەی پەیوەندیی خۆی و ئێمباپێ گوتی: لەگەڵ ئێمباپێدا دۆخێکی نامۆ بوو لە سەرەتادا، چونکە ئێمە نەماندەزانی دەمێنێتەوە یان دەڕوات، لە بەختی باشمان ئێستا ئێمە یەکدی دەناسین، لە دەرەوە و لە ناو یاریگەش بەیەکەوە سەرنجڕاکێشانە دەژین، کۆمەڵێکی باش و تەندروست هەن لە ژووری جلگۆڕینی پاریس.

رۆژنامەنووسەکە پرسیاری دەربارەی ناخۆشترین ساتی مێسی کرد لەو کاتەوەی، کە هاتووەتە پاریس لە وەڵامدا گوتی: کاتە خراپەکان لە سەرەتدابوون ئەو کاتەی، کە هەموو شتێك بەخێرایی روویاندەدا، مانگ و نیوێک لە هۆتێل ماینەوە و شتەکە ئاسان نەبوو بۆ منداڵەکان، ئێمە لە ناوەڕاستی پاریسدا بووین، هاتووچۆی شەقامەکان بەرنەدەکەوت، بەڵام کە چووینە ماڵەکەمان هەموو شتێک باشبوو.

سەبارەت بە جیاوازیی نێوان پاریس و بەرشلۆنە، مێسی دەڵێت: بەرشلۆنە یانەیەکی گەورەیە، یەکێکە لە باشترین یانەکانی جیهان، مێژوویێکی باشی هەیە، بەڵام پاریس یانەیەکە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی باش بەرەوپێشچووە، هێشتا زۆر شتی دیکەی لەبەردەمە بۆ بەدەستهێنان، باشترین یاریزانەکانی جیهانی تێدایە، شارێکی وەرزشی نوێی هەیە، هۆکاری گەشەسەندنی باشی هەیە.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە بالۆن دۆری حەوتەم پرسیار لە مێسی کرا، ئایا مێسی دەبێتە براوەی خەڵاتی بالۆن دۆری ئەمساڵ؟

مێسی: ئەگەر راستگۆبم پێموانییە گەورەترین نازناوی ئەمساڵم بردنەوەی نازناوێک بوو لەگەڵ هەڵبژاردەی نیشتیمانی، دوای ئەوەی کۆشش و ماندووبوونێکی زۆرمان چەشت بۆ ئەو نازناوە، ئەگەر بەهۆی ئەوەوە بالۆن دۆر ببەمەوە شتێکی نائاساییە، بردنەوەی بالۆن دۆری حەوتەم شێتانەیە، ئەگەر هیچ شتێک روونەدات ئەوا یەکێك لە ئامانجە گەورەکانم دەپێکم، من زۆر دڵخۆش دەبمەوە.

لە کۆتایی ئەو بەشەی دیمانەی مێسی، کە بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: من بیری شاری بەرشلۆنە و ژیانکردن لەو شارە دەکەم، بەڵام لە پاریسیش دڵخۆشم.

مێسی لە هاوینی رابردوو دوای ٢٠ ساڵ بە گرێبەستێکی خۆڕایی لە یانەی بەرشلۆنە چووە یانەی پاریس سانت جێرمان، لەو یانەیە درێسی ژمارە ٣٠ وەرگرتووە، بەڵام ئاست و ژمارەکانی جێگەی دڵخۆشیی هەوادارەکانی نین، ئەو لە ٨ یاریی سەرەتادا تەنیا ٣ گۆڵی هەیە و هیچ ئاسیستێکی نەکردووە، ئەمە جیا لەوەی، کە لە خولی فەرەنسیدا تاوەکو ئێستا گۆڵی نەکردووە.

## ئێریکسن نزیکە لە یانەی ئەیاکس ئەمستردام

داهاتووی کریستیان ئێریکسن، ئەستێرەی دانیمارکی و یانەی ئەنتەرمیلان، دوای ئەو ڕووداوەی لە یۆرۆی ٢٠٢٠دا تووشی بوو دیارنییە، بەڵام ئەگەری هەیە لە یانە ئیتاڵییەکە بڕوات و ئەزموونێکی دیکە تاقی بکاتەوە.

میدیای ئیتاڵیا بڵاویکردەوە هەموو ڕێگەکان بەرەو ئەوەن، کە کریستیان ئێریکسن لە یانەی ئەنتەرمیلان بڕوات، بەتایبەت کە یاریزانەکە چیدیکە ئەمساڵ ناتوانێت یاری بکات.

ڕۆژنامەی کۆرییری دێللۆ سپۆرت دەڵێت: بەهۆی دانانی ئەو ئامێرەی تایبەت بە لابردنی لەرزینی دڵ بۆ ئێریکسن دانراوە، یاریزانەکە مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە چیدیکە نەتوانێت لە خولی ئیتاڵیا یاری بکات.

بەپێی ڕاپۆرتەکە چارەسەری گونجاو بۆ ئێریکسن ئەوەیە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە یانەی ئایاکسی هۆڵەندی، بەتایبەت کە هەلی هەڵگرتنی ئامێری تایبەت بە لەرزینی دڵ بۆ ئەو یاریزانە زۆر زەحمەتە.

لە ئەگەری گەڕانەوەی یاریزانەکە بۆ یانەی ئایاکس، ئێریکسن هەلی ئەوەی دەبێت کە توانای جەستەیی بگەڕێنێتەوە و بگەڕێتەوە هەڵبژاردەی دانیمارک.

کریستیان ئێریکسن لە یۆرۆی ٢٠٢٠ لە یاریی دانیمارک و فینلەندا، تووشی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو و نەخوازراو بووەوە و بەو هۆیەوە یاریزانەکە بەخێرایی بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە، لەو کاتەوە یاریزانەکە نەیتوانیوە هیچ یارییەک ئەنجامبدات و وادەی گەڕانەوەشی دیارنییە.



گرێبەستی کریستیان ئێریکسن لەگەڵ ئەنتەرمیلان لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت، یاریزانەکە لە ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٣ لە ئایاکس یارییکردووە، لە ١٦٣ یارییدا ٣٢ گۆڵی تۆمارکردووە و ٦٥ ئاسیستی هەبووە.

## ڕیال مەدرید هەوڵی بەڕێکردنی گاریس بێڵ دەدات

بەگوێرەی سەرچاوەکانی نزیک لە یانەی ڕیال مەدرید، بەرپرسانی ئەو یانەیە نایانەوێت چیدی بەخۆڕایی پارەیەکی زۆر بە گاریس بێڵی ئەستێرەی وێڵزی بدەن، کە ئەم وەرزە لە سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکاندا تەنیا ٣ یاری بە درێسی ڕیال مەدریدەوە کردووە و تەنیا گۆڵێکی تۆمارکردووە.

وەک ئەو سەرچاوانە باسی دەکەن، ڕیال مەدرید ئامادەیە گرێبەستی بێڵ هەڵوەشێنێتەوە و دەستبەرداربوونی پێبدات و ئازادی بکات لەوەی لەم زستانەدا بەبێ بەرامبەر بچێتە هەر یانەیەک کە خۆی حەزی لێیە.

ماوەی زیاتر لە مانگێکە یاریزانە وێڵزییەکە، دوورکەوتووەتەوە بەهۆی پێکان لە ماسوولکەکانی ڕانی، بەڵام ئێستا چاکبووەتەوە و ئامادەیە بۆ یاریکردن.



ڕیال مەدرید لە هێڵی هێرشبردن کۆمەڵێک یاریزانی هەیە و ئاستی ڕکابەری لەسەر یاریکردن بەشێوەی سەرەکی زۆر بەهێزە، بەتایبەتیش کە ئێستا کەریم بنزیما و ڤینیسیۆس جۆنیۆر ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکەن و شوێنی ئەوان لە پێکهاتەی سەرەکیدا مسۆگەرە.

پێشتر گاریس بێڵ لە لایەن یانەی ئەرسیناڵی ئینگلیزییەوە بایەخی پێدەدرا و لە هاوینی ڕابردوودا دەیویست بیباتە ڕیزەکانی، لە ڕێگەی گۆڕینەوەی بە ئەلیکساندەر لاکازێتی هێرشبەری فەرەنسی، بەڵام هەردوو یانە دواجار نەگەیشتنە ڕێککەوتن و یاریزانەکە لە مەدرید مایەوە.

گاریس بێڵ ئامادەیە بۆ ئەوەی یاری نێودەوڵەتیی ژمارە ١٠٠ی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردەی وێلز بکات، کە لە لایەن ڕۆبێرت بیدجی ڕاهێنەری ئەو هەڵبژاردەیەوە بانگهێشت کراوە، بۆ بەشداریکردن لە هەردوو یاری بێلارووسیا و بەلژیکا لە چوارچێوەی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر.

# ژمارەیەک یاریزانی کورد بەشداریی پاڵەوانێتیی لەشجوانیی ئاسیا دەکات

شاندی هەڵبژاردەی لەشجوانیی عێراق ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای شارەکانی عێراقی لە خۆ گرتووە، کە ئامادەکاریی پێویستیان کردووە وەکو هەڵبژاردە، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، یاریزانانی کوردستان لە یاریی لەشجوانیدا هەمیشە پێشەنگی یاریزانانی وڵاتانی ئاسیا بوون، بڕیاریشە پاڵەوانێتییەکە لە رۆژی ١٠ی ئەم مانگە دەست پێ بکات، لەم بارەشەوە (رێژەن فوئاد) یاریزانی لەشجوانیی لە شاری سلێمانی بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە دەکات، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکی زۆرە لە مەشق و ئامادەکاریداین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی ئاسیا، بۆ هەڵبژاردەی وڵاتان لەسەر کێشی جیاواز، منیش وەکو یاریزانێکی کورد لە پاڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی کورد و عەرەب بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە دەکەین، من لە کێشی خۆم لە (٧٥کگم)ـە کە پێی دەڵێن (بۆدی بۆڵینگ)، تاکە یاریزانی کوردم لەو کێشە بەشداری دەکەم، و ماوەی سێ مانگە لە مەشقێکی چڕدام، لە هەڵبژاردەی عێراقیش داواکراوم، ئێستا هەموو هەوڵەکانم بۆ ئەو پاڵەوانێتییە چڕ کردۆتەوە کە لە رۆژی ١٠ی مانگ تاکو رۆژی ١٤ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت لە وڵاتی لوبنان، پێشبینیش دەکرێت کە کێبرکێی بەهێز هەبێت لە نێوان یاریزانانی وڵاتانی بەشدار بوو، بەهیوای ئەوەم وەکو یاریزانانی کورد بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن».



# یانەی هەڵۆ چارەسەری گرفتەکانی دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆ لەم وەرزەدا لەگەڵ دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێدا لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان وەکو پێویست نەبووە و، یانەکەش بە دەست چەند گرفتێکەوە دەناڵێنێت، لە سێ یاریی سەرەتای خولەکەشدا هیچ خاڵێکی بەدەست نەهێناوە، بۆیە دەستەی کارگێڕیی یانەکە دەیەوێت چارەسەری گرفتەکانی بکات و، تیپەکە بباتە قۆناغێکی تازەوە، لەم بارەشەوە (ئەحمەد خەلیل) سەرۆکی پێشووی یانەی وەرزشیی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من وەکو سەرۆکی یانەکە دوو مانگە تیپەکەم جێهێشتووە و دەستەیەکی تازە گوتیان تیپەکە بەڕێوە دەبەین، بەڵام ئێستا داوای ئەوەیان لێم کردووە تیپەکە بگرمەوە ئەستۆ، بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەکان بدۆزینەوە، تیپەکەمان بە نەداری بەڕێوەدەبرد، تیپ ١٣بۆ ١٤ ساڵە ئێمە بەم شێوەیە لە سەر



# دارا محەممەد چەندین یانەی لە پێناو بازیان ڕەتکردەوە



دوای چەند وەرزێك لە بەردەوامبوون لە کاری ڕاهێنەرایەتی لەگەڵ یانەی بازیان و سەرخستنی یانەکەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەهۆی کێشەکانی نێوان دەستەی ڕاهێنەران و سەرۆکی یانەکە، ستافی ڕاهێنەرانی یانەك دەستیان لە مەشقی یانەی بازیان کێشایەوە، لەم بارەشەوە (دارا محەممەد) ڕاهێنەری پێشووی یانەی بازیان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری وازهێنانمان لە ئەرکی مەشقدانەوەی یانەی بازیان، هۆکاری شەخسی بوو لەگەڵ سەرۆکی یانەکە، لای هەمووانیش ئاشکرایە کە من یانەی بازیانم بە هەموو کوردستان ناساند، ئەوە چاکەی من بوو دامیانەوە، لە کوردستان وەرزش بەم شێوەیە بەڕێوەدەچێت»، گوتیشی: «بەر لەدەستپێکی خولی نایابی کوردستان دوو تا سێ یانەم کردە قوربانیی یانەی بازیان، بۆ ئەوەی جێیان نەهێڵم و بەردەوامبم لەگەڵیان، تا ئێستاش هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە لەو ڕۆژەی وازم لە بازیان هێناوە، بەڵام ئەگەر یانە هەبێت و لەگەڵی ڕێکبکەوین، بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام دەدەین و هیچ گرفتێکمان نییە، ستافی ڕاهێنەرانیش تاکو ئێستا بە یەکەوەین، بۆیە بڕیارەکان بە یەکەوە دەدەین بۆ خزمەتی هەر یانەیەك، کە پەیوەندیمان کرد بە وانەوە.»

گیرفانی خۆمان بەڕێوە ناچێت، یانە پرۆژەیەکی نەبێت، یان پارەیەکی پێویستی لە بەر دەستدا نەبێت، بەم شێوەیە ناچێت بەڕێوە، خۆ ئەگەر گەڕاینەوە، تیپەکە دەگۆڕین و گۆڕانکاریی تەواو دەکەین بۆ ئەوەی تیپەکە هەستێنینەوە و بچێتە قۆناغێکی تازەوە، زیاتر لە شەش یاریزانمان پێویستە جگە لە دەستەی ڕاهێنەران، ئەو گۆڕانکارییانەش ڕۆحێکی دیکە دەداتە تیپەکە،

«ئەحمەد خەلیل گوتیشی: «تاقیکردنەوەی زۆرمان هەیە کە بە چ شێوەیەك تیپ سەر لە نوێ دروست بکەینەوە و سەری بخەینەوە، ساڵانە ٢٠بۆ٣٠ملیۆن دینار لەماڵەوە دەهێنم، هەموو هەوڵێك دەدەین یانەی هەڵۆ بکەینەوە بە تیپەکەی جاران لە دەڤەری بارزان و بکەینەوە بە تیپێکی بەهێز.






# ڤاکسینی کۆڤیدی فایزەر
# بۆ منداڵانی تەمەن ٥-١١ ساڵ



## ڤایرۆسی کۆرۆنا و وەرزی زستان

بە گوێرەی لێکۆڵینەوە یەك لە دوای یەکەکان سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەراوردکردنی لەگەڵ ڤایرۆسەکانی دیکەی کۆئەندامی هەناسە، پسپۆران هێشتا بە تەواوی نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتە وەرزی؟، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، یان لە شوێنە ساردەکاندا، یانیش بە درێژایی وەزرەکانی ساڵ دەخولێتەوە؟. هەروەها زاناکان تێبینیی ئەوەیان کردووە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا وەکو ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا زیاتر لە وەرزی زستاندا بڵاودەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە وەزر، یان کەشوهەوا کاریگەریی لەسەر جێگیریی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە، هەروەها توێژینەوەی دیکەش هەیە ئاشکرای کردووە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەشی سارددا زیاتر جێگیر دەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ توانای ژیان، یان مانەوەی هەیە. کەشی سارد لەوانەیە کە هاندەر بێت بۆ ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئاسانتر بە هەوادا بڵاوببێتەوە، لەوکاتەی کە ئاستی بەرزی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لە هاویندا ڤایرۆسەکە لەناو دەبات، جگە لەمانە، کەشی سارد کاریگەری دەکاتە سەر فسیۆلۆژیای لەش و هاندەر دەبێت کە ڤایرۆس ئاسانتر بگاتە لەش، هاوکات لەگەڵ کەمیی ڤیتامین D لە وەرزی زستاندا کە تیشکی خۆر بێهێزە، ئەمەش سیستمی بەرگریی لەش و کاردانەوەکانی لاواز دەکات بەرانبەر بە هەوکردنەکانی کۆئەندامی هەناسە.

بەکارهێنانی ڤاکسینی کۆڤیدی فایزەر بۆ منداڵانی تەمەن ٥-١١ ساڵی سەلامەتە و تا ڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ کاریگەرە، سیستمی بەرگریی لەش کاردانەوەیەکی بەهێز بەرانبەر بە ڤاکسینی فایزەر نیشان دەدات، بە دروستکردنی ماددە دژەتەنەکان Antibodies دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها زیانە لابەلاکان سووکترن لەوەی کە لە گەورەکاندا پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید بەدی دەکرێن. بۆ منداڵانی تەمەن٥-١١ ساڵ، دوو ژەمی ١٠ مایکرۆگرامی ڤاکسین وەردەگیرێت، کە نێوانیان ٢١ ڕۆژ بێت، کەچی بۆ منداڵانی تەمەن ١٢- ١٦ ساڵ ژەمی ڤاکسینی فایزەر ٣٠ مایکرۆگرامە. بەکارهێنانی ڤاکسینی کۆڤیدی فایزەر بۆ منداڵانی تەمەن ٥-١١ ساڵی هەموو هەنگاوەکانی تاقیکردنەوەکانی بەکارهێنانی ڤاکسینی بڕیوە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی خۆراک و دەرمانی ئەمریکی FDA زوو بە فەرمی پاڵپشتی بەکارهێنانی بکات، ئەوا لە هەفتەی داهاتوودا دەست بە بەکارهێنانی دەکرێت، ئاماژە بەمەش کراوە کە دەتوانرێت ڤاکسینی کۆڤید لەگەڵ ڤاکسینەکانی دیکە کە لە خشتەی کوتانی منداڵدا هەن، لە هەمان کاتدا وەربگیرێت.



# بۆچی پێویستە ئافرەتی دووگیان ڤاکسینی کۆڤید وەربگرێت؟




سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان CDC ڕێنمایی دەکات، کە پێویستە ئافرەتانی دووگیان ڤاکسینی کۆڤید وەربگرن، کە زۆر سەلامەتە و دڵنیاشان دەکاتەوە کە وەرگرتنی ئەم ڤاکسینە هەرگیز ئەگەری لەبارچوون زیاد ناکات. ئافرەتی دووگیان لە ریسکێکی بەرزدایە، چونکە کە دوچاری کۆڤید١٩ دەبێت، بەتایبەتی گۆڕاوی دێلتا، ئەوا زۆر بە سەختی نەخۆش دەکەوێت و ئەگەری ئاڵۆزییەکان زیاد دەبن، وەك: کۆرسێکی زۆر سەختی کۆرۆنا، گرفتی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسە، زیادبوونی ئەگەری خەواندن لە بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانەدا، هەروەها ئەگەری مردنیش لەئارادایە. گرنگیی وەرگرتنی ڤاکسین لەکاتی دووگیانیدا لەوەدایە کە ئافرەتی دووگیان لە تووشبوون و لە مردن دەپارێزێت، هەروەها لەکاتی تووشبووندا نیشانەکان سووکتر و ئەگەری ئاڵۆزی و مەترسیی تەندروستیی کەمتر دەبێتەوە. بە پێی ڕێنماییەکان، باشترین جۆری ڤاکسین لەکاتی دووگیانیدا ئەوانەن کە لە بەرهەمهێناندا پشت بە ڕێگای mRNA دەبەستن، وەك ڤاکسینی فایزەر و مۆدێرنا، ئاماژە بەوەش کراوە کە تا ئێستا بە تەواوی نەزانراوە ئایا ڤاکسینی کۆڤید تا چەند کۆرپە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەپارێزێت، بەڵام لەوانەیە کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کۆرپە بپارێزێت، هاوشێوەی ڤاکسینەکانی دیکە کە لەکاتی دووگیانیدا وەردەگیرێن.

# زیادخواردنی شیرینی هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە

ئەمە سەلمێنراوە کە زیادخواردنی شەکر بەتایبەتی شەکری فرکتۆز کە لە ناو شلەمەنییە کاربۆنکراوەکان، یان سۆدا هەیە، هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و زیادبوونی بەرگریی خانەکانی لەش بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین Insulin resistance کە لە گلاندی پەنکریاسەوە دەردەرێتە ناو خوێن، واتە شەکر بە دروستی ناچێتە ناو خانەکان و ئاستی لە خوێندا بەرزدەبێتەوە، ئەمەش گومانی تێدا نییە کە دروستبوونی بەرگری بەرانبەر بە ئینسولین، هەروەها کێشی زیاد و قەڵەوی، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم Type II diabetes زیاد دەکەن. هۆکاری دروستبوونی بەرگری بەرانبەر بە ئینسولین دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی ڕێژەیەکی بەرزی شەکر لە جگەردا، نەك چەوریی جگەر. هەروەها لە توێژینەوەکاندا هاتووە کە بڕی زیادی شەکری فرکتۆز لە لەشدا، جگە لە ئەگەری پەیدابوونی بەرگری بەرانبەر بە ئینسولین، هاندەریشە بۆ زیاد کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا، هاوکات لەگەڵ ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کەمبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش و بەرزبوونەوەی ڕێژەی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، لەگەڵ کۆبوونەوەی چەوری لە دەوری کەمەردا.





# ئایا سەفەر بە فڕۆکە مەترسیی تەندروستیی هەیە؟

دوور لە کارەسات، سەفەرکردن بە فڕۆکە بۆ کەسێکی تەندروست هیچ مەترسییەکی نییە، لە بەرزاییدا ڕێژەی گازی ئۆکسجین لە هەوادا کەم دەبێتەوە و پەستانی هەواش دادەبەزێت، ئەم گۆڕانانە کاریگەریی نێگەتیڤ دەکەنە سەر کەسانی تووشبوو بە هەناسەتەنگی، لەبەر پەککەوتنی دڵ لەگەڵ تووشبووانی ڕەبو. سەفەر بە فڕۆکە لە هەندێك کەسدا لەوانەیە کە ببێتە هۆی هێڵنج، یان هەندێك جار ڕشانەوە، کە بە دەردی سەفەر Travel sickness ناسراوە، هاوکات لەگەڵ ناڕەحەتی لە گوێچکەکاندا لەبەر گۆڕانی پەستانی ئەتمۆسفیر. هۆکارە هاندەرەکان بۆ هێڵنج و ڕشانەو لەکاتی سەفەر بە فڕۆکە بریتین لە: خواردنەوەی شلەمەنییە گازدارەکانی وەکو کۆلا و بیبسی، ترس و پەستی لە سەفەر بە فڕۆکە، هەروەها جگەرەکێشان و ئەلکهول. هەندێك کەس پێویستییان بە چاودێریی تەندروستی تایبەت هەیە لەکاتی سەفەرکردن بە فڕۆکە، وەك کەسانی بەساڵاچوو، نەخۆشانی شەکرە، نەخۆشانی پەرکەم، تووشبووان بە نەخۆشییە گوازراوەکان و هەوکردنی جومگەکان، ئەوانەی قاچیان لەپاش شکان هەڵبەستراوەتەوە، تووشبووانی نەخۆشیی دڵ لەگەڵ ئەوانەی کە تازە نەشتەرگەریی دڵ یان سکیان بۆ کراوە، هەروەها ئافرەتانی دووگیان پاش هەفتەی ٣٥ ی دووگیانی.





# ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید بۆ کێ پێویستە؟

سەنتەری ئەمریکی بۆ خۆپاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان، وەرگرتنی ژەمی سێیەم، یان ژەمی چالاککەرەوەی Booster shot ڤاکسینی فایزەر لە ئێستادا ڕێنمایی دەکات بۆ هەندێك کەس، بە مەرجێك شەش مانگ بەسەر ژەمی دووەمی ڤاکسیندا تێپەڕ بووبێت، ئەم کەسانە بریتین لە: کەسانی تەمەن ٦٥ ساڵ و بەسەرەوە، کەسانی تەمەن ٥٠-٦٤ ساڵ کە نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، کەسانی تەمەن ١٨ ساڵ و بەسەرەوە ئەوانەی لە بەشی چاودێریی تەندروستیی درێژمەودا کاردەکەن، کەسانی تەمەن ١٨ ساڵ و بەسەرەوە ئەوانەی کە نەخۆشیی تایبەتیان هەیە، کە سیستمی بەرگریی لەشیان لاواز دەکات، کەسانی تەمەن ١٨ ساڵ و بەسەرەوە کە لە شوێنی ریسکی زۆری کۆرۆنا کاردەکەن، کەسانی تەمەن ١٨ ساڵ و بەسەرەوە کە لە شوێنی ریسکی بەرزی تووشبوون بە کۆڤید١٩ دەژین. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کەسانەی پیشەی تایبەتیان هەیە، یان لە شوێنی تایبەتدا کاردەکەن کە ریسکی توشبوونیان بە کۆڤید١٩ بەرزە، ئەوا پێویستە کە ژەمی سێیەمی ڤاکسینی کۆڤید وەربگرن، کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: کارمەندانی هێڵی یەکەمی تەندروستی، کارمەندانی ئاگرکوژاندنەوە، پۆلیس، مامۆستای قوتابخانە، ئەو کەسانەی لە چێشتخانە و کشتوکاڵ و کارگەکاندا کار دەکەن، کارمەندانی فرۆشتنی خۆراك.




# ئامێرێک بۆ دۆزینەوەی کامێرا سیخوڕییەکان

دەڵێن بۆ هەر دەردێك دەرمانێك هەیە، بۆ ئامێر و كامێرا سیخوڕییەكان كە لەم سەردەمەدا ئەوەندە زۆر بوونە و كێش و قەوارەیان ئەوەندە بچووك بووە كە دۆزینەوەیان سەختە. بۆ ئەوانیش ئامێری دۆزەرەوە بەرهەمهاتووە كە بە چركەیەك شوێن و جێگایان دەدۆزێتەوە.

ئامێری دژە سیخوڕی Jepwco G4 Pro بۆ دۆزینەوەی دەنگ تۆماركەری نهێنی یان كامێرای شاراوە زۆر گرنگە. وەك قەڵەمێك دەچێت و دەكرێ لە گیرفانی بخەی. شەحن دەكرێتەوە هەر كاتێك شەحنكرایەوە هەتا ٢٥ كاتژمێر شەحنەكەی دانابەزێت.



## بۆچی فیسبوک ناوەکەی خۆی دەگۆڕێ؟

كاتێك باسی فەیسبوك دەكرێت، ئێمە دەستبەجێ ئەو تۆڕە كۆمەڵایەتییە بەربەرینەی كە هەركامامان هەژمارێكی تایبەتی هەیە لەو تۆڕەدا دێتە بەرچاو. لە ڕاستیدا فەیسبوك بەرفرە ترە لەو تۆڕە كۆمەڵایەتییە. فەیسبوك كۆمپانیایەكی گەورەی جیهانییە و تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوك و ئینستاگرام و واتساپ سەر بەو كۆمپانیایەن.

كاتێك دەڵێن فەیسبوك ناوەكەی خۆی دەگۆڕێت، ئەوە ناوی كۆمپانیایە دەگۆڕدرێت، ئەگینا ئەو تۆڕانەی ئاماژەمان پێدان هەر بەو ناوە دەمێننەوە.. هێشتا وەڵامی پرسیارەكە نەدراوەتەوە، بۆچی ناوەكەی دەگۆڕێ؟

هەروەك ئاگادارن لەو ماوەیەدا تۆڕەكانی سەر بە فەیسبوك تووشی كێشە بوون و بۆ ماوەی شەش كاتژمێر لەكاركەوتن، ئەوە وای كرد بەشێك لە پشكەكانی كۆمپانیا لەدەست بچن و كۆمپانیا تووشی زیانێكی گەورە بێت، زاكربێرگ و بەڕێوەبەرانی كۆمپانیا پێیان وایە لەو ڕێگایە دەتوانن ئەو خاڵە نەرێنیە لە زەینی بەكارهێنەرانی بسڕنەوە و جارێكی دیكە بەناو گۆڕین متمانەی بۆ بگەڕێننەوە.. فەیسبوك ناوەكەی خۆی دەكات بە چی؟ ناوی فەیسبوك دەبێتە meta (میتا) ئەویش لە دەستەواژەی Metaverse وەرگیراوە بەمانای سەرووی جیهان، لە ڕاستیدا بەمانای سەرووی خەیاڵ دێت، چونكە پێدەچێ لە داهاتوودا ئینتەرنێت بەم شێوەی ئێستا نەمێنێ و نزیك بێتەوە لە واقیعی - مەجازی و بەهۆی ئەو هێدستانەی كە لەسەردەكرێن، ئەو چاویلكە زەبەلاحانە مرۆ وا هەست پێ بكات كە لەناو خودی جیهانەكەدایە، ئەگەرچی لە حەقیقەتدا لەوێ نییە..



# نەوەی سێیەمی شای ئەڵقەکان

ئەوانەی زنجیرە دراماى (شاى ئەڵقەکان)ى دیبێ و دەزانێ هەموو هێز و دەسەڵاتێك بەستراوەتەوە بەوەی کێ خاوەنی (شاى ئەڵقەکان)ە. لە جیهانی واقیعیشدا ئەنگوستیلەی زیرەکی Oura هەمان رۆڵی شای ئەڵقەکان دەگێڕێ.

ئەڵقەی زیرەکی Oura ئەوە سێیەمین وەشانی بەرهەم دێت. نەوەی سێیەمی ئەڵقەی زیرەك تایبەتمەندی گرنگی تێدایە وەك هەستەوەری تایبەت بە لێدانی دڵ و ئۆکسیجێنی ناو خوێن.

ئەڵقەکە حەوت هەستەوەری چاودێری تەندروستی تێدایە، کێشی ئەڵقەکە ٤ هەتا ٦ گرامە. لەناو ئاودا کێشەی بۆ نایەتە پێش. ئەگەر گشت هەستەوەرەکان چالاك بن، شەحنەکەی هەتا هەفتەیەك دانابەزێت. هەستەوەری لێدانی دڵ، رێژەی ئوکسیژێنی ناوخوێن، زەختی خوێن، سوڕی مانگانەی ئافرەتان بەشێکن لەو هەستەوەرانەی کە لە ئەڵقەکەدان.

# ماتۆڕێک دەبێتە جانتا

داهێنان بەردەوامە و هەر رۆژە و داهێنانێکی نوێ، ئەم ماتۆڕە کارەباییە کە وێنەکەی دەبینن نوێترین ماتۆڕی کارەباییە کە دەنووشتێتەوە و وەك جانتایەکی لێدێ. ئەوەندە بچووك دەبێتەوە کە دەکرێت لەژێر مێزێك دایبنێی.

ژیان لە شارە گەورەکان زۆر دژوار بووە و بەهۆی زۆربوونی ئۆتۆمبیلەوە قەرەباڵغییەکی ئەوەندە زۆر دەبێ کە مرۆ بە پێ یان بە پایسکل و ماتۆر زۆر ئاسانتر دەتوانێ بگاتە مەبەست، بەتایبەتی کە ماتۆڕەکەت کارەبایی بێ بێدەنگ بێ و لە قسەی ناشیرینی خەڵکیش بە دوور دەبی!

«Icoma»ی ژاپۆنی ماتۆڕێکی کارەبایی بەرهەمهێناوە کە دەتوانێت بەقەد جانتایەکی لێبێت و بە ئاسانی لە هەموو شوێنێکەوە بچێت و ئەگەر کێشەی بۆ هاتە پێش بتوانی هەڵیبگری.

کاتێك ماتۆڕەکە دەکرێتەوە قەبارەکەی دەبێتە ١٢٣ سم و بەرزییەکەی مەترێك و پانییەکەی ٦٥ سم. ماتۆڕەکە شەحن دەکرێتەوە، دەتوانێت بە خێرایی ٤٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا لێیبخوڕی. هەر کاتێك شەحن کرایەوە هەتا ٥٠ کیلۆمەتر شەحنی دانابەزێت.

مۆتۆڕەکە بە (tatamel) ناسراوە. دەتوانێت بۆ پشتەوەش بکشێتەوە و لەکاتی لێخوڕیندا دەتوانێت ئامێرەکانی وەك مۆبایل و کامێرا و تەبلێتیش شەحن بکاتەوە.



# کاتژمێرێکی زیرەک تایبەت بە سەردەمی کۆرۆنا




کرۆنا پەتاو بەڵا نەگریسەکەی جیهان، گۆڕانکاری لە زۆر شتدا پێکهێنا، لە تەندروستی و کاروکرداری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە مرۆییەکان و بەگشتی لە هەموو بوارێکدا. وای لە مرۆ کرد بەخۆی دابێتەوەو گرنگی زیاتر بە تەندروستی خۆی و ژینگە بدات. ئامێری تایبەت بە سەردەمی کۆرۆنا بەرهەمهاتن، وەك ماسك و پێوەری هەناسە و ئۆکسجین و تاد.

کۆمپانیای هواویش لە کاتژمێری زیرەکی watch3 دا تایبەتمەندییەکی گرنگی لێ زیاد کرد کە تایبەتە بە کۆرۆنا، ئەو تایبەتمەندییە ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە کە چ کاتێك دەستەکانی بشوات. کاتژمێرەکە بە سوود وەرگرتن لە هەستەوەری جوڵە پێو، ژیروسکۆپ و مایکرۆفون، دەتوانێ هەست بەوە بکات کە بەکارهێنەرەکەی چۆن دەستەکانی دەشوات و فێری دەکات کە بە چ جۆرێك بیان شوات، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش وازت لە شوشتنی دەست هێنا ئاگادارت دەکاتەوە.

جگە لەو تایبەتمەندییە، هەستەوەری جۆراوجۆری تێدایە وەك: لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسجینی ناو خوێن، چۆنییەتی خەو، گەرما جەستە و پێست و چاودێری بەسەر جوڵەو وەرزشی ڕۆژانەدا.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بە چ شێوازێك مۆبایل هاك دەکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز گەلێك شێواز هەن بۆ ئەوەی هاککەر و تێکدەری و دزەکەری ناو مۆبایل بتوانن دزە بکەنە ناو داتاکانی مۆبایلەکەت. یەکێك لە شێوازەکان دابەزاندنی ئەو پرۆگرام و گەیمانەیە کە سەرنجت ڕادەکێشن و کە دایدەبەزێنی دزە دەکەنە ناو داتاکانی مۆبایلەکەت.

هاك کردن لە ڕێگای کورتەپەیام کە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ، بۆیە پێویست ناکات ئەو کورتە پەیامانەی خاوەنەکانیان ناناسین نەیانکەینەوە. ڕێگایەکی دیکە ئەوەیە کە پرۆگرامی سیخوڕی بۆ سەر مۆبایل دەنێرن و کە بە پرۆگرامی Task Manager ناسراون. لە ڕێگای ژمارەی مۆبایلەیشەوە دەکرێت، ئەوەیان بە کەسانی زۆر شارەزا و پسپۆر ئەنجام دەدرێت.



## هێدستی واقیعی- مەجازی HTC

داهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ پێیان وایە لە داهاتوودا چاویلکەی زیرەك یا هێدست دەتوانن داهاتووی ئینتەرنێت بە جۆرێکی دیکە بگۆڕن. کۆمپانیای HTC کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی مۆبایل و زۆریش لەمێژە هیچ بەرهەمێکی نییە، لەم ماوەیەدا هێدستێکی تایبەتی بەرهەمهێناوە کە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ ئەگەر داهاتوو هی هێدست و چاویلکەی زیرەك نەبێ، ڕەنگە پانتاییەکی زۆر بگرن لە جیهانی تەکنەلۆژیادا.

هێدستی Vive Flow کێشی کەمە ١٨٩ گرامە. وەك چاویلکەیەکی زیرەك دەچێت.


بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی هێدستەکە: بڵندگۆی تایبەتی تێدایە، مایکێکی زۆر جیاوازیش کە دەتوانێت دەنگە زیادییەکان لابەرێت و سیستەمی بلۆتوسی هەیە ڕامەکەی ٤ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٦٤ گیگایە.

دوو شاشەی بەهێزی لەسەرە، کە پانکەی تایبەتی تێدایە و هەوای گەرمەکەی ناو دەم و چاوت ڕادەکێشێ و هەووای نوێ دەخاتە جێگای. هێدستەکە ڕیمۆت کۆنترۆڵی نییە، بەڵام دەکرێت لە ڕێگای وای-فای یا بلوتوسەوە مۆبایلی پێوە پەیوەند بدرێ.

# پرۆگرامێک بۆ تۆمارکردنی شاشە

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ئەوەی فیلمی فێرکاری بەهۆیەوە دروست بکرێ. پرۆگرامی AnyMP4 Screen Recorder یەکێکە لەو پرۆگرامانە. رەنگە لە ریزی باشترین پرۆگرامەکانیش بێت، چونکە خێرایە و بەکارهێنانی ئاسانە. ئەگەر نیازت هەبێ فیلمێکی ڤیدیۆیی لە حاڵەتی ستریم یا فایلێکی ڤیدیۆی بە کوالیتی بلۆ رەی تۆمار بکەی، یان نیازت بێ لە پەیوەندی سکایپ یا سیمیناری ئینتەرنێتی فیلم هەڵبگریەوە. دەتوانن سوود لەو پرۆرگرامە وەربگرن. پاش تۆمارکردنی فایلەکە بە فۆرماتی WMV یا MP4 تۆمار بکەی. تۆمارکردنی دەنگ و فایلی دەنگی بە ئاسانی بەو پرۆگرامە ئەنجام دەدرێ. نە تەنیا دەتوانی فایلی مۆسیقی لە سایتەکانی یۆتیۆب و هاوشێوەکانی تۆمار بکەی، بەڵکو دەتوانی پەیوەندییەکانی سکایپیش تۆمار بکەی.





## ماڵپەڕێک بۆ زانیاری گشتی

ئەوەی مەبەستت بێ لە زانیاری وەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ئینتەرنێتدا بەردەست دەکەوێ، بەڵام هەندێك ماڵپەڕ هەن تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی زانیاری گشتی. یەکێك لەو ماڵپەڕانە ماڵپەڕی https://www.factslides.com یە. ستایلی و شێوازی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەم ماڵپەڕەدا جیاوازە. لەم ماڵپەڕەدا نزیکەی دە هەزار راستی لە و زانیاری لە رستەی کورت و بە شێوەی سلاید دا نووسراوە. دەتوانی بە ئاسانی دەقی سلایدەکان کۆپی بکەی و بڵاوی بکەیەوە.

ماڵپەڕەکە زانیارییەکانی بەپێی بەشەکان ریزبەندی کردوون و بەکارهێنەر راستەوخۆ دەتوانێ زانیاری سەبارەت بەو بەشەی مەبەستیەتی بدۆزێتەوە.



## رۆبۆتی قاوەچی

هەمیشە مرۆ ئەو مەترسییەی هەبووە کە بڵێیت رۆژێك دابێت رۆبۆتەکان شوێنی مرۆڤ بگرنەوە و ئەرکەکانی ئەوان راپەڕێنن، ئێستا ئەو مەترسییە بەراستی جیدییە و رۆبۆتەکان هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانیان پڕ کردۆتەوە و ئەرکەکانیان وا ئاسان کردووە مرۆڤیان لە بونەوەرێکی جوڵەدار و بیرکەرەوە گۆڕیوە بۆ بوونەوەرێکی تەمبەڵ و بێ بیرکردنەوە..

رۆبۆتی قاوەچیش یەکێکە لەو رۆبۆتانە کە ئەرك و کارێکی گرنگ لە کۆفی و ریستۆرانتەکان دەبینێ. رۆبۆتی قاوەچی ZhiKa Master رۆبۆتێکە خاوەنی دوو باسکە و مێزێکی تایبەتە. رۆبۆتێکە تایبەتە بە دروستکردنی چای و قاوە، دەزانێت چۆن چا و قاوە دێم بکات و خۆشترین چا و قاوە ساز بکات. دەزانێت چەندە قاوە تێبکات و چەندە شەکر. یەکجار بەکارهێنەر پێی بڵێت کە چ جۆرە قاوە یا چایەك دەخواتەوە، بۆ هەمیشە لە یادگەیدا دەمێنێ و دواتر پێویست بە وەبیرهێنانەوە ناکاتەوە.





# ئاشنای ڕێنماییەکانی ماکیاژکردن به

بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان بەکارهێنانی ماکیاژی زۆر و بە ڕێژەیەکی نا تەندرووست زیانی بۆ پێستی روخسار هەیە، بەڵام ئەگەر بە ڕێنمایی و زانیارییەکانەوە هەنگاوەکانی ماکیاژکردن بنێت، ئەو کاتە زیانی هێندە نابێت، وەك: پێویستە بەر لە بەکارهێنانی هەر بۆیە و دەرمانێك، دەموچاوت بە جوانی بشۆیت، تا هیچ پاشماوەیەکی دیکەی لەسەر نەمابێت، شێدارکردن و نەرمکردن گرنگترین هەنگاوی سەرەتایی ماکیاژە، کاتێك ماکیاژ دەکەیت کرێمی شێدارکردن بەکاربهێنە. لادانی ماکیاژ: گرنگە بەر لە نووستن ماکیاژەکەت لابدەیت و دەموچاوت پاك بکەیتەوە، چونکە هەر ئەوەیە دەبێتە هۆی تێکدانی پێستی روخسارت. سیرۆم: بریتییە لە رۆنی روخسار کە بۆ چەورکردن و نەرمکردنی پێستی دەموچاوە، گرنگە بەر لە ماکیاژ کەمێك بەکار بهێنیت. کرێمی شەوانەی روخسار: تا پێستت لە هەموو پاشماوەی ماکیاژ و ڤایرۆس و بەکتیریایەك بە دوور بێت، کەرێمی شەوانە بەکار بهێنە. کرێمی رۆژانە: بە تایبەت کاتێك لەبەر خۆر دەبیت پێویستە کرێمی دژە هەتاو بەکار بهێنیت، بۆ پارێزگاری پێستت لە تیشکی خۆر، پێستی ژێر چاو هەستیار و ناسکە، پێویستە ماوە ماوە گرنگیی پێ بدەیت و کرێمی تەڕکردن و پارێزگاریکردنی لێی بدەیت تا پارێزراو بێت.

# مۆدی جلی وەرزشی لە شوێنی گشتیدا سەرنجڕاکێشە

زۆربەی جار خانمانی ناودار وەك گۆرانیبێژ و ئەکتەر و هونەرمەندەکان، بە ستایلێکی سادە و ناسکەوە خۆیان لە جلی وەرزشی دەدەن، کە بریتییە لە کالەیەکی بچووك و تیشێرتێك، یان بلووز و جینزێك، ئەو دەستە جلە دەبێتە مۆدێکی سەرنجڕاکێش، بەهۆی ئەوەی دەکرێت جلی وەرزشی لە شێوەی جلی ئاسایی لە شوێنی گشتیشدا لەبەر بکرێت، خانمان دەتوانن ئەو مۆدە لە دەستە جلەکانیان پەیڕەو بکەن، کە بریتیین لە: چاکێتی کورت لەگەڵ بلووز، یان بەدییەك، هەروەها لەگەڵ پانتۆڵێکی تەسك. مۆدێکی دیکەی جلی وەرزشی تیشێرتی کورت و پانتۆڵێکی کراوە و پێڵاوێکی سپیی وەك کالەی بچووك و رەنگ سپی، بلووزێکی مل تەسك و خوارەوە کراوە، پانتۆڵێکی جینزی تەسکی پێویستە، لەگەڵ چاوێلکە و پێڵاوێکی فلات، بە مەرجێك سپی نەبێت. دەستە جلێکی دیکەی وەرزشی بریتییە لە تیشێرتێکی سەر دەست نیوکراوە و یەخە تەسك، لە رەنگی سوور و بە کریستاڵ داپۆشراو بێت، هەروەها پانتۆڵێکی تەسك لە لۆکە و پەموو، کە نەرم بێت و جەستە بگرێت، لەگەڵ پشتێنێکی پان، مەرجە تێشێرتەکە یەخەی بازنیی بێت، لەگەڵ پێڵاوێکی نەرم لە چەرم لە رەنگی سپی، یان شین و رەش بێت.





# هەنگاوەکانی چۆنێتی پارێزگاریکردن لە نەرمونیانیی قژ

قژت هێمای جوانیتە، هەوڵ بدە هەمیشە قژێکی نەرمت هەبێت، چەند گرنگی بە پرچت بدەیت، زیاتر جوانتر و رازاوەتر دەبێت، بۆیە هەوڵ بدە هەمیشە پارێزگاری لە نەرمیی قژت بکەیت، هەندێك جار هەست دەکەیت بەدەست جوانکردنی پرچتەوە هیلاك و ماندوویت، کە چەندە خۆی پێوەی خەریك دەکەیت و گرنگیی پێ دەدەیت، کەچی رۆژ لە دوای رۆژ جوانیی سرووشتیی خۆی لە دەست دەدات،ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کە هەندێ نەریت و هۆکار هەن بەبێ ئەوەی ئاگاداریان بیت، جوانی و نەرمیی پرچت دەشێوێنن و تێکی دەدەن، وا باشترە بەر لەوەی هەموو قژت بشێوێت، بەم رێگایانە رێگری لەو هۆکارانە بکەیت: هەرگیز نەکەی پرچت شانە بکەیت کاتێك تەڕە و وشك نەووەتەوە، باشترە ئەگەر شانەشت کرد، شانەیەکی دەنك گەورە بەکار بهێنیت، تا گاریکەریی خراپی لەسەر قژت نەبێت. هەروەها ئامۆژگاری دەکرێیت لەوەی پرچت رانەکێشیت کاتێك تەڕ بێت. نابێت ئاوی زۆر گەرم بۆ شووشتنی پرچت بەکار بهێنێت، بەڵکو باشترە ئاوەکە شلەتێن بێت، ئەگەر توانیت با ئاوەکە سارد بێت باشترە، بۆ رێگری لە هەڵوەرین و رووتانەوەی. نابێت لە یەك کاتدا دوو جۆر شامپۆ بەکار بهێنیت، چونکە کارلێك دەکەن و جوانیی پرچت تێك دەدەن، نابێت دژە خۆر بۆ پرچت بەکار بهێنێت، هەندێ لە خانمان وا دەکەن تا پرچیان بپارێزن، بەڵام ئەوە گەورەترین هەڵەیە و قژ تووشی هیلاکی و هەڵوەرین دەکات.





# باخچە لە سەربانی ماڵ

جاران باخچەکان، لە حەوش و بەردەم ماڵەکاندا بوون، وەك بەشێکی سەرەکیی پێویست لە خانوودا، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری خانووەکان لەم سەردەمەدا، ئێستا باخچە لە سەربانی ماڵەکان دروست دەکەن، ئەو بیرۆکەیە لەلایەن ئەندازیارێکی وڵاتی ڤێتنام بە ناوی (فۆ ترۆنگ نەجیا) هاتە ئاراوە و، یەکەمین خانووی سەر باخچەی دروست کرد. بەهۆی نەبووی ڕووبەری پێویست بە خانووەکان لەم سەردەمەدا، کە زۆربەی ڕووبەری زەوی دەکرێتە بینا و باڵەخانە، ئەو ئەندازیارە گرنگیی هەبوونی باخچە لە ماڵدا بۆ ئەو بیرۆکەیە گەڕاندەوە کە




# ڕۆژی سینگڵان


نەریتێکی سەیر بە ناوی (چاپ گۆە میە) لە وڵاتی چین هەیە، بە کوردییەکی خۆمان واتە (ڕۆژی سینگڵەکان)، بۆ ئەو کەسانەیە کە سینگڵن و ژیانی هاوسەرییان پێك نەهێناوە، نەریتییەکە بریتییە لە کۆبوونەوەی ئەوانەی سینگڵن، لە هەردوو ڕەگەز، هەر یەکە چەند لالەنگی و پرتەقاڵێك دەهێنێت، ژمارەی خۆی لەسەر میوەکە دەنووسێت، دواتر میوەکە فڕێ دەداتە نێو ئاوێك، یان ڕووبارێکەوە، ئەر ئەو شوێنەش ڕووبای لێ نەبوو، دەچنە شوێنێك کە ڕووبار، یان دەریاچەی لێ بێت، دواتر ئەو پرتەقاڵ، یان لالەنگییەکە بۆ خۆی سەر ئاو دەکەوێت و کێ بیدۆزێتەوە پەیوەندی بەو ژمارەوە دەکات کە لەسەر میوەکە نووسراوە، دواتر یەکتر دەبینن، ئەگەر بەدڵی یەکتر بوون لەسەر خێر پرۆسەکە پێك دەهێنرێت، ئەگەریش سەر و شێوەی یەکتریان بە دڵ نەبوو، هەر یەکە لە ماڵی خۆی. کچێکی نێو ئەو نەریتیە بە ناوی (فینگ شوی) دەڵێت: نەریتێکی خۆش و بەجۆشە، چەندین کەپڵ و دوانە لەم ڕێگەیەوە بە یەك گەیشتوون.


ئەگەرچی لە بەشی خوارەوەی باڵەخانەکاندا شوێنی پێویست بۆ باخچە نییە، خۆ دەکرێ سەرەوەی خانووەکان بکرێنە باخچەیەکی جوان و گەورە، بیرۆکەیەکی نایابە و تائێستا سەرکەوتوو بووە، ئێستا لە وڵاتی فلیپین، مەرجی ڕووبەری خانووەکان نابێت لە (٧٧ مەتر تا ٢٧٧)دووجا زیاتر بێت، ئەو بیرۆکەیەش بۆ ئەو ڕووبەرە بچووکە سەرکەوتوو بووە.



# تەسبیح خشڵێکی کۆن بە دەستی پیاوان و ئافرەتانی کوردەوە







لە دێر زەمانەوە تەسبیح وەك خشڵێك بە دەست پیاوان و ئافرەتانی کوردەوە بووە، کە بۆ جوانی و وەك کەرەستەیەکیش بۆ زیکرکردن پێویستە، لە هەموو شارەکانی کوردستان بازاڕی تەسبیحفرۆشان هەن، ڕۆژانە بە هەزاران تەسبیح دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت. بەختیار زرار کە هەمیشە تەسبیحی بە دەستەوەیە و کاری کڕین و فرۆشتنی تەسبیح دەکات، دەڵێت: جۆرەکانی تەسبیح زۆرن، هەر یەکە ڕەنگ و شێوە و لە ماددەیەك دروست کراون، کە لەنێوان ٤٠٠ بۆ ٤٥٠ جۆر دەبێت، بەڵام ئەوانەی باون و ناودارن، بریتیین لە: شووشە و بەرد و قەزوان و کریستاڵ و داردار و سەدەف، بەڵام ئەوەی زۆرترین خواستی لەسەرە، تەسبیحی قەزوانە، ئەویش چەند جۆرێکی هەن، لەوانە: ئەبڵەق، سادە، بە نەخش و قەزوانی لاسوورە و قەزوانی چامە، نرخی تەسبیحەکان لە دوو هەزار دینارەوە دەست پێ دەکات، کە هەرزانترینن و لە پلاستیك دروست کراون، تا دەگاتە ٥٥٠ هەزار دینار، جەماوەری تەسبیحی قەزوان زیاتر لە چینی گەنجانن، ئەوانەی حەز دەکەن شتێکی گرانبەهایان لە دەست بێت، تەسبیحی بیانییش لە بازاڕەکانی کوردستان هەن، وەك تەسبیحی سەندەلووسی ئەڵمانی و ئێرانی، کە ئەوانە گرانترین تەسبیحن، هەندێکیان نرخیان دەگاتە هەزار دۆلار (١٠) وەرەقە. جاران تەسبیح لە دەستی ئافرەتانیش هەبوون، (سەعدیەخان) کە ئافرەتێکی ماڵەوەیە دەڵێ: جاران تەسبیح لە دەستی ئافرەتانیشدا هەبوون، زیاتر وەك خشڵێکی جوانکاری لە دەست و مەچەك و گەردن دەکرا، کە هەندێکیان هێندە گرانبەها بوون، ئافرەتانی دیکە بە سەرنجەوە لێی ڕادەمان و سەیریان دەکرد، کە هاوشێوەی ملوانکەکان جوان و پڕ بایەخ بوون.





## كاریكاتێر

كاریكاتێرێكی سەردەمە، باس لەو كەسانە دەكات كە گوێ بە كەس نادەن لەو كاتەی كەسانێكی زۆر پێویستیان پێی هەیە، وا خۆیان دەردەخەن كە گوێیان لە هیچ نییە.

## نـــوكتــه

دوو كەسی كاڵفام قسە دەكەن، یەكێكیان بەوەی دیكە دەڵێت: لە كوێ لە دایك بوویت؟
ئەویش دیكە دەڵێت: لە نەخۆشخانە!
ئەوەی دیكەش دەڵێ: بۆ دیارە نەخۆش بووی وا لە نەخۆشخانە بوویت؟!

## یاسا

# گەواهیدان (شایەت)ی بە درۆ



سەرەڕای ئەوەی شاهید سوێند دەدرێت لەسەر ئەوەی بینیویەتی، یان دەیزانێت، بەڵام هێشتا هەندێ كەس هەیە بە درۆ سوێند دەخوات و شاهیدییەك دەدات كە نكوڵی لە راستییەك دەكات و، شاهێدی لەسەر شتێك دەدات كە پوچەڵە و راست نییە، ئەگەر زانرا ئەم كەسە كاتێك سوێند دەخوات، واتە بە ئەنقەست بیەوێ دادگا بە هەڵەدا ببات و چەواشەیان بكات، لەكاتێكدا ئەم شاهیدییە لە بەردەم دادگایەكی تایبەتمەند، یان دەسەڵاتێكی دادوەریدا دەدرێت، ئەوە سزای كەسێك كە شاهیدی بە درۆ دەدات، لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ لە مادە (٢٥٢) دا هاتووە، ئەگەر بەهۆی ئەو شاهیدەوە تۆمەتبار حوكم بدرێ ئەو كاتە شاهیدەكە سزادەدرێت بەو سزایەی دانراوە بۆ ئەو تاوانەی كە تۆمەتباری پێ ئیدانە كراوە، واتە سزا دەدرێ بە حەپس یان غەرامە بەپێی زروفی لێكۆڵینەوە و داواكە و، بڕەكە دیاری دەكرێت.

## فیلم

# In for a Murder - لە ناخی بكوژەوە



فیلمێكی تاوانكاریی كۆمێدییە، لە ساڵی ٢٠٢١ بەرهەم هاتووە، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٤٥ خولەكە، باس لە ئافرەتێك دەكات كە چیرۆكی تاوانكاری دەخوێنێتەوە دەربارەی شارێكی بچووك، چەندین تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێت و، لێكۆڵەرەوەكان لە دوای ئاشكراكردنی ئافرەتێكی كوژراوەوەن. فیلمەكە لە وڵاتی پۆڵەندا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی پیۆتەر مولارۆك، لە نووسینی ئەدام بیچێرسكی، نواندنی (ئانا سمۆلۆویك و سزیمۆن بۆبرۆسكی، جەیسیك كناب و پریزیمیسی ستیپا)یە.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێك خاڵی لاوازت هەیە كە بەردەوام دەیانشاریتەوە، واباشترە كار لەسەر ئەو خاڵانە بكەیت و رێگە نەدەیت چیتر كەسانی دیكە خاڵی لاوازت بن، گرنگی بە خۆشەویستەكەت بدە و، لەكاتی خۆشی و ناخۆشییەكانیدا پشتگیریی بكە، گرنگیدانی زیاتر بە كەسانی دەوروبەرت كاریگەریی ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانت دروست دەكات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێك زانیاریت پێ دەگات لە شوێنێكی دوورەوە، وات لێ دەكات بیرۆكەی نوێت بۆ بێت، كە پێشتر هەرگیز بیرت لێ نەكردووەتەوە، ئەگەر بیرۆكەكانت لەگەڵ كەسانی دیكە باس بكەیت و گفتوگۆی لەربارەوە بكەن، ئەنجامێكی باش بەدەست دەهێنیت، لەلایەنی تەندروستییەوە خۆتت فەرامۆش كردووە، پێویستە زیاتر گرنگی بە تەندروستیت بدەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەم زووانە هەندێك هەواڵی خۆش توشی شۆكت دەكات، كە زۆر گرنگن و كاریگەرن و پێشتر بیرت لێ نەكردونەتەوە، كاریگەریی تەواوی لەسەر بارودۆخی خێزانەكەت دەبێت، رەنگە كەمێك هەست بە نیگەرانی بكەیت، بەڵام بارودۆخەكە جیاوازە و پێویست بە نیگەرانی ناكات، هەوڵبدە پاڵپشتی ئەندامەكانی خێزانەكەت بكەیت و لە پشتیان بوەستە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

زانیاریی زۆرت لایە و ئارەزوو دەكەیت بە كەسانی چواردەورتی بگەیەنیت، بەڵام پێویستە بەدوای دەرفەتی گونجاودا بگەڕێیت، هەموو كاتێت بۆ دركانجنی بابەتە هەستیارەكان لەبار نییە، هەمو بیرۆكەكانت لەیەك سەرچاوەوە بۆ دێت، هەوڵبدە بیرۆكەی نوێ بەدەست بهێنیت و بیر لە ئەنجامدانی پرۆژەی جیاواز بكەرەوە، لە شكست مەترسە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ رۆژێكی باش دەبێت ئەگەر بۆ چەند كاتژمێرێك بە تەنیا بمێنیتەوە و بیر لە هیچ شتێك نەكەیتەوە، بۆ ئەوەی پشوو بە دەرونت بدەیت، ژیانت بەردەوام بە یەك شێوازە و هیچ گۆڕانكارییەك لە ژیانتدا نییە، بۆ ئەوەی لەم چەقبەستوویییە رزگارت ببێت، بیر لە ئەنجامدانی چەند چالاكییەكی جیاواز بكەرەوە، چاوكراوە بە و لە هەنگاوی نوێ مەترسە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بۆ ئەمڕۆ لەپێناو تەندروستیتدا بیر لە ئەنجامدانی هەندێك وەرزش بكەرەوە و كاتێكی گونجاوی بۆ تەرخان بكە، كاركردنی زۆر و بێ وچان كاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستی و دەرونت دەبێت، كەسانێكی دڵسۆز لێتەوە نزیكن و دەتوانیت متمانەی ئەوەیان پێ بكەیت كە كێشە تایبەتییەكانت بۆ چارەسەر بكەن، هەوڵ بدە لەگەڵ كەسە نزیكەكانت راوێژ بكەیت.



## ئەڵقە و ئەنگوستیلە لە دار

ئەڵقە و ئەنگوستیلە زیاتر لە کانزاکان دروست دەکرێن، بەڵام ئەگەر دانەیەك لەم جۆرە ئەڵقە و ئەنگوستیلانەت لە پەنجە بێت، ئیدی ناتوانیت چاوت لەسەر جوانی و ناسکیی دیمەنی نێو بەشی سەرەوەی هەڵبگریت، چونکە چەندین نەخش و دیزاین و دیمەنی سەرنجڕاکێشی بۆ کراوە، وا هەست دەکەیت کە شاکارێکی هونەرییە، ئەوەی کە دەیبینن کارە ناوازەکانی کەسێکی کەنەدییە بە ناوی (فلاین ماتیۆ)، ئەوەی سەیرە ئەو ئێکسسوارانە لە ئاسن و ماددەی ڕەق نییە، بەڵکو لە داری ڕەسەن دروست کراوە، کە بە (Secret Wood) ناسراوە، بە جوانترین ئێکسسواری داربەند دادەنرێت.



## پەند و وتە

هیلین ئەدامز کیلەر، نووسەری ئەمریکی و چالاکوانی سیاسی و وانەبێژ، لە ساڵی ١٨٨٠ لە ویلایەتی ئەلاباما لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئیستۆن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی مرۆڤی دڵ و هەست باش دەڵێ: بوونی مرۆڤە دڵ باشەکان لە ژیاندا، ژیانیان خۆش کردووە، ئەگینا ژیان هێندە ناخۆش و بێزار دەبێت کە بەرگەی ناگیردرێت.



## یاری وێنە

لەم وێنەدا جووتێك پێڵاو دیارە، سێبەری کەسێکیش وادەردەکەوێ کە لەسەر پێڵاوەکەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا، ڕاست و دروستی و فێڵکاریی وێنەگرتنەکە ببینیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵدانی زیاتر لەلایەنی پیشەییەوە بەرەو ئاستێکی بەرزترت دەبات، ئەم چەند ڕۆژە بەهۆی سەرقاڵیتەوە بەردەوام بینینی خۆشەویستەکەت ڕەت دەکەیتەوە، بەڵام باشترە بیر لە بەستنی ژوانێك بکەنەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی سۆزداریتان بەرەوپێش بچێت، دوربکەوەرەوە لە بیرکردنەوەی نەرێنی دەربارەی کەسانی دیکە و هەوڵبدە زیاتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەن کەسێکی نزیکەوە کە دەمێکە بیری دەکەیت، پەیوەندییەکی تەلەفونیت بۆ دێت، ئەگەر دەیەوێت دووبارە بەهەمان شێوەی ڕابردوو پەیوەندییەکانتان بەهێز ببێتەوە و کێشەکانتان چارەسەر بکەن، خۆت نیگەران مەکە دەربارەی ئەو پەستانە زۆرەی لەلایەنی پشەییەوە لەسەر شانتە، ئەم بارودۆخە کاتییە و تێدەپەڕێت، تەنیا بە وریاییەوە کارەکانت ئەنجام بدە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەهۆی پیشەکەتەوە چانسی ئەوەت دەبێت کە زانیارییەکی زۆر کۆبکەیتەوە و ئاستی تێگەیشتنت بەرەو پێش بەریت، کەسانێکی زۆر دەیانەوێت پەیوەندیت پێوە بکەن و لێت نزیکت ببنەوە، وریابە لەوەی کێ هەڵدەبژێریت و کێ لە نزیك خۆتەوە دەهێڵیتەوە، چونکە هەمووکەسێك دڵسۆز نییە و، کەس وەك خۆت بەرژەوەندییەکانت ناپارێزێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

چانسی ئەوەت دەبێت ئەو کەسە ببینیت کەماوەیەکی زۆرە لەیەکتر دورکەوتونەتەوە، هەوڵبدە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت لەڕێگەی دەستکردن بە کار و ئەزموونێکی نوێوە فراوان بکەیت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەرونت دەبێت، ئەمڕۆ دووربکەوەرەوە لە زۆر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و، لەپێناو دەروونێکی ئارامدا پشوو وەربگرە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


وا پێویست دەکات بەدوای هەلی نوێدا بگەڕێیت، بۆ ئەوەی توانا و بەهرەکانتی تێدا دەربخەیت، ڕەنگە بە پەیوەندییەکی تەلەفونی لەگەڵ هاوڕێیەکتدا کە بۆماوەیەکی زۆرە لەیەکتر دورکەوتونەتەوە، بیرۆکە و پرۆژەی نوێت بەمێشکدا بێت، باشترە بیر لە دەستکەوتی کەسانی دیکە نەکەیتەوە و هەوڵبدە بەتواناکانی خۆت دەستکەوت بۆخۆت پەیدا بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بکە و خۆت دوورمەخەرەوە لە کەسانی چواردەورت، گەیشتن بەئامانج پێویستی بەهەوڵدانی زیاتر هەیە، ئەم چەند ڕۆژە زیاتر سەرنجت لەسەر ئەرکەکانت بێت و، لەلایەنی پیشەییەوە کارەکەت دوا مەخە و باشتر هەوڵ بدە، لەپێناو بەرەوپێشچوون و دەستکەوتی نوێدا، ئەوە ئەنجام بدە کە پێویستە بیکەیت.


# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری
# (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly Gulan November 8, 2021 Issue,No.1292


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626